دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵی‌دا

# کوردستان

ژمارە: ٤٤٠

پێنج شەمە ١٥ی پووشپەڕی ١٣٨٥

٦ی ژوئیەی ٢٠٠٦

١٥٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران


## ڕێپێوانی لاوانی دێموکرات لە ڤییەن

## لە هەڤدەهەمین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور قاسملووی نەمردا

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەدەرەوەی وڵات، بە مەبەستی سەرلەنوێ مەحکوومکردنەوەی بکوژانی ڕێبەری گەورەی کورد، دوکتور قاسملوو و بە دەستپێشخەریی کومیتەی لاوانی سوئێد، ڕۆژی ٢٠٠٦/٧/١٣ی زایینی، لە بەردەم کۆشکی سەرۆک وەزیران لە وڵاتی ئوتریش، ڕێپێوانێك بەڕێوە دەبا.

ئەم ڕێکخراوەی لاوان، لە بانگەوازێك دا داوای لە هەموو ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکان‌و سەرجەم ئازادیخوازان‌و نیشتمانپەروەران کردوە بە ئامانجی وەگەڕخستنی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو کە حکوومەتی ئەو وڵاتە لەبەر بەرژەوەندە ئابووری‌یەکانی ئەم پەروەندەیەی داخستوە، لەم ڕێپێوانەدا، بەشدار بن.

سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان:

# خەڵکی جیهان دەبێ شێلگیرانە بە دژی ئەشکەنجە خەبات بکەن


وتووێژی ڕۆژنامەی لیبراسییۆن لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزب ٢
هەواڵەکانی کوردستان ٣
قاسملوو، بیرمەندێکی شۆڕشگێڕو ئاشتیخواز ٤
بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت تاوانێکی گەورەیە بە تەوێڵی دوژمنانی نەتەوەکەمانەوە ٥
ئەنفالی سپی لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی ئاخوندیدا ٨
بەشداریی نوێنەرانی حیزب لە کۆنفرانسێك لە سەر ئێران، لە پارلمانی ئوروپا ٩
پێویستی پێکهاتنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ ١٠


## چاوپێکەوتنی سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ بەرپرسانی پارلمانی ئورووپا

ڕۆژی دووشەممە، ٢٠٠٦/٦/٢٦ - ١٣٨٥/٤/٥، بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب لە پارلمانی ئورووپا لە برۆکسێل بەجیا چاوی کەوت بە سەرۆکی شاندی پارلمانتێرانی پارلمانی ئورووپاو جێگری سەرۆکی پارلمانی ئورووپا.

لە چاوپێکەوتنەکان دا لایەنەکان لەسەر پرسە ناوچەیی‌یەکان، ڕەوشی ئێران، قەیرانی ناوکیی ئێران، سەرکوتی نەتەوە ژێردەستەکان‌و پێشێل کردنی بەردەوامی مافەکانی مرۆڤو ئازادییە دێموکراتیکەکان لە ئێران دا ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

لەم چاوپێکەوتنانەدا بەڕێز کاك مستەفا هیجری هەروەها بە تێروتەسەلی لە سەر پرسی نەتەوەیی، دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ و ئامانجەکانی بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیك‌و فیدراڵ لە ئێران دا، خەباتی خەڵکی کوردستان‌و هەڵوێستەکان‌و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دواو، لەسەر ئەوەش پێی داگرت کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی سەرنەکەوتووی ١٥ ساڵ دیالۆگو وتووێژی ئورووپا لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا، کاتی ئەوە هاتوە کە ئەم یەکیەتییە لە باتی بیرکردنەوە لە دیالۆگی نوێ، بە پشتیوانی‌کردنی لە ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتیك‌و نەتەوە چەوساوەکانی ئێران، بۆ هێنانە سەرکاری سیستمێکی دێموکراتیك‌و فیدراڵ هەنگاو بنێ‌و، لەم ڕێگەیەوە خەڵکی ئێران و گەلانی ناوچەو هەروەها ئاشتیی جیهانی لە نەگبەتی ئەم ڕێژیمە سەرەڕۆو قەیران خولقێن‌و دژی ئاشتییە ڕزگار بکا.



جێی باسە لەم چاوپێکەوتنانەدا هاوڕێیان کاك خوسرەو عەبدوڵلایی‌و کاك میرۆ عەلیار، لە بەرپرسانی پێوەندییەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات بەشدار بوون.

## ئێعدامی بەندکراوێکی کورد لە ورمێ

ورمێ: بەندکراوێکی سەردەشتی بەناوی "سەلاح مەحموودی گویلانی" پاش دە ساڵ زیندان، ڕۆژی شەممە، ٣ی پووشپەڕ لە بەندیخانەی ورمێ‌دا ئێعدام کرا.

سەلاح مەحموودی گویلانی لەگەڵ "عەزیز خەلەکانی"و "مەسعوود شووکە" ساڵی ١٣٧٥ بە تۆمەتی بەشداری لە کوشتنی مەئموورێکی ئاسایش لە شاری سەردەشت دا گیران‌و بە ئێعدام مەحکووم کران. عەزیز خەلەکانی لە ٢٧ی سەرماوەزو مەسعوود شووکە لە ١٣ی بەفرانباری ساڵی ڕابردوو پاش تێپەڕکردنی ٩ ساڵ‌و نیو زیندان، ئێعدام کران.

## با بۆ کۆتایی هێنان بە ئەشکەنجە تێ‌بکۆشین

خەڵکی جیهان دەبێ بڕیاری خۆیان لە بارەی بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕەفتاری نائینسانی، تێکەڵ بەسووکایەتی‌و توندوتیژی‌یەوە، بە شێلگیریەوە بدەن. سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە پەیامێك دا بە بۆنەی ٢٦ی ژوئەن(٥ی‌پووشپەڕ)، ڕوژی نێونەتەوەیی پشتیوانی لە قوربانی‌یەکانی ئەشکەنجەوە گوتی: ڕۆژی نێونەتەوەیی پشتیوانی لە قوربانیانی ئەشکەنجە سەرنجی هەمووانی بۆ لای دەردو ئازاری قوربانییانی ئەشکەنجە، بنەماڵەکان‌و کۆمەڵەکانی ئەوان ڕادەکێشێ‌و، دەرفەتێك بۆ ئێمە بە مەبەستی نوێکردنەوەی دەروەستبوونی بە کۆمەڵ لە ئاست مەحکوومکردنی ئەشکەنجەوهەموو سزا نائینسانی، تێکەڵ بە سووکایەتی‌و توندوتیژەکان دەخولقێنێ.

کوفی‌عەنان گوتی: قەدەغە بوونی ئەشکەنجە بە باشی جێگیربووە، هیچ مەرج‌و شتێکی شاراوەی تێدانیەو، بۆ هەمووان ڕوونە. [ ئەم بنەمایە ] بۆ هەموو ڕەوتەکان‌و سەردەمەکانی شەڕو ئاشتی ئیعتیباری هەیە. ئەشکەنجە، شتێك نیە بکرێ لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا بەڕێوە بچێ: تەمبێی توندووتیژو نائاسایی قبووڵ ناکرێ‌و ناقانوونی‌یە، جا با هەر ناوێکی لەسەر دابنێین. هەرلەم کاتەش دا [دەبێ بزانین] کێشەی ئەشکەنجە لە زۆر کۆمەڵ دا هەیەو، تەنانەت بە هۆی دەوڵەتان‌و مەئموورانی ئەوانەوە بەڕێوە دەچێ‌و چاوپۆشی لێ‌دەکرێ.

دەبێ هەموومان هەوڵ بدەین ئەم پەڵە دزێوە لە ویژدانی مرۆڤایەتی بسڕینەوە. ئیمە دەبێ دژی ئەم جۆرە کردەوانە بە دەنگی بەرز قسە بکەین‌و، هەوڵەکانی خۆمان بۆ کۆتایهێنانی ئەشکەنجە نوێ بکەینەوە. من پێشوازی لە بەڕێوەچوونی پرۆتۆکۆلی دڵخوازانەی پێوەندیدار بە کۆنوانیسۆنی دژ بەئەشکەنجەو سزاو ڕەفتارە توندوتیژو نائینسانی‌یەکانی دیکە، دەکەم. ئەم پرۆتۆکۆلە دەتوانێ بە پێکهێنانی سیستەمی سەردان‌و چاوەدێری نەتەوەیی‌و نێونەتەوەیی بۆ گرتووخانەکان، یارمەتیی پێشگیری لە بەدرەفتاری هەمبەر بەگیراوەکان بکا. من داوا لە هەموو وڵاتان دەکەم ئەگەر ئەم کۆنوانسیۆنەو پرۆتۆکۆلە دڵخوازەکەی پێوەندیدار بەویان پەسەند نەکردوە، پەسەندی بکەن‌و ڕێگا بدەن قوربانی‌یەکان، سکاڵای خۆیان بە کەڵك وەرگرتن لەم ئامرازە دەربڕن.

ئەمساڵ بەرانبەرە لەگەڵ بیست‌و پێنجەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی سندووقی دڵخوازانەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قوربانیانی ئەشکەنجە. ئەم سندووقە، گەورەترین سندووقی مرۆڤدۆستانەی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە یارمەتی‌یەکی حەیاتی دەدا بەو ڕێکخراوانەی هاوکاریی قوربانیانی ئەشکەنجەو بنەماڵەکانیان دەکەن. من سوپاسی ئەوانە دەکەم کە یارمەتیی ئەو سندووقەیان داوەو، کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی هان دەدەم تا بە سەخاوەتەوە یارمەتیی ئەم سندووقە بکەن. هەروەها پشتیوانی لە ڕێکخراوە نادەوڵەتی‌یەکانی سەرانسەری جیهان بە مەبەستی بوژاندنەوەی قوربانیانی ئەشکەنجەو بنەماڵەکانیان دەکەم. لەم ڕۆژە نێونەتەوەیی‌یەی تایبەت بە پشتیوانی لە قوربانیانی ئەشکەنجەدا، ڕێگام بدەن پێ‌لەسەر مافەکان‌و ڕێزی بێ‌ئەملاوئەولای هەموو پیاوان‌و ژنان دا بگرمەوە. با لەم ڕۆژەدا، بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕەفتاری نائینسانیی تێکەڵ بە سووکایەتی و توندوتیژی لە هەر جێگایەکی ئەم دنیایە، بڕیاری شێلگیرانە بدەین.

مالپەڕی: ایران امروز

وەزیری ئیتلاعاتی ڕێژیم:

## ڕامین جەهانبەگلوو دەیویست بە یارمەتیی ئامریکا شۆڕشی مەخمەڵی هەڵگیرسێنێ

غولامحوسێن موحسێنیی ئێژەیی، وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵنێران لەسەر ڕەوشی ڕامین جەهانبەگلوو عەلی ئەکبەر مووسەویی خوئینی کە هەردووکیان لە دەستبەسەرگەی وەزارەتی ئیتلاعات دان، گوتی: ڕامین جەهانبەگلوو دەیویست بە یارمەتیی ئامریکا شۆڕشی نەرم‌و مەخمەڵی هەڵگیرسێنێ کە مەبەست لێی سەرپێچی مەدەنی‌و هاتنی تەواوی خەڵك بۆ سەر شەقامەکان‌و ناچارکردنی حکوومەت بۆ قبووڵکردنی داخوازییەکانی ئازادیخوازانی کۆمەڵگایە.

ناوبراو هەروەها گوتی وەزارەتی ئیتلاعات خەریکی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوەیە کە جەهانبەگلوو چ ڕادەیەك زانیاریی گوێزاوەتەوە. ئەو کردەوەی مووسەویی خوئینیی لە ڕۆژی ٢٢ی جۆزەردان دا بە نایاسایی‌و لە ڕێڕەوی ئامانجەکانی دوژمن دا ناودێر کرد.

سەرچاوە: ڕادیۆ فەردا

## داوای کوردەکانی سووریە لە کۆنگرەی ئامریکا بۆ دەرکردنی یاسای ڕزگارکردنی سووریە

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لە سووریە لە کاتی چاوپێکەوتنی فەرمی لەگەڵ ئەندامانی کۆنگرەو وەزارەتی دەرەوەی ئامریکادا داوای لێیان کرد، یاسای ڕزگارکردنی سووریە لە چەشنی ئەو یاسایەی کە ئیدارەی ئامریکا چەند ساڵ لەمەوپێش بۆ ڕزگارکردنی عێراق دەری‌کرد، دەربکەن.

دوکتور شێرکۆ عەبباس، سەرۆکی ئەنجومەنەکە ڕایگەیاند کە کاتی ئەوە هاتوە ئامریکا بڕیاری ڕزگارکرنی سووریە دەربکاو ئەم کارەش دەبێ لە ڕێگەیەکی ئاشتیخوازانەوە بکرێ نەك وەك ئەو ڕێگەیەی کە عێراقی پێ ئازادکرا. هەروەها ناوبراو ئاماژەی بەوە کرد لە چاوپێکەوتنەکەدا باسیان لە دانی یارمەتیی دارایی لەلایەن ئامریکاوە بە بزووتنەوەی کورد لە سووریە کردووە بڕی ئەو یارمەتییەش کۆنگرە لە بوودجەی ساڵی داهاتوودا دیاری‌دەکا.

لەلایەکی دیکەوە خالید حەقی، ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لە سووریە، ڕایگەیاند کە بەرپرسە ئامریکاییەکان جەختیان لەسەر پێویستیی پێکهێنانی ئێئتلافێکی بەرین کردۆتەوە کە گشت لایەنەکانی گەلی سووریە لەخۆبگرێ. ناوبراو هەروەها ڕایگەیاندکە لە هەوڵە جیدییەکانی ئامریکا گەیشتوون بۆ بە دێموکراسی کردنی سووریەو ئەوەشی بە دوور نەزانی کە ئامریکا لە پاییزی داهاتوودا یاسای ڕزگارکردنی سووریە دەربکا.

پەیامنێر

## بە تاوانی ئەنفالکردنی کوردەکان

## سەدام‌و دارودەستەکەی لە کۆتایی مانگی ئاب دا دادگایی دەکرێن

بەپێی هەواڵی ماڵپەڕی پەیامنێر، دادگای تاوانی عێراق ڕایگەیاند کە لە ٢١ی مانگی ئابی داهاتوودا دادگایی کردنی بەرپرسانی ڕێژیمی بەعس بە تاوانی ئەنفالکردنی کوردەکان‌و بەکارهێنانی گازی شیمیایی دەست پێ‌دەکا. خاتوو عەدالەت عومەر، شارەزا لە پرسی ئەنفالکردنی کوردەکان دا ڕایگەیاندوە کە ٨٥٠٠ لاپەڕە لە ٤٣ دۆسیەی تایبەت بە تاوانەکانی ژینۆساید ئامادە کراون‌و ٢٠٠ کەسیش ناویان تۆمارکردوە بۆ ئەوەی لە دادگا شایەتی لە دژی سەدام‌و دارودەستەکەی بدەن.

هەر لەمبارەیەوە ڕائید جوحی، قسەکەر بەناوی دادگاوە گوتی: لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بەو کێشەیە کە بە ئەنفال ناسراوە، تەواو بوونەو کێشەکە ئێستا بۆ لێکۆڵینەوەو لێوردبوونەوە لە نێوان داواکاری گشتی‌و دادگای تاوان دایە.

ئەو کەسانەی کە لەم دۆسیەدا تاونبار کراون بریتین لە: سەدام حوسێن، سەرۆکی لەسەرکارلابراوی ڕێژیمی بەعس - تاهیر تەوفیق عانی، ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبی بەعس - حوسێن ڕزێم محەممەد، ڕاوێژکاری سەربازیی سەدام حوسێن - بارزان تکریتی، زڕبرای سەدام - عەلی حەسەن مەجید، ئامۆزای سەدام‌و سەرۆکی دەزگای هەواڵگری‌و حەسەن تکریتی، سەرکردەی هێزە ئاسمانییەکانی عێراق.



## ئاژانسی خەبەریی AFP: دادگای مافەکانی مرۆڤی ئورووپا، دەوڵەتی تورکیەی مەحکوم کرد

بە پێی ئەم هەواڵە ڕۆژی سێ شەممە، ٢٠٠٦/٦/٢٧، دادگای مافەکانی مرۆڤی ئورووپا هەڵسوکەوتی دەوڵەتی تورکیەی لە دژی چوارکەس لە گیراوان کە مانیان لە خواردن گرتبوو، بە هەڵسوکەوتێکی نامرۆڤانە ناساند.

پاش ئەم هەواڵە دوو کەس لە چوار کەسی ئاماژە پێکراو گیانیان لە دەست داوە. ئەم کەسانە مانگی سپتامبێری ٢٠٠٠ بۆ دەربڕینی نارەزایەتیی خۆیان لە دژی یاسای نوێی بەندیخانەکان لە تورکیە مانیان گرت کە لەلایەن نیگابانەکانەوە بە بیانووی پێش گرتن لە هەڵاتنیان بە تەختی بەندیخانەوە دەبەسرێنەوە. بە پێی حوکمێك، دادگای مافەکانی مرۆڤی ئورووپا ڕایگەیاند کە بەلە بەرچاوگرتنی ڕەوشی گیراوەکان، وەها کردەوەیەك لە لایەن دەوڵەتی تورکیەوە دژی ئەسڵی سێی کۆنوانسیۆنی مافەکانی مرۆڤی ئورووپایە کە هەڵسوکەوتە دژی مرۆڤانییەکان مەحکووم دەکا، دێتە ئەژمار.

# هەڤپەیڤینی ڕێزدار کاک مستەفا هێجری سکرتێری گشتیی حیزب

## دەگەڵ مارك سمو(marc smeo) هەواڵنێری ڕۆژنامەی Libération.fr

**ئەم وتووێژە لەژمارەی ٧٨١٤ی ڕۆژی هەینی ٢٣ی ژوئەنی ٢٠٠٦ لەو ڕۆژنامە بەناوبانگەدا بڵاو كراوەتەوە**

بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە لە پێناوی ئێرانێکی فیدراڵ و دوور لە دەسەڵاتی مەزهەبی خەبات دەکا، دەڵێ: دێموکراسی لە ڕێگەی نیزامیەوە هیچکات ناچەسپێ‌و سەقامگیر نابێ.

دوو سکرتێری پێش ناوبراو واتە دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو و دوکتور سەعید شەرەفکندی کە یەکیان لە ساڵی ١٩٨٩و دووهەمیشیان لە ساڵی ١٩٩٢ی زایینی لە ڤیەن پێتەختی وڵاتی ئوتریش‌و بەرلین پێتەختی وڵاتی ئاڵمان بەدەستی دەزگا ئیتلاعاتییەکانی ئێران کوژران. ئاغای مستەفا هێجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەو حیزبەی لەدەرەوەی وڵات (ایران) ڕێبەرایەتی دەکا.

ئەو حیزبە، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە پێشینەترین و بە پرستیژترین حیزبی کوردییە لە کوردستانی ئێراندا. سەرەرای سەرکوت و ململانیی نێوان کوردان و(کە ١٠٪ی حەشیمەتی ئێران پێك دێنن) هێزگەلی رادیکاڵی وەك کۆمەڵە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکێك لە کوڵەکەکانی ئۆپۆزیسیۆنێکی دێموکراتیکە.

ئەو دوو حیزبە(حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە) دەگەڵ حیزبەکانی: ئازەری، بەلووچ، عەرەب‌و تورکمەن لە کونگرەیەکدا کە، کەمینە نەتەوەیی‌یەکانی ئەو وڵاتە بە حەشیمەتی نزیک بە ٦٥٪ی تەواوی حەشیمەتی ئێران، دەخۆدەگرێ بەشدارن‌و، بۆ ئێرانێکی فیدراڵی و دێموکراتیك بە دوور لە دەسەڵاتی مەزهەبی خەبات دەکەن.

چەند مانگێکە شەڕو پێکدادانی نیزامی و، مانگرتنی هێمنانەو دوور لە توندوتیژی لە سووچ و قوژبنی ئێراندا، لە باکووری ڕۆژئاوا(کورد و ئازەرییەکان)، باشووری ڕۆژئاوا(عەرەبەکان)یان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێراندا(بەلووچەکان) رووی لە زیاد بوون کردوە، ئەوە لە کاتێك دایە کە حکوومەتی تاران، ئەمریکا بە هەڵگیرسێنەری شەڕو ئاژاوە لە نێو نەتەوەکانی ئێران تاوانبار دەکا.

بەڕێز مستەفا هێجری دەڵێ: نەتەوەکانی ئێران چیدیکە ئەو وەزعییەتە قبووڵ ناکەن‌و خوازیاری بە فەرمی ناسینی مافی دێموکراتیك و یەکسانن. ئەمەش، واتە بە ڕەسمی ناسینی مافی دێموکراتیکی نەتەوەکان و، دابەشکردنی مافی یەکسان لە نێویاندا، بە سەرنجدان بەوەی کە سەدەگەلێکی زۆرە بە یەکەوە دەژین، دەبێتە هۆی یەکپارچەی خاکی وڵات. لە کاتێکدا ئەگەر بارودۆخی ئێستا هەروا درێژەی هەبێ، دەبێتە هۆی هاندانی بۆچوونی جوداییخوازی. ویست و لایەنگری بۆ گۆڕینی ڕێژیم لەنێو وڵاتانی دەرەوەش، کە لە شکستی ڕێفورمخوازان نائومید بوون مەسەلەی گۆڕینی ڕێژیم ڕۆژبەرۆژ لە حاڵی پەرەسەندن و چوونە سەردایە. لە لایەکی دیکەوە، بە سەرنجدان بە پڕشوپڵاوی و بێ‌هیوایی و دڵساردی لەنێو ریزەکانی‌ئوپوزیسیۆنی دێموکراتیکدا، هاوکاریی هێزە کەمە نەتەوەیی‌یەکان، گرینگیی تایبەتی هەیە.



**دێموکراسی لەڕێگای هێرشی نیزامییەوە ساوکە نابێ، بەڵکوو گۆڕانێکی واقیعی لە ئێراندا، تەنیا لە ڕێگەی بزووتنەوەی بێ توندوتیژییەکە، ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتیک‌و، نەتەوەکان بە ئامانجی خۆی دەگەیێنێ**

ناوبراو لە درێژەی قسەکانی دا وتی: حیزبی دێموکرات بە خەباتی هێمنانەی خەڵکی کوردستان دڵخۆشە. بەتایبەت کاتێك کە بە چاوی خۆیان دەسکەوتگەلی وەك دێموکراسی دەبینن و دەزانن کە بە گوێرەی ئەو گۆڕانانەی کە لە کوردستانی عێراقدا پێك هاتووە، خەڵکی لە خودموختاریی تەواودا بەهرەمەندن. بۆیە لەهەولی ڕێکخستنی ڕێزەکانی خۆمان داین.لە راستیدا ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٩٢وە، بە نەمانی دەسەڵاتی کوردستانی عێراق لە دەست ڕێژیمی سەدام، بەهۆی بارودۆخی کوردستانی عێراقەوە لەم ناوچەیەدا گیرساوەتەوە. سەرەرای ئەوەش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێگای رادیۆیەك و تەلەویزیۆنێکی ماهوارەیی‌یەوە، کە لە ڕۆژئاوادا دانراوە، بەرنامە بڵاو دەکاتەوە.

لە کاتێکدا گرژی و ململانی لە پێوەندی دەگەڵ پرۆسەی ناوکیی ئێران لەگەردایە، ئاغای هێجری دژی هەرجۆرە نەرمکێشانێك لەهەمبەر ڕێژیمی تاران دایە و، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە تەنانەت ئەگەر ئێران لە بەرانبەر گوشاری ئورووپا، رووسیە و چین جۆرێك پاشەکشی قبووڵ بکا، دیسان دەست لە بەرنامە ناوکییەکەی هەڵناگرێ! بەڵکوو ئەم شێوە ئیمتیازانە لە لایەن حکوومەتی ئێران تەنیا بۆ کڕینی کاتە! ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە هەر نرخێك بێ، بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەی لە بەرانبەر هەڕەشەکانی ئەمریکا و، سەروەری و هێژمۆنیی‌خوازی بەسەر وڵاتانی موسڵماندا لە هەولی دەستراگەیشتن بە چەکی ناوکی دایە.

ڕێزدار مستەفا هێجری لە کۆتایی حەوتووی رابردوودا، بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسێك، کە "ئەنیستیتۆی کورد" لە پاریس سازی دابوو، دووبارە لەسەر ئەو مەسەلەیە پێی داگرتەوە کە: دێموکراسی لەڕێگای هێرشی نیزامییەوە ساوکە نابێ، بەڵکوو گۆڕانێکی واقیعی لە ئێراندا، تەنیا لە ڕێگەی بزووتنەوەی بێ توندوتیژییەکە، ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتیك‌و، نەتەوەکان بە ئامانجی خۆی دەگەیێنێ. بەڵام ئەو شێوە بزووتنەوە پێویستی بە یارمەتی و پشتیوانیی سیاسی، بەتایبەت لە لایەن ئورووپایی‌یەکانەوە هەیە.

# سەردان‌و چاوپێکەوتنەکانی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لە فەڕانسەدا

بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب لە درێژەی سەفەرەکەی‌دا بۆ وڵاتی فەڕانسە ئەم دیدارو چاوپێکەوتنانەی خوارەوەی پێك هێنا:

ـــ ڕۆژی ٢٠ی ژوئەنی ٢٠٠٦، چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزبی کۆمۆنیستی فەڕانسەو یەکێك لە راوێژکارانی لە دەفتەری ناوەندیی ئەو حیزبەدا لە پاریس

ـــ ٢١ی ژوئەنی ٢٠٠٦، چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوو دانیەل میتران، خێزانی سەرکۆماری پێشووی فەڕانسەو سەرۆکی بنیاتی "فڕانس لیبرتە" لە دەفتەری ناوەندیی بنیاتەکە لە پاریس

ـــ ٢٢ی ژوئەنی ٢٠٠٦، چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزبی سەوزەکانی فەڕانسەو یەکێك لە راوێژکارانی لە دەفتەری ناوەندیی ئەو حیزب دا لە پاریس.

بەڕێز کاك مستەفا هیجری لە سەرجەم کۆبوونەوەکانی سەرەوەدا لەسەر ئەم بابەتانەی خوارەوە بۆ لایەنە فەڕانسەیی‌یەکان دوا:

بارودۆخی ئێران‌و کوردستانی ئێران، بزاڤە کرێکارییەکان، بزاڤە خوێندکارییەکان‌و جووڵانەوەی ژنان‌و نەتەوەکان، لەژێرپێنانی پەرەگرتووی مافەکانی مرۆڤ‌و ئازادییە دێموکراتیکەکان لەلایەن ڕێژیمەوە، سەرکوتی جیابیران، پێشێل کردنی مافی نەتەوەکان، پشتیوانی لە تیرۆریزم‌و گرووپە تیرۆریستی‌یەکان، دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ناوچە، دژایەتیی ڕێژیم لەگەڵ ڕەوتی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دا، بەرنامەی ناوکیی ڕێژیم‌و مەترسیداربوونی بۆ گەلانی ناوچەو ئاشتیی جیهان.

هەروەها سکرتێری گشتیی حیزب لە چاوپێکەوتنەکان دا پێی لەسەر ئەوە داگرت کە ئەگەر ڕۆژئاوا بەڕاستی خوازیاری کۆتایی هێنان بە قەیرانەکان‌و ناسەقامگیری لە ناوچەو لە ریشە هەڵکێشانی تیرۆریزم‌و لە مەترسی نەکەوتنی جیددی ئاشتیی جیهانییە، تەنیا ڕێگە چارە پشتگیری لە خەباتی خەڵکی ئێران‌و هێزە دێموکرات‌و پێشکەوتن خوازەکانی ئێرانە تا بە وەلانانی ئەم ڕێژیمە جینایەتکارو قەیران خولقێنەو دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیك لە ئێران دا، گەلانی ئێران‌و ناوچە لە نەهامەتییەکانی ئەم ڕێژیمە دژی مرۆڤانییە رزگاریان بێ.

جێی باسە لە سەرجەم چاوپێکەوتنەکان دا هاوڕێ کاك خوسرەو عەبدوڵڵایی، بەرپرسی بەشی پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزب بەشدار بوو.

هەروەها ڕۆژی هەینی، ٣٠/٦/٢٠٠٦ـ ٩/٤/١٣٨٥، بەڕێز کاك مستەفا هیجری سەردانی وەزارەتی دەرەوەی فەڕانسەی کردو لەلایەن جێگری سەرۆکی گشتیی ناوەندی ئانالیزو پێشبینی ئەم وەزارەتەوە پێشوازی لێ‌کرا.

لە دانیشتنێکی یەك کاتژمێری‌دا هەر دوولا پرسە گرینگەکانی ناوچە، رەوشی ئێران، قەیرانی ناوکیی ئێران، پێشێل کردنی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤ‌و ئازادییەکان بە تایبەت سەرکوتی بزووتنەوەی نەتەوەژێردەستەکانی ئێرانیان تاوتوێ کرد.

سکرتێری گشتیی حیزب وێڕای ئاماژەکردن بە سەرکەوتوو نەبوونی وتووێژەکانی چەندین ساڵەی یەکیەتیی ئورووپا لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌داو هەروەها لەبەرچاوگرتنی دەوری تێکدەرانەی ڕێژیمی ئێران لە ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دا، گرژی خولقاندن لە ناوچە، پشتیوانی لە گرووپە تیرۆریستی‌و توندڕۆیەکان‌و بە تایبەت هەڕەشەی جیددی لە ئاشتی‌و سەقامگیری جیهان، لەسەر ئەوە پێی داگرت کە تەنیا ڕێگەچارە یارمەتی‌دان بە خەڵکی ئێران‌و هێزە دێموکراتەکانی ئەم وڵاتە لەوانە هێزەکانی نەتەوەژێردەستەکانی ئێرانە تا بە لابردنی ئەم ڕێژیمە دژی مرۆڤانییەو دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیك لە جێگای خەڵکی ئێران، ناوچەو جیهان لە نەگبەتبی ئەم ڕێژیمە مرۆڤکوژە رزگاریان بێ.

شیاوی وتنە کاك خوسرەو عەبدوڵڵایی، لە بەرپرسانی پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزب لە چاوپێکەوتنەش بەشدار بوو.

# کۆبوونەوەی کرانەوەی "شووڕای مافەکانی مرۆڤ"

"شووڕای مافەکانی مرۆڤ" ئۆرگانێکی نوێی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە کە پاش چەندین مانگ وتووێژو بیروڕا گۆڕینەوە، لە ئاکام دا بە تەئیدی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە مانگی مارسی ٢٠٠٦دا جێی "کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ"ی ئەو ڕێکخراوەی گرتەوە. یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم هەنگاوە پێش گرتن لە دەستڕۆیی دەوڵەتە پێشێل کەرەکانی مافەکانی مرۆڤە. دەوڵەتی ئێران بە ئەندامەتی لەم شووڕایەدا هەڵنەبژێردراوە، بەڵام لە ڕێوڕەسمی کرانەوەی کۆبوونەوەکەدا (سێ‌شەممە ٢٩/٣/١٣٨٥) کە نوێنەرانی زیاتر لە ١٠٠ وڵات تیا بەشدار بوون، نوێنەرانی دەوڵەتی ئێرانیش جەماڵ کەریمی‌راد، "وەزیری دادگوستەری"و سەعید مورتەزەوی، "دادستانی تاران"، سەرەڕای نارەزایەتیی چالاکانی مافەکانی مرۆڤ بەشداربوون.

ئەندامەتی ئەو دەوڵەتانەی کە باوەڕیان بە مافەکانی مرۆڤ‌و بنەما سەرەتاییەکانی دێموکراسی نەبوو، کۆمیسیۆنی پێشووی لێنەهاتووکردبووو بەرەو لاوازی بردبوو. ماریت گرانژ، وتەبێژی "ڕێکخراوی چاوەدێری مافەکانی مرۆڤ" لەم پێوەندییەدا دەڵێ:

"شوێنی بایەخداری مافەکانی مرۆڤ لە ڕێکخراوی نەتەوەکان دا چۆتە سەرۆو لەپاڵ "ئاشتی"و "ئەمنییەت‌و پەرەپێدان"دا بۆتە یەکێك لە سێ کۆڵەکەی سەرەکیی ڕێکخراوی نەتەوەکان. ئەوەی کە ئەم ئۆرگانە کەوتۆتە ژێر چاوەدێریی ڕاستەوخۆی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەکانەوە، خۆی شایەتێکە لەسەر شوێنی بەرچاوی مافەکانی مرۆڤ. ئەم شووڕایە دەبێ ئەوەندە بەهێز بێ کە بتوانێ کاری مافەکانی مرۆڤ لە تەواوی ڕێکخراوی نەتەوەکان دا ڕێبەری بکا. لەم ڕوانگەوە چاوەڕوانیی ئێمە بە نیسبەت سەرکەوتنی بێ‌ئەم لاو ئەولای ئەم شووڕایەوە زۆر لە سەرۆیە".

کوفی عەنان، سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوەکان ئەمڕۆ لە ڕێوڕەسمی کرانەوە لە ژێنێڤ دا گوتی کە خەڵکی جیهان چاویان بڕیوەتە ئەم شووڕایەی مافەکانی مرۆڤ کە لە ٤٧ وڵاتی ئەندام پێك هاتووە. عەنان ڕوونی کردەوە کە مافەکانی مرۆڤ بابەتێکی پڕ گێرەو کێشەیە، بەڵام مافەکانی مرۆڤ نابێ لە بەرامبەر بەرژەوەندیی وڵاتەکان دا، بەڵکوو دەبێ لە خزمەتی بەهێزکردنی نەتەوەکان دا چاویان لێ‌بکرێ.

سکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکان هیوای دەربڕی کە لە ماوەی ساڵانی داهاتوودا "شووڕای مافەکانی مرۆڤ" لە ئۆرگانێکی ژێر چاوەدێریی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەکانەوە ببێ بە ئۆرگانێکی سەرەکیی ئەم ڕێکخراوەیە.

**سەرچاوەکان: ماڵپەڕی DW-WORLD.DE و ڕادیۆ فەردا**

**برووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

# هەواڵەکانی کوردستان

## چالاکیی تەبلیغاتیی ئەندامان و لایەنگرانی نهێنیی حیزب

### بانە

ڕۆژی یەکشەممە، ١٣٨٥/٣/٢٨، ئەندامان و لایەنگرانی نهێنیی حیزب لە ناوچەی بانە لە چالاکییەکی تەبلیغاتی‌دا دروشمی حیزبی و نەتەوەیی‌یان لەم شوێنانەی خوارەوەدا نووسی:

گوندەکان: تەرخاناوا، بوئین، ئارمەردەو سەدبار

نێوشار: گەڕەکی چەمی زریزان و گەڕەکی خوریاباد

### سنە

ڕۆژی ١٠ی پووشپەڕی ١٣٨٥، ئەندامان و لایەنگرانی نهێنیی حیزب لە سنەدا بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵوەگەڕی تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، لەلایەن تیرۆریستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە لەم شوێنانەی خوارەوەدا دروشم و تراکتی حیزبییان بڵاوکردەوە:

شەقام و مەیدانی فەیزاوا، بەهاران، شەقامەکانی سەفەری و مەردۆخ.

## سەردانی شاندێکی ژاپۆنی لە ناوچەی مەریوان لە ساڵیادی بۆمبارانی شیمیائی چەند گوندی ئەو ناوچەیە

لە ١٨هەمین ساڵوەگەڕی بۆمبارانی شیمیائی چەند گوندی ناوچەی مەریوان لەلایەن ڕێژیمی بەعسەوە شاندێك لە هیرۆشیماو ناکازاکیی ژاپۆنەوە بە مەبەستی هاودەردی‌کردن لەگەڵ خەڵکی ئەو گوندانە چوونە شاری مەریوان و دواتر سەردانی گوندەکانی نژمارو قەڵاجێیان کرد.

جێی باسە هێزە ئەمنییەتی‌یەکانی ڕێژیم نەیاندەهێشت خەڵك ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو شاندەدا پێوەندی بگرن.

چەند گوندی ناوچەی مەریوان لەوانە نژمار، نێ، باڵك، کانی‌دینار، قەڵاجێ و... لە ساڵی ١٣٦٧و لە شەڕی نێوان ئێران و عێراق دا شیمیایی‌باران کران و بەو هۆیەوە ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانیان تووشی نەخۆشیی هەناسەن.

## هێرشی هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەر دووکاندارانی نەوسوود

ڕۆژی یەکشەممە، ١٣٨٥/٤/١١، هێزە دژی‌گەلییەکانی ڕێژیم لە شارۆچکەی نەوسوود بە بیانووی هەبوونی شتومەکی قاچاخ بە شێوەیەکی بەربڵاو هێرشیان کردە سەر دووکانەکانی خەڵك و کەوتنە ئەزییەت و ئازاردانی دووکاندارەکان و قوڵفی دووکانەکانیان شکاندو دەستیان بەسەر شتومەکی ناودووکانەکان داگرت.

جێی باسە کە ئەم پەلامارەی بەکرێگیراوانی ڕێژیم بۆتە هۆی تووڕەیی و بێزاریی خەڵك.

## ئیجلال قەوامی بۆ پشتیوانی لە بەندکراوە سیاسییەکان و گەلاڵەی ئەکبەر گەنجی، مان لە خواردن دەگرێ

ئیجیلال قەوامی ڕۆژنامەنووسی کورد لە ڕاگەیەندراوێك دا پشتیوانیی خۆی لە مانگرتن لە خواردنی جیهانی بۆ ئازادکردنی بەندکراوانی سیاسی لە کوردستان و ئێران دا ڕاگەیاند.

قەوامی لەم ڕاگەیەندراوەدا بە پشتگیری لە گەلاڵەی ئەکبەر گەنجی، خوازیاری هاودڵی و هاوهەنگاویی ئازادیخوازانی ئێران بۆ ئازادکردنی بەندکراوە سیاسییەکان بووەو گووتویە کە لە ڕۆژانی ٢٣و ٢٤و ٢٥ی پووشپەڕدا هاوکات لەگەڵ ئازادیخوازانی دیکەدا مان لە خواردن دەگرێ.

## لەقاودانی پیلانێکی ئاژاوەگێڕانەی ڕێژیم لە شارە کوردو ئازەری نشینەکان دا

کوردستان میدیا: چەند ڕۆژ لەمەوبەر لەنێو شارە کوردو ئازەری نشینەکان دا ڕاگەیەندراوێك بڵاوکراوەتەوە کە لەو دا هەڕەشە لەو کوردانە کراوە کە تابلۆی دووکانەکانیان بە کوردی نووسراوە.لەم ڕاگەیەندراوەدا هەڕەشە لە کوردەکان کراوە کە ئەگەر لە ماوەیەکی کورت دا تابلۆی دووکانەکانیان بە فارسی یان بە ئازەری نەنووسن، دووکانەکانیان دەسووتێنرێ.

بێشك ئەمە پیلانێکی تازەی بەکرێگیراوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە بۆ سازکردنی شەڕو دووبەرەکی لە نێوان ڕۆڵەکانی نەتەوەی ئازەری و کورددا.

ئێمە وێڕای مەحکووم کردنی ئەم ویستەو هەر ویستێکی ئاژاوەگێڕانە داوا لە دانیشتووانی ئەم شارانە دەکەین کە بە هیچ شێوەیەك نەکەونە داوی ئەم پیلانە شوومەی ڕێژیمەوەو لە هەر ڕێگایەك بۆیان دەکرێ لەقاوی بدەن.

## نازەنین مەهاباد داوای یارمەتی دەکا

کەرەج: نازەنین مەهاباد، کچێکی تەمەن ١٨ ساڵەی کوردە کە تا ئێستا لەگەڵ مەترسیی ئێعدام دا ڕووبەڕوویەو لە ویژدانە بە خەبەرەکان داوای یارمەتی دەکا.

ساڵی ڕابردوو نازەنین مەهاباد لەگەڵ کچێکی تازەلاوی دیکەدا لە گەڕەکێکی شاری کەرەج دەکەونە بەر پەلاماری گرووپێك لاو کە دەیانویست ئازارو ئەزییەتیان بکەن و دەستدرێژی بکەنە سەریان.

لە ڕەوتی تێکهەڵچوون و پێکدادانی نێوانیان دا یەکێك لە لاوەکان کوژراو نازەنین مەهاباد کە لەو کاتەدا ١٧ ساڵی تەمەن بوو، گیراو بەڕێی بەندیخانە کرا.

ئەو ئێستا بە ئێعدام مەحکووم کراوە. ناوبراو لە بنەماڵەیەکی هەژارو زەحمەتکێش و پڕحەشیمەتی کورد لە شاری کەرەج دا دەژی. باوکی ناوبراو ئێستا نەخۆشەو لەجێ‌دا کەوتووەو دایکی لە ڕێگەی کرێکارییەوە کاروباری بنەماڵەو ٤ منداڵ بەڕێوەدەبا. نازەنین مەهاباد پارێزەری نیەو بنەماڵەکەی ناتوانن هەقدەستی پارێزەر دابین بکەن. نازەنین لەگەڵ مەرگ دا ڕووبەڕووەو لە ویژدانە بەخەبەرەکانی دنیا داوای یارمەتی دەکا.

سەرچاوە: prmmk.com

## سەردانی وەفدێکی ڕێکخراوی "KÜRT-KAV"ی کوردستانی تورکیە لە دەفتەری سیاسیی حیزب

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە، ١٣٨٥/٣/٣٠، بەرابەر بە ٢٠٠٦/٦/٢٠، وەفدێکی "وەقفا چاندو لێکۆڵینی کوردی" (KÜRT-KAV)ی کوردستانی تورکیە پێکهاتوو لە بەڕێزان: جەلال بایقرا، سەرۆکی ڕێکخراوەکەو هەروەها جێگری سەرۆکی حیزبی "HAK – PAR"، لەتیف ئەپۆزدەمر، سکرتێری گشتی و هاوڕێیەتی کاك جیهان، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کردو لەلایەن وەفدێکی حیزب بە سەرۆکایەتیی بەڕێز کاك حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب و بە هاوڕێیەتیی بەڕێزان عەلی مێهرپەروەر، محەممەد نەزیف قادری و تەیموور مستەفایی، ئەندامانی دەفتەری سیاسی و ڕۆستەم جەهانگیری، ئەندامی کومیتەی ناوەندی و ئازاد کوردی لە ڕۆژنامەی ئاگرییەوە بە گەرمی پێشوازییان لێ‌کرا.

لە دیدارێکی دۆستانەدا شاندی "وەقفا چاندو لێکۆڵینی کوردی" بە وردی لەسەر ڕەوشی ژیانی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیە لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و... بۆچوونەکانی خۆیانیان هێنایە بەرباس. کێشەی کورد لە تورکیەو هەڵوێستی حیزبە سیاسی‌یەکانی کوردستانی تورکیە تەوەری سەرەکیی گفتگۆکانی دیدارەکە بوو کە هەر دوولایەن بە وردی لەو پێوەندییەدا دوان و وەفدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵوێست، بۆچوون و سیاسەتەکانی حیزبیان سەبارەت بە کێشەی چارەسەرنەکراوی کورد لە تورکیەو زۆر مەسەلەی دیکەی پێوەندیدار بە ژیانی کوردەکان لە کوردستانی تورکیەدا خستەڕوو.

" وەقفا چاندو لێکۆڵینی کوردی"، یەکەمین ڕێکخراوی کوردی تورکیەیە کە لەلایەن دادگاکانی کۆماری تورکیەوە سەبت کراوەو ناوەندی ڕێکخراوەکە لە شاری ئەستەنبوڵی تورکیەیە.

## سکرتێرانی سێ حیزبی کورد لەگەڵ جێگری سەرۆکی سووریە کۆبوونەوە

جێگری سەرۆکی سووریە، لەسەر کێشەی فەرهەنگی، دوکتور "نەجاه ئەلئەتار" لە شاری شام لەگەڵ سکرتێرانی سێ حیزبی سیاسی کورد لە سووریە عەبدولحەمید حاجی دەروێش، سکرتێری حیزبی پێشکەوتنی دێموکراتی کورد لە سووریە ـ نەزیر مستەفا، سکرتێری ئەلپارتی و تاهیر سیفۆك، سکرتێری حیزبی نیشتمانی دێموکراتی کورد لە سووریە کۆبۆوە.

ئەلئەتار لەسەر کێشەی کوردە بێ ناسنامەکان بۆ بەشداران قسەی کردو ویستی ئاگاداری بۆچوونەکانی ئەوان بێ.

ڕێژیمی سووریە لە ڕێکەوتی ١٩٦٢/١٠/٥، لە یەك ڕۆژدا ناسنامەی سووریی لە ١٥٠هەزار کوردی کوردستانی سووریە وەرگرت و ئەوانی تا ئێستا بێ‌ماف هێشتۆتەوە. ڕێژیم و سەرۆکەکەی، بەشار ئەسەد چەند جار بەڵێنیی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەیان داوە، بەڵام تا ئێستا هیچ نەکراوە. سەرچاوە: ماڵپەڕی amude.com

## پارلمانی ئورووپا داوای ئازادکردنی بەندکراوانی سیاسی لە بەندیخانەکانی سووریەدا دەکا

پارلمانی ئورووپا بۆ جارێکی دیکە داوای ئازادکردنی بەندکراوانی سیاسی و ڕامانی لە سووریە کرد.

ئەندامانی پارلمانی ئورووپا لە کۆبوونەوەیەك دا داوایان لە ڕێژیمی سووریە کرد کە سەرجەم بەندکراوانی سیاسی ئازاد بکاو کارێك بکا کە بەندکراوەکان بە پەلەو بە شێوەیەکی بەردەوام و بێ‌شەرت و مەرج لەگەڵ پارێزەران و بنەماڵەکانیان دا کۆببنەوە. هەروەها ئەندامانی پارلمانی ئورووپا تیشکیان خستە سەر پێویستیی پەیمانی هاوکاری لە نێوان یەکیەتیی ئورووپاو سووریە کە تا ئێستا ئیمزانەکراوەو ئەوەی کە سووریە ڕێگە بدا ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتەدا باشتر بێ.

## بۆ خوێندنەوەی ئەو هەواڵانەی خوارەوە چاو لە ماڵپەڕی "کوردستان میدیا" بکەن

- سوئید - ویستروس: بەڕێوەچوونی سمینارێکی سیاسیی لەلایەن دوکتور حوسێن خەلیقی
- کاسبکارێکی پیرانشاری لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە کوژرا
- کۆڕێك بۆ یادکردنەوەی کارەساتی شیمیایی سەردەشت
- لەباتی جێبەجێ‌کردنی ئەسڵی ١٥ی یاسای بنەڕەتی، تازەفێربووانی ناوچە دووزمانەکان، خولی ئامادەیی زمانی فارسی دەبینن!
- ڕوون نەبوونی چارەنووسی بەندکراوێکی سەڵوات ئاوایی
- وتەبێژی وەزراەتی دەرەوەی ڕێژیم: هەڵپەساردنی پیتاندنی ئورانیۆم گەڕانەوەیە بۆ دواوەو ئورووپایی‌یەکان دەبێ بەبێ دانانی پێش مەرج وتووێژ بکەن
- ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ‌سنوور: نەتەوەیەکگرتووەکان دەبێ لەسەر بەشداریی سەعید مورتەزەوی لە کۆبوونەوەی شوورای مافەکانی مرۆڤ دا ڕوونکردنەوە بدا
- ڕفاندنی هاووڵاتییەکی مەریوانی لەلایەن چەند کەسی نەناسراوەوە
- تێکهەڵچوونی نێوان خەڵك و هێزەکانی ڕێژیم لە شاری مەریوان دا
- پەڕینی لاقی هاووڵاتییەك بەهۆی تەقینەوەی مینەوە
- کۆچی دوایی دایکی شەهیدێکی حیزب
- دادگایەکی سووریە بڕیاری ساڵێك زیندانیی بۆ دۆستی کوردەکان، محەممەد خانم دەرکرد
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیە گوندەکانی سنووری کوردستانیان بۆردومان کرد
- کۆچی دوایی ئەندامێکی دڵسۆزی حیزب لە ناوچەی سەڵماس
- کوژرانی هاووڵاتییەك لە تێکهەڵچوونی نێوان خەڵك و هێزی ئینتیزامی‌دا لە ناوچەی مەریوان
- جەختکردنی ئامریکا لەسەر یەکدەنگیی گرووپی ١+٥ لەسەر بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران
- کۆبوونەوەی ڕوونکردنەوەی تۆمەتەکانی خوێندکارانی زانکۆی کوردستان بەڕێوەچوو
- وەزیری بەرگریی ڕووسیە ئوکراینی تۆمەتبار کرد بە فرۆشتنی مووشەکی دوورهاوێژ بە ئێران
- دیداری شاندێکی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ لەگەڵ کارگێڕانی بەشی فارسیی "BBC"
- کوژرانی هاووڵاتی‌یەك لە ناوچەی سەڵماس
- ئەندامانی ٨ وڵاتی پیشەیی جیهان خوازیاری کاردانەوەی خێرای ڕێژیم بە پێشنیارەکانی ڕۆژئاوان
- حوکمی بەردباران بۆ ژنێکی نەغەدەیی
- بریندابوونی هاووڵاتییەك لە تێکهەڵچوونی نێوان خەڵك و هێزەکانی ڕێژیم دا لە ناوچەی پیرانشار
- بە بۆنەی حەوتووی خەبات لەگەڵ مادده هۆشبەرەکان دا
- کۆمەڵێك چالاکی لە مەریوان دا بەڕێوە چوون
- نامەی سەرئاوەڵای سەرۆکی RMMK بۆ دادستانی تاران
- کوژرانی کاسبکارێك لە ناوچەی سەردەشت
- داوای کوردەکانی سووریە لە کۆنگرەی ئامریکا بۆ دەرکردنی یاسای ڕزگارکردنی سووریە
- ماوەی سێ مانگە حەقدەستی کرێکارانی کوردی بەنداوی "سێلوێ" نەدراوە
- بزووتنەوەی یەکگرتووی تورك زمانانی ئێران لە چلەی گیانبەختکراوانی ڕووداوەکانی ئازەربایجان دا کۆبوونەوەی ئێعتیرازی پێك دێنێ
- چین و ڕووسیە ئەو بڕیارنامانەی کە ئەگەری ئەوە هەیە لە داهاتوودا لە دژی ڕێژیم دەربچن، وێتۆ ناکەن
- کۆماری ئیسلامی ٩ڕۆژ مۆڵەتی بۆ وەڵامدانەوە بە پێشنیارەکانی ڕۆژئاوا ماوە.
- سلێمانی: شازدەیەمین پێشانگای تایبەتیی هونەرمەندی نیگارکێش "نامۆ" کرایەوە
- یوسف ئەڵتاش: کێشەی کورد بە کوشتنی منداڵ چارەسەر ناکرێت
- زانایەکی بلژیکی بەڵگەی زانستی لە دژی سەددام حوسێن پێشکەش بە داداگای تاوان دەکات
- ڕێکخراوی نێودەوڵەتی داوای لە حکوومەتی ئەردەن کرد بە گوێرەی یاساکانی نێودەوڵەتی مامەڵە لەگەڵ پەنابەران بکات
- داداگای باڵای تاوانی تورکیە سەرۆك شارەوانییە کوردەکان داداگای دەکات
- داواکری گشتی داوای لە سێدارەدانی سەدام و بەرزان و تەها یاسین دەکات
- پاریس: پەیمانگای کوردی و کۆنگرەیەك سەبارەت بە ئێران
- ٤ ساڵ زیندان و ٥ ساڵ دوورخستنەوە بۆ هاووڵاتییەکی مەریوانی
- ئەحمەدی‌نژاد جارێکی دیکە بوونی ئیسرائیل و کوشتنی یەهوودییەکانی خستە ژێر پرسیارەوە
- بریندارکردنی لاوێك و گرتنی ٣ لاوی دیکەی بانەیی لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم
- بانکی جیهانی: ١٩٪ی حەشیمەتی بێکاری ئێران خاوەن خوێندەواری لە ئاستی زانکۆدان

# قاسملوو، بیرمەندێکی شۆڕشگێڕو ئاشتیخواز

جەمیل کولاهی

لەکاتێکدا کە شۆڕشی نەتەوەیی کورد، لە کوردستانی ئێران بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌و ڕەواکانی خۆی بە هۆی سەرکوتی بێ بەزەیی‌یانەی، دەسەڵاتە زاڵەکان بەسەر کوردستان دا ڕاوەستا بوو و دەنگی مافخوازیی ئەو نەتەوە چەوساوەیەیان بە شێوەیەکی نامرۆڤانە کپ کردبۆو، هاتنی دوکتور قاسملو، بۆ نێو گۆرەپانی خەباتی نەتەوایەتی، وەك نەفەسی مەسیحایی وابوو کە سەر لە نوێ بزووتنەوەی کورد گیانێکی تازەی بە بەرداکراو، کەوتەوە جمووجۆڵ و جارێکی دیکە بووژایەوە. ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە ماوەیەکی زۆر لە وڵاتانی ئوورووپایی خەریکی خوێندن و لێکۆڵینەوە بوو، جیا لەوەی مامۆستای زانکۆ بوو، وەك مرۆڤێکی خوێندەوار، ئاکادێمیك و دنیا دیتوو سەیری کێشە جۆراوجۆرەکان بەتایبەت، مەسەلە پێوەندیدارەکان بە شۆڕشی کوردی دەکرد. بۆیە هەموو هەوڵ و تێکۆشانی ئەوە بوو کە ڕێگا چارەیەکی زانستی و سەردەمیانە بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد بدۆزێتەوە. ئەو چەشنە ڕوانین و ڕوانگەیە شتێکی نوێ بوو کە ئەو ڕێبەرە مەزنە دەیویست، بیهێنێتە نێو شۆڕشی کورد و بیکا بە بنەمایەك. چوونکە بە هۆی ئەوەوە کە لەگەڵ سیاسەتی جیهانی و دنیای دەرەوە و هەروەها لەگەڵ سیاسەتی حکوومەتە زاڵەکان بەسەر کوردستان و ناوچەکەدا ئاشنایی هەبوو، شارەزایی‌یەکی تەواوی لەسەر ژێئۆپولتییك و هەڵکەوتی جوغرافیایی کوردستان و قورسایی سیاسیی کورد هەبوو و سیاسەتەکانی لەسەر ئەو ڕاستییانە دادەڕشت، چوونکە کاری سیاسی بە لای دوکتور قاسملووە، خاوەن سێ تایبەتمەندیی سەرەکی بوو، کە تا ئەو کات لەنێو بزووتنەوەی کوردی دا بەدی نەدەکران بۆیە بۆ جێگیر کردنیان لە نێو بزووتنەوەی کورد دا بێ‌وچان هەوڵی‌دەدا:

١ـ واقیع‌بینی لە سیاسەتدا

٢ـ سەربەخۆیی بڕیاردان لە سیاسەتدا

٣ـ جێگیر کردنی ئەخلاق لە سیاسەتدا

دوکتور قاسملوو هەموو کاتێك ئەوەی دووپات دەکردەوە کە سیاسەت "هونەری مومکین"ە و دەیگوت کە خاڵێکی لاوازی بزووتنەوەی کوردی ئەوە بووە کە تا ئێستا یان "هەموو شتێك"ی ویستووە یان "هیچ شتێك" بۆیە دەیگوت سیاسەت "ڕەش و سپی" نیە بەڵکوو لە نێوان ڕەش و سپیدا ڕەنگەلێکی دیکە هەن. لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووە سیاسەت کردن لە گەڵ ئاوات و ئارەزووەدا جیاوازیی‌یەکی قووڵیان هەیە. چوونکە لە ڕوانگەی ئەوەوە سیاسەت پێوەندیی بە ڕاستی و واقیعییەتەکانی نێو خۆیی، ناوچەیی و جیهانییەوە هەیە و بنەمای ئاوات و ئارەزوویش لە سەر خەیاڵ دایە، کە دیارە خەیاڵ و ڕاستی دوو شتی بە تەواوی لێك جیاوازن. ئەو ڕێبەرە مەزنە لە هەڵگرتنی درووشمەکانیدا، لە داخوازییەکانیدا و بە گشتی لە سیاسەتکردنیدا واقیعییەتە نێوخۆیی و ناوچەیی و جیهانیەکانی لێك دەدایەوە و دوای تاوتوێیکردن و هەڵسەنگاندنێکی زانستییانە ڕای خۆی دەردەبڕی. هەبوونی ئاوەها ڕوانگەیەك لە سیاسەتدا کارێکی کردبوو کە دوکتور قاسملوو دروشمێك هەڵبژێرێ کە نەتەنیا بۆی جێبەجێ بێ، بەڵکوو لەگەڵ واقیعییەتەکانی ئێران بەگشتی و بەتایبەت کوردستاندا یەك بگرێتەوە، چوونکە خۆی لە پێناو ئەو دروشم و داخوازییانەدا بە مەسئوول دەزانی و دەیگوت کە ئێمە "حیزبێکی مەسئوول"ین، هەر بۆیە لە هەموو بوارەکاندا دەبێ "مەسئوولانە" بجووڵێینەوە.

تایبەتمەندییەکی دیکە کە دوکتور قاسملوو لە کاری سیاسیدا لە سەری سوور بووە سەربەخۆیی بڕیاردان لە سیاسەتدا بووە، چوونکە پێی وابووە کە هیچ لایەنێکی ناوچەیی و نێونەتەوەیی بە ڕادەی ڕێبەران و حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە سەر ڕاستییەکانی زاڵ بە سەر کوردستاندا شارەزایی‌یان نیە، بۆیە ئەوەی کە دەبێ بڕیار بدا، ڕێبەران و حیزبە و لایەنە سیاسییەکانی کوردن و هیچ کەس بۆی نیە بە بێ ئەوان و ڕای ئەوان لە سەر کوردستان بڕیار بدا. یەکێ لەو هۆیانە کە لەسەر، سەربەخۆیی سیاسی پێداگر بووە، ئەوەیە کە کاری سیاسی و سیاسەتکردن بۆ چۆنییەتی بەڕێوە بردنی وڵات و پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی‌یە، کە بە بێ سەربەخۆیی لە بڕیارداندا ئەو دوو شتە دەستەبەر نابن. لە شی کردنەوەی کورتە باسدا ئاوا لەسەر گرنگیی سەربەخۆیی دەدوێ:"ئێمە بەخاتری دۆستایەتی قەت واز لە سەربەخۆیی خۆمان و قازانجی میللەتەکەمان ناهێنین، بەڵام لە بەر خاتری سەربەخۆیی و قازانجی میللەتەکەمان ئەگەر پێویست بوو، واز لە دۆستایەتی دەهێنین. کەوابوو میعیار بۆ ئێمە قازانجی حیزب، گەلی کورد و گەلانی ئێران و سەربەخۆیی‌مانە. میعیاری ئەساسی سەربەخۆیی بڕیاردانە، دۆستایەتی دەکەین، بەڵام لە گەڵ پاراستنی سەربەخۆیی، ئەگەر پێویست بوو دۆستایەتییەکە فیدای سەربەخۆیی دەکەین، بەڵام هەرگیز سەربەخۆیی فیدای دۆستایەتی ناکەین." هەر لەبەر ئەم هۆیە بووە کە دوکتور قاسملوو هەموو کاتێك لەسەر بنەمای ڕیزی دوولایەنە پێوەندیی لەگەڵ لایەنەکانی دیکە گرتوە.

تایبەتمەندیی سێیەم کە لە سیاسەتی دوکتور قاسملوودا خۆی نواندوەو بۆ خۆی باوەری قووڵی پێ بووە"ئەخلاق لە سیاسەت"دا بووە. بۆیە لەم بارەیەوە دژی هەر چەشنە بێ ئوسووڵی، قسەی ناحەزو ناشیرین و فێڵەبازی لە سیاسەتدا بوو. بۆیە لە کاری سیاسیدا بە کردەوەی ئینسانی، ئەدەبیاتی مەردمییانە و پاك و خاوێن باوەری قووڵی هەبووە. لەو بارەیەوە بۆ خۆشی دەڵێ " ئێمە بێ ئوسووڵی و جنێوفرۆشی لە سیاسەتدا ڕەت دەکەینەوەو بۆ جێگیر کردنی ئەخلاق لە سیاسەتدا تێ دەکۆشین."



بە هۆی هەبوونی ئاوەها ڕوانگەلێك لە کاری سیاسییە کە دوکتور قاسملوو شەڕی وەك تاکتیك چاو لێ دەکرد، تاکتیکێك بۆ گەیشتن بە ئاشتی و تەبایی. چوونکە لەسەر ئەو باوەرە بوو کە کورد ئەو هێزەی نیە کە بتوانێ دژمنی سەرتا پا تەیار بە چەکی مودیرنەوە لە بەین بەرێ، بۆیە دەبێ شەڕی چەکداری وەك تاکتیك بۆ ماندوو کردنی دوژمن بەکار بێنێ، تا ئەو کاتەی کە دوژمن ناچار بە وتووێژ بێ. وتووێژ و دیالۆگ لە لای دوکتور قاسملوو وەك شێوەیەك لە شێوەکانی خەبات چاوی لێ‌دەکرا، پێی وابوو کە هەر لایەنێك بەوە باوەری نەبێ "دەرگای سیاسەتی" بەسەر خۆیدا داخستوە. لەم بارەیەوە لە سەر گرنگی وتووێژ دەڵێ: " لە واقیع دا من شەڕ دەکەم بۆ موزاکرە، چوونکە ئێمە دەڵێین مەسەلەی کورد حەللی نیزامیی نیە." لە سەر ئەو بنەمایە بووە کە هەموو کاتێك لە کاتی کاری دیپلۆماسی و پێوەندی گرتن بە وڵاتان و لایەنەکانی دیکەوە خوازیاری پشتیوانیی سیاسی لە کێشەی کورد بووە، کە ئەمە شتێکە کە لە نێو شورشی کورد دا نوێیە. بۆیە بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی سیاسی لە جووڵانەوەی کورد لە ئاستی جیهانیدا هەوڵێکی زۆری دەدا، بۆ وێنە تێکۆشانێکی بێ‌وێنەی دیپلۆماسیی بۆ بەستنی کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی بۆ چارەسەری کێشەی کورد وەڕێ خستبوو کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕوانگەیەی کە پێی وابوو دەبێ مەسەلەی کورد لە فورمی نێوخۆیی و ناوچەیی دا بێتە دەرێ و ببێتە مەسەلەیەکی نێونەتەوەیی. لەم بارەیەوە دەیگوت: "دەبێ بەهەموو ئەو کەسانە کە گوێیان لە قسەکانی ئێمەیە بڵێین کە داوای کورد زۆر سادەو ڕەوایە، کورد مافی نەتەوەیی خۆی دەوێ کە لە جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤدا هاتوە، واتە شتێکی زیادی نیە بۆیە مەسەلەن داوای خودموختاری مەسەلەیەکی نێوخۆیی نیە. زۆر لە دەوڵەتان وەك دەوڵەتی ئێران ئەگەر باسی خودموختاری دەکرێ دەڵێن، ئەوە مەسەلەیەکی نێوخۆیی و داخلی‌یە و کەس حەقی نیە دەستی تێ‌وەردا. کەوابوو مەسەلەی خودموختاری مەسەلەیەکی نێوخۆیی نیەو بەشێکە لە مافی مرۆڤ. بۆیەش ئەو دەوڵەت و ڕێکخراوو شەخسییەتانە کە خۆیان بە لایەنگری مافی مرۆڤ دەزانن پێویستە لە داوا ڕەواکانی گەلی کورد پشتیوانی بکەن." (ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٨٧)

بۆ گەیشتن بەم مەبەستە، واتە جیهانی کردنی کێشەی کورد، بەکردنەوەی دەفتەری نوێنەرایەتی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتانی جۆراوجۆر، پێوەندی گرتن بە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی وڵاتانی دەرەوە، گرتنی کۆڕو سیمیناری جۆراوجۆر و وتووێژ لەگەڵ ڕاگەینە گشتییەکان لەسەر کێشەی کورد، توانیی بە باشی کێشەی کورد بە وڵاتانی دەرەوە بناسێنێ، کە ئاکام و قازانجە بەنرخەکانی ئەو شێوە تێکوشانە هەر زوو دەرکەوت و لەسەر کێشەی کورد کاریگەریی پوزێتیڤیان دانا.

دوکتور قاسملوو بۆ بردنەپێشی ئەو سیاسەتە دروست و ئوسووڵییانە کە گرتبوونیە پێش و جێگیر کردنیان لە نێو بزووتنەوەی کورد دا، لە نێوخۆی ئەو بزووتنەوەیەش هەوڵێکی بێ وچانی بۆ چاکسازی دەدا، چوونکە ئەو بزووتنەوەیە لە هێندێك بواردا پێویستیی بە ڕیفورم هەبوو و هەروەها بۆ دەرکەوتنی سیمایەکی جوان لەو بزووتنەوەیە لەکن بیروڕای دەرەوە پێویست بوو لە هێندێك کار و کردەوەی نامرۆڤانە و ناحەز، دوور بێ و پاك و خاوێن ڕابگیرێ، چوونکە دەیزانی کە دنیا لە بزووتنەوەیەك کە بە کاری نامرۆڤانەوە تێکەڵ بێ پشتیوانیی سیاسی ناکا. خەبات دژی تیروریزم، خەبات دژی ناسیونالیزمی بەر چاوتەنگ، خەبات بۆ جێگیر کردنی دێموکراسی و بایەخەکانی مودێرنیتە لە نێو بزووتنەوەی کورد دا، خەبات دژی هەر چەشنە هەڵاواردنی جینسی و ڕەگەزی و ئایینی و نەتەوەیی خەبات دژی هەرچەشنە فەرد پەرەستی و... لەو بایەخانە بوون کە دوکتور قاسملوو بێ وچان هەوڵی دەدا کە بیانهێنێتە نێو بزووتنەوەی کوردەوە.

دوکتور قاسملوو هەموو کاتێك ئەوەی دووپات کردوتەوە کە بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیرۆز و ڕەواکان، دەبێ کەرەسەی ڕەواو و پیرۆز بەکار بهێنرێ، چوونکە لەسەر ئەو باوەرە بووە کە بزووتنەوەی کورد، بزووتنەوەیەکی ڕەوایەو بزووتنەوەیەکە، کە لە پێناو مافە ئینسانییەکانی نەتەوەیەکی بندەستدا سەری هەڵداوە، بۆیە نابێ سیمای ئەو بزووتنەوەیە بە هۆی کاری تیروریستییەوە کە بە "کەرەسەی ناپیرۆز" ناوی دەبات، لەنێو بیروڕای گشتیی جیهاندا خەوشدار بکرێ. بۆیە هەر چەند ڕێبەری حیزبێك بووە کە چەکدار بووە و شەڕی چەکداری کردوە، بەڵام هاوکات لە گەڵ ئەوە ڕەشەکوژی، دیل کوشتن، لێدان و ئەشکەنجە، تیرور، بارمتە گرتن، تەیارە ڕفاندن و تەقاندنەوەی مەحکووم کردوە. بۆیە ئەو شەڕەی کە حیزبی دێموکرات دەیکرد لە ڕواڵەت و ناوەرۆکدا لەگەڵ تیروریزم جیاوازییەکی قووڵی هەبووە. دوکتور قاسملوو لە بارەی ئەو شەڕەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەیکرد دەڵێ: "نابێ لە بیرمان بچێ کە پێشمەرگە لە پێناو وەدەست هێنانی ئەو ئامانجانەی گەلی کورد خەبات دەکا کە دوژمنانی ئازادی بە ئاشتی حازر نەبوون قەبووڵیان بکەن و بۆ سەرکوتکردنی داخوازییەکانی گەلی کورد پەلاماریان هێناوەو شەڕیان بە سەر خەڵکی کوردستاندا سەپاندووە. کەوابوو شەڕی پێشمەرگە بۆ دیفاع لە ئازادی، شەڕە لە پێناو مافێکی ڕەوادا و لە ئاکامدا شەڕە بۆ گەیشتن بە ئاشتییەکی سەربەرزانە و عادڵانە." ئەمە ناوەروکی شەڕێکە کە حیزبی دێموکرات کردویەتی، بۆیە ئەو ڕێبەرە زانایە حیسابی خەڵکی ئاسایی و بێ‌دیفاعی لە حکوومەتی سەرکوتکەری ئاخوندی جیا دەکردەوە و دژ بە خستنە مەترسیی گیانی خەڵکی ئاسایی و سێڤیل بوو. لەسەر ئەم بنەمایە بوو کە تیروریزم و بزووتنەوە نەتەواەیەتییەکانی لێك جیا دەکردەوە و لە نێوانیاندا جیاوازی دادەنا، دەیگوت دوو شتی جیاواز لە یەکن، لە سەری پێ داگری دەکرد و دەیگوت: "تیروریزم و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە نەتەوەیی‌یەکان دوو مەسەلەی جیاوازن، لە شەڕی چەکدارانە یان پارتیزانی بۆ ڕزگاریی نەتەوەیەك پەنابردن بۆ تیروریزم پێویست نیە. بە پێچەوانە من پێم وایە بزووتنەوە بەهێزەکان، ئەو بزووتنەوانەی کە بە ڕێگای دێموکراتی دا دەڕۆن و ڕێنوێنی دەکرێن و لایەنگریی و پشتیوانی خەڵکیان لەگەڵە پیویستییەکیان بە پەنا بردن بۆ تیروریزم نیە."

دوکتور قاسملوو تا ئەو جێگایە بازنەی مەحکووم کردنی تیروریزم بەرین دەکاتەوە کە ئەو ڕێکخراوو حیزبە کوردییانەش کە ئیستراتێژی خۆیان لەسەر ئەم بناخەیە دامەزراندوە، دەگرێتەوە و دەڵێ "ئامانجیان لە گەڵ ئامانجی بزووتنەوەی ڕەوای کورد دا یەك نیە." چوونکە جیا لەوەی کە ترسی خەوشدار بوونی سیمای بزووتنەوەی کوردی لە نێو بیروڕای گشتی جیهاندا هەبووە ترسی ئەوەشی هەبووە کە حکوومەتە زاڵەکان بە سەر کوردستاندا بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کورد بێ ئێعتبار بکەن و پاساو بۆ میلیتاریزە کردنی کوردستان بهێننەوە و خۆیان وەك پارێزەری ئازادی و مافەکانی خەڵك نیشان بدەن، لە کردەوەگەلی تیروریستی کە لەلایەن ئەو تاقمانەوە ڕوویان دەدا، کەڵکی خراپ وەر بگرن، بۆیە هەموو کاتێك ئەوەی بۆ هێزە کوردییەکان دووپات دەکردەوە و ڕێنوێنی دەکردن.

دوکتور قاسملوو جیا لەوە، ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگیشی ڕەت دەکردەوە و پێ لەسەر دۆستایەتیی نێوان گەلان دادەگرت و بێ‌وچان بۆ یەکیەتیی نێوان نەتەوە بندەستکانی ئێران هەوڵی دەدا و بۆ لێك نیزیك کردنەوەو پێوەندی دۆستایەتی لە نێوان ئەو نەتەوانە تێ‌دەکۆشا، لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە هاوپەیمانیی ئیستراتێژیکی ئێمە گەلانی بندەستی ئێرانن. هەروەها بەو باوەرە گەیشتبوو کە تەنیا بە یەکگرتوویی و هاوخەباتی نەتەوەکانی ئێرانە کە سیستمێکی دێموکراتیك لە ئێراندا جێگیر دەبێ، لەم بارەیەوە دەڵێ "بزووتنەوەی گەلی کورد هەرچەندە بەهێزیش بێ ئەوپەڕەکەی تەنیا دەتوانێ ڕێژیم لاواز و ڕێگا بۆ ڕووخانی ڕێژیم خۆش بکا، بەڵام هیچ کات ناتوانێ ببێتە ئاڵترناتیڤ، بۆیە ئێمە، بەردەوام هەوڵمان داوە کە پێوەندیی نێوان بزووتنەوەی گەلی کورد و بزووتنەوەکانی دیکەی ئێران بەهێز بکەین."

هەر بۆیە لە دواساتەکانی ژیانیدا لە گەڵ ئەوەی کە داکۆکی لە مافەکانی کورد دەکا، پێ لەسەر دابین بوونی مافی نەتەوەکانی دیکەش دا دەگرێ‌و بە هێنانی نێوی ئەو نەتەوانە، دەڵێ "ئەگەر ئەمرۆ کێشەی ئەو نەتەوانە چارەسەر نەکرێ لە داهاتوویەکی نیزیکدا دەبێ چاوەڕوانی ڕووداوگەلی دڵتەزێن بین." ئەم ڕوانگەیە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە دوکتور قاسملوو ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگی بە مەترسی بۆ لێك بڵاو بوونەوەی خەباتی مافخوازانەی گەلانی بندەستی ئێران و هەروەها بە ڕێگا خۆشکەری پێك هاتنی بیری شوڤێنیستی و مەزنیخوازی

←

دوکتور قاسملوو هەموو کاتێك ئەوەی دووپات دەکردەوە کە سیاسەت "هونەری مومکین"ە و دەیگوت کە خاڵێکی لاوازی بزووتنەوەی کوردی ئەوە بووە کە تا ئێستا یان "هەموو شتێك"ی ویستووە یان "هیچ شتێك" بۆیە دەیگوت سیاسەت "ڕەش و سپی" نیە بەڵکوو لە نێوان ڕەش و سپیدا ڕەنگەلێکی دیکە هەن.

وتووێژ و دیالۆگ لە لای دوکتور قاسملوو وەك شێوەیەك لە شێوەکانی خەبات چاوی لێ‌دەکرا، پێی وانەبێ کە هەر لایەنێك بەوە باوەری نیە "دەرگای سیاسەتی" بەسەر خۆیدا داخستوە.

# بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت تاوانێکی گەورەیە بە تەوێڵی دوژمنانی نەتەوەکەمانەوە

مەریوان نەستانی

بە درێژایی مێژووی ململانێی هێزە ناوچەیی‌و جیهانییەکان کە لە سەر خاکی کوردستاندا بوون، گەلی کورد سەرەڕایماڵوێرانی‌و دەربەدەری، بە زۆرو بە ناچاری کراونە سووتەمەنی ئەو ململانێیە ناڕوایانەو زۆرترین زیانیان وێکەوتوە، شاری سەردەشت‌و کیمیابارانکردنی ئەو شارەش لە لایەن ڕێژیمی لەنێو چووی بەعسی عێراقەوە دەکرێ بە یەکێك لە ئاکامەکانی ئەو ململانێیانە دابنرێ، دەکرێ روونتریش ئاماژەی پێبکەین یەکێك لە ئاکامە تاڵەکانی شەڕی ناڕەوای نێوان عێراق‌و ئێران، کە نێزیك بە دوو میلیۆن مرۆڤی هەڵ لووشی.

ڕەنگە زۆر پاساو بۆ ئەو مەسەلەیە هەبن، مەبەستم بۆمبارانی کیمیاویی شاری سەردەشتە، لەوانە، کاتێك دوو دەوڵەت لەشەڕدان، ماڵوێرانی بۆ هەر دوولای لێدەکەوێتەوە، بەڵام لەو بڕوایەدام هیچ پاساوێك نیە بۆ لەنێوبردنی دڕندانەی خەڵکی بێتاوان‌و بێچەك، ئەویش بە بەکارهێنانی چەکێکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی، کە هیچ عورف‌و یاسایەکی پشتیوانی لە بەکارهێنانی ئەو چەکە ناکا ـ لەبەرەکانی شەڕیشدا ـ هەتا بگا بەوەی کە دژی خەڵکی مەدەنی بەکار بهێنرێ.

ڕەنگە گێڕانەوەی ڕووداوەکە پێویست نەبێ، بەڵام لەبەر ئەوەی بەداخەوە زۆربەی خەڵکی کوردستانیش لەم تاوانە گەورەیە وەکو پێویست ئاگادارنین بە پێویستی دەزانم هەرچەند کورتیش بێ، ئاماژەیەك بە ڕووداوەکە بکەم، ساڵی ١٩٨٧ ئێوارەی ڕۆژی ٢٨ی مانگی شەش (٧ی پوشپەڕی ١٣٦٦) فڕۆکە جەنگییەکانی ڕێژیمی بەعسی لەنێوچوو هێرشیان کردە سەر شاری سەردەشت‌و چەند گوندێکی دەوروبەری بە گازی خەردەڵ‌و بۆمبی کیمیاوی بۆردومانیان کردن، چەکێکی کاریگەرو کۆمەڵکوژ بەو شێوە فراوانە بۆ یەکەمجار بوو بەکار دەهات، بەتایبەت دژی خەڵکی بێچەك‌و سیڤیل، دیارە کەمتر لە ساڵێك دوای ئەوتاوانە هەمان چەکی کیمیاوی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی لە ١٩٨٨/٣/١٦ لە شاری هەڵەبجەدا بەکار هێنراو ئەم جارەیان هەزاران کەس بوونە قوربانی .




لە ئاکامی ئەو تاوانەی ڕێژیمی بەعس دژی مرۆڤایەتی‌و دژی خەڵکی کوردستان‌و شاری سەردەشت، وێڕای وێرانی‌و خاپوورکردنی چەند بینایەك بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی کە تۆمار کراون زیاتر لە ٢٠٠ کەس گیانیان لەدەست داو دەهەزار(١٠,٠٠٠) کەس بریندار بوون، بێگومان ئێستاش ژمارەیەك لە بریندارەکانی ئەو تاوانە چاك نەبوونەتەوەو لەو ژمارە زۆرەی بریندارەکان ژمارەیەکی زۆریان لە ئاکامی سەختی برینەکانیان‌و نەبوونی چارەسەریی پێویست بۆیان‌و کەمتەرخەمی بۆ پێڕاگەیشتنیان تا ئێستا گیانیان لەدەست داوەو کەمئەندام بوون، سەرەڕای ئەوەش کاریگەری بە کارهێنانی ئەو چەکە ئێستاش دوای هەژدە ساڵ بەسەر خەڵکی ئەم شارەو سروشتی جوانی ئەو شارەوە دیارە، بە جۆرێك بۆتە هۆی پیسبوونی ژینگەو کانی‌و ئاوو، ڕووەکەکانی ئەو ناوچەیەشی ژاراوی کرد.

دزێوی‌و سامناکیی ئەو کارەساتە لەوەدایە، کەسانێك بوونە قوربانی کە هیچ تاوانێکیان بەرامبەر لایەنی هێرش بەر نەبووە، هەر لەو کاتەدا لە لایەن ڕێژیمی حاکم لە وڵاتی خۆشیاندا مافەکانیان پێشێل کراون‌و زوڵمیان لێکراوە، ئەوان تەنها لەبەر ئەوەی کورد بوون مەحکوم بوون بە مردن.

چ لە ئاستی نێوخۆی‌و چ لە ئاستی نێەنەتەوەیی‌دا بە داخەوە تا ئێستا کارێکی بەرچاوو شایان بۆ زیندوو هێشتنەوەی بیرەوەریی شەهیدان‌و قوربانییانی ئەو کارەساتەو قەرەبوو کردنەوەی زەرەرو زیانەکانیان نەکراوە، بە بڕوای من ئەرکی هەموو مرۆڤێکی ئازادیخوازو مرۆڤدۆستە کار بۆ ئەم مەسەلەیە بکا.

**بە دیکۆمێنت کردنی ئەوتاوانە**

پێویستە کەسانی شارەزاو پسپۆڕ چ لەبورای یاسایی‌و چ لەبواری ئامارو پزیشکی‌و..هتد، ژمارەی دروستی قوربانییان، بریندارن‌و چەندێتی‌و جۆری گازەبەکارهێنراوەکان، زەرەرو زیانی ئەو گازانەبۆ سەر ئاژەڵ، کانی‌و ئاو، ڕووەك‌و سروشتی ئەو ناوچەیەو وەزعییەتی ئێستای بریندااران‌و هەروەها ئاسەوارە درێژخایەنەکانی ئەو گازانەو جۆری نەخۆشییەکانی کە بەهۆی ئەم گازانەوە تا ئێستاش بەردەوامن‌و گیان لە بریندارەکان دەستێنن، پێویستە بەوردی لێیان بکۆڵرێتەوەو وەکو پەروەندەیەك ئامادە بکرێ، چونکە ئەوەندەی من ئاگام لێبێ قوربانییانی ئەو کارەساتە لە هیچ لایەکەوە قەرەبوو نەکراونەتەوە.

**ناساندنی ئەو تاوانەو ئاگادار کردنەوەی خەڵکی جیهان:**

دیارە لە بازنەیەکی بەرتەنگدا هێندێك لایەنی نێونەتەوەیی ئاگاداری ئەو مەسەلەیە هەن، بەڵام زیاتر ئەو ئاگادارییەش لە رووی پێڕاگەیشتنی پزیشکی‌و دەرمانی‌یەوە بووە، بەشی گەورەی خەڵکی جیهان یان ئاگاداری ئەو تاوانە نین یان وەکوو یەکێك لە دەرئەنجامەکانی شەڕی نێوان دوو وڵات سەیری دەکەن‌و ئەوەی کە لەو نێوەدا باسی ناکرێ‌و کەس ئاگای لێی نیە قوربانییانی ئەو تاوانەو کوردبوونی ئەوانە.

**بەشی گەورەی خەڵکی جیهان یان ئاگاداری ئەو تاوانە نین یان وەکوو یەکێك لە دەرئەنجامەکانی شەڕی نێوان دوو وڵات سەیری دەکەن‌و ئەوەی کە لەو نێوەدا باسی ناکرێ‌و کەس ئاگای لێی نیە قوربانیانی ئەو تاوانەو کوردبوونی ئەوانە.**

بۆیە پێویستە ئەو مەسەلەیە گرینگی تایبەتی خۆی بدرێتێ‌و خەڵکی زمانزان‌و شارەزا لە وڵاتانی دنیادا پێویستە کۆڕو سیمیناری تایبەت بەم مەسەلەیە لە زانکۆکان، پارلمانەکان‌و شوێنە شیاوەکانی ئەم باسانە بەڕێوەبەرن و لەرۆژنامەو گۆڤارەکاندا بابەت‌و لێکۆڵینەوەی پێوەندیداربەم تاوانە بنووسن‌و بڵاو بکەنەوە.

**یاد کردنەوەی ئەو کارەساتە:**

بەداخەوە ئێستاش هەموو خەڵکی کوردستان زانیاری تەواوییان لە چۆنیەتی ئەو کارەساتەو ڕادەی سامناکییەکەی نیە، بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی هەموان‌و لە لایەکی دیکەوە بۆ لە بیر نەچوونەوەی قوربانییانی ئەو تاوانە بە پێویستی دەزانم ساڵانە یادی کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت‌و ناوچەکانی دەوروبەری لەسەر ئاستی کوردستانداو فراوانتر لە ئاستە نێونەتەوەیی‌یەکاندا بکرێتەوە هەر وەك چۆن یادی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەو دۆڵی بالیسان‌و..هتد دەکەینەوە، لەم پێوەندییەدا ئەرکی حیزبە سیاسییەکان‌و ڕێکخراوە مەدەنی‌و پیشەیی‌و کۆمەڵایەتییەکانە، ڕۆڵی‌کارای خۆیان بگێڕن.

حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەخۆشییەوە ئێستا هەردوو ئیدارەکانی یەکیان گرتۆتەوەو کەشوهەوایەکی تازە بۆ خزمەتی هاووڵاتییان لە سایەی بارودۆخی ئێستای ناوچەکەدا هاتۆتە ئاراوە، بۆیە چاوەڕوان دەکرێ حکوومەتی هەرێمی کوردستان فیستیڤاڵی ساڵانە بۆ یادکردنەوەی قوربانیانی شاری سەردەشت بەڕێوەبەرێ، هیوادارم چیدی لەو بارەیەوە کەمتەرخەمی نەکرێ.

**چاوەڕوان دەکرێ حکوومەتی هەرێمی کوردستان فیستیڤاڵی ساڵانە بۆ یادکردنەوەی قوربانییانی شاری سەردەشت بەڕێوەبەرێ، هیوادارم چیدی لەو بارەیەوە کەمتەرخەمی نەکرێ.**

---

درێژەی

## قاسملوو، بیرمەندێکی شۆڕشگێرو

زانیوە، کە ئەمە خۆی دەبێتە بەربەستێك لەسەر ڕێگای یەکگرتوویی نەتەوەکانی ئێران و دوورکەوتنەوەیان لە یەکتر. بۆیە دوکتور قاسملوو بۆ پێشگرتن لە سەرهەڵدانی ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگ و هەر چەشنە مەزنیخوازییەك، تێدەکۆشا کە بزووتنەوەی کورد دێمۆکراتیزە بکا، هەر بۆیە دەیگوت خەباتی ئێمە بە تەنیا "میللی" نیە بەڵکوو خەباتێکی "میللی دێمۆکراتیك"ە. چوونکە دوکتور قاسملوو پێ وابوو کە مرۆڤی دێموکرات، مرۆڤەکان لە هەر نەتەوە، ڕەگەز و ئاینێك بن، یەکسان سەیریان دەکاو تێ دەکۆشێ بایەخە مرۆڤایەنییەکان لەنێو کۆمەڵگادا پەرە پێ بدا، بۆیە لەبارەی گرنگیی دێموکراسی لەنێو شۆڕشدا دەیگوت "هەرگیز خەبات بۆ دێموکراسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی یا خەباتی چینایەتی"یەوە. ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە دوکتور قاسملوو دێموکراسی بە کلیدی چارەسەری کێشەکان دەزانێ، بۆیە بێوچان هەوڵی دەدا کە دێموکراسی وەك بنەمایەك بێنێتە نێو جووڵانەوەی کوردەوە. دوکتور قاسملوو بۆ سڕینەوەی دیاردەی فەرد پەرستی لەنێو بزووتنەوەی کورد دا کە پێ وابوو، بەربەستی سەرەکیی جێگیر بوونی دێموکراسی لەنێو ئەو بزووتنەوەیەیە، هەوڵێکی زۆری‌دا کە ئەم ڕوانگەیە دوو قازانجی بەدواوە بوو١ـ نەبەسترانەوەی بزووتنەوە بە تاکەکەس ٣ـ پەروەردە کردنی مرۆڤی بوێر و ئازا و چالاك. هەر بۆیە دەیگوت:"هیچ نێعمەتێك لە جیهاندا لە ئازادی بەنرختر نیە. ئازادی کەرامەت و شەخسییەت دەدا بە ئینسان و ڕێگا نادا بکرێ بەمورە... ئینسان دەبێ لە حاڵەتی مورە بێتە دەر، ببێتە شەخسییەت، ببێتە فەردێکی زیندوو و چالاکی کۆمەڵ".

جیا لەوە دوکتور قاسملوو بۆ لەنێو بردنی هەر چەشنە هەڵاواردنێکی جینسی لە دژی ژنان تێکۆشاوەو بۆ لەنێو بردنی پێشێلکردنی مافی ژنان هەوڵی داوە کە لەم بارەیەوە دەڵێ "ژنان نیوەی ئەندامانی کۆمەڵن. هەرچی کەمتر لە کاروباری کۆمەڵدا بەشدار بن، ئەوەندە کارو تێکۆشان و خەللاقییەت لە کۆمەڵدا کەمترەو هەر ئەوەندەش کۆمەڵ پاشکەوتووترە. بۆیە ڕادەی بەشدار بوونی ژنان لە هەموو بارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی‌دا، نیشانەی ڕادەی پێشکەوتوویی هەر کۆمەڵێکە."

ئەم شێوە بیر کردنەوەیە نیشانەی ئەو پەری دێموکرات بوون و مودێرن بوونی ئەو ڕێبەرە گەورەیەیە کە بە هێنانی ئەو ڕێبازە دروست و ئوسوولییانە بۆ نێو بزووتنەوەی کورد، بوو بە هۆی ئەوە کە بزووتنەوەی کورد بکەوێتە سەر ڕێبازێکی مودێرن و هاوچەرخ. ڕێبازێك کە بوو بە هۆی پەرەسەندنی ڕۆژ لەدوای ڕۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك پێشرەوی جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران. بۆیە دەبێ ڕێباز و بیری قاسملوو هەروا وەکوو چراوگی ڕێگای خەباتمان بمێنێتەوە و ئەندێشەی قاسملوو و ڕێنوێنییەکانی ئەو ڕێبەرە گەورەیە کە بانگەشەی پێك هێنانی کۆمەڵگایەك، بەپێ بایەخە مرۆڤایەنییەکانی، دەکرد، بە کردەوە لەنێو کۆمەڵگادا پەرەیان پێ بدەین و جێگیریان بکەین.

---

درێژەی

## سیکۆلاریزم چیە؟

سرووش دەڵێ: "ئایین بۆ ئەوە هات کە کەس نەبێتە خودا لە سەر زەوی، سیکۆلاریزم بۆ ئەوە هات کە کەس نەبێتە نوێنەری خودا لە سەر زەوی".

**ڕووبەڕووبونەوەی کۆمەڵگای ئێران لەگەڵ سیکۆلاریزمدا**

ڕەوتی سیکۆلاریزم و سیکۆلاریزاسیۆن لە ئێراندا هاوکات لە گەڵ شۆڕشی مەشرووتە و پەرەسندنی بیری مودێرن لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات دەست پێدەکا، کە بە ڕێنسانسی کۆمەڵگەی ئێران ناوزەد دەکرێ. دواتر بە پەیدابوونی بیری چەپ‌و ڕاستی جیایی لە ئایین، لە دەیەی ١٣٢٠کۆمەڵێك بیری سیکۆلار ڕێگای بیری سیکۆلاریزمیان گرتەبەر، تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران ١٣٥٧داوهاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی،کە لە سەردەمی پاشایەتی تا ڕادەیەك ڕەنگدانەوەی لە دەسەڵاتدا بە تایبەت لە دەسەڵاتداریەتیی موسەدیق هەبوو. ئێران وەك وڵاتێکی فرە نەتەوەو فرە ئایین، هەموو کات لەژێر زەبروزەنگی پاشایەتیی بگرە هەتا سەرکوتی بێ بەزەییانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نالاندوویەتی. چ لە بواری نەتەوەیی چ لە بواری ئایینیەوە گوشارێکی زۆری لە سەر بووە. هاتنی ئیسلام‌و کەمڕەنگ کردنەوەو تەنانەت تواندنەوەی ئایینی زەردەشتی و سوتاندنی تەواویی دەست نووس، کتێبخانە، ئاتەشگەو هەروەها ئاسمیلەکردنی کەمایەتییە ئایینەکانی‌ترو...تاد، فەرمی‌بوونی ئایینی شێعە لە لایەن شاە ئیسماعیلی سەفەوی‌و زەقکردنەوەی کێشەی ئایینی, هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی‌و ئەزموونی ٢٧ساڵەی دەسەڵاتی بە زۆر داسەپاوو هەروەها گوشارو زەخت خستنەسەر کەمینە ئایینیەکان دەرخەری ناوەڕۆکی ئەو ڕێژیمە دژە سیکۆلارەیە. وەك ئەوەی لە سیاسەتەکانی ڕێژیم لە پێوەندی سەرکوت‌و ڕێگەنەدان بە چالاکی ئایینی، ئەشکەنجەوئازاری ڕۆشنبیرانی سیکۆلارە،...تاد کۆمەڵێك ئەزموونی ڕێژیمی سەرەڕۆ و ئیدئۆلۆژیکییە.هەڵبەت ڕەوتی بە سیکۆلاربوونی کۆمەڵگای ئێران، ئێستا لە کۆڕو کۆبوونەوە فەرهەنگیەکان دا دێتە بەر باس‌و لێکۆڵینەوەو بڕەوێکی باشی لە نێو ڕۆشنبیران‌و خوێندکارانی ئێران هەیە و لە بەرانبەر ئەوەیشدا سەرکوت و ئەشکەنجەو بەندیخانەکانی ڕێژیم. بۆیە لەو باوەڕەدام کە سیکۆلاریزم تەنیا مکانیزمێك بۆ ڕێگە خۆشکردن بە ژیانی هێمنانە لە سەر بنەمای پلۆرالیزمی ئایینی‌و نەتەوەیی، تەنیا ڕێگا چارەی دەربازبوون لەو قەیرانەیە کە ڕێژیم ڕێبەریی دەکاو دەستی ئاژاوەگێڕی درێژ دەکا. لە کۆتاییدا حەز دەکەم ئەم وتارە بەم وتەیەی نیچەوە کۆتایی بێنین کە دەڵێ:"بۆ ئەوەی کە بت پەرست نەبی، تەنیا شکاندنی بتەکان مەرج نیە، دەبێ خوو ئەخلاقی بت پەرستیش لە خۆتدا بکوژی"٣.

سەرچاوەکان:
١ـ مەریوان وریا قانع، ـ عەلمانیەت‌و ئایین ـ گۆڤاری ڕەهەند، ژمارەی (١٥ـ١٤)
٢ـ ماڵپەڕی: اخبارروز-WWW.AKBARE-ROOZ.COM
٣ـ نیچە، فردریش ـ و. شجاع الدین شەفاـ سرودەهای زرتشت.

# لەمەڕ فەلسەفە

سامان کۆنەپۆشی

بە بڕوای یەکێك لە فەیلەسوفەکانی یونانی دێرین ساتەوەختی سەر سوڕمانی مرۆڤ هەمان ساتەوەختی سەرهەڵدانی فەلسەفەیە، سەرسوڕمانی مرۆڤ لە بوونی جیهانێکی بەم چەشنە ئاڵۆزو هەروەها بوونی خۆی(مرۆڤ) لەم جیهانە ئاڵۆزەدا.بە ئاوایەکی دیکە، فەلسەفە کاتێك سەریهەڵدا کە مرۆڤ پرسیارگەلێکی بونیادی لە مەڕ خۆو جیهان هێنایە ئاراوە. کەوابوو فەلسەفە خاوەن مێژوویەکی دێرینە، لە راستیدا تەمەنی بەقەد تەمەنی مرۆڤ لە جیهاندایە.

دیارە کە دەبێ قۆناغێکی زەمان بۆ سەرهەڵدانی فەلسەفە دەستنیشان بکەین. فەیلەسوفەکان بە گشتی لەسەر ئەوە هاودەنگن کە فەلسەفەی یونانی دێرین دا سەریهەڵدا، وفەیلەسوفە سروشتیەکان - تالیسی، ئەناکیسماندێرو ئاناکساگورس - بە یەکەمین فەیلەسوفەکانی یونانیدێرین، لەقەڵەم دەدەن. هەڵبەت فەلسەفەی هێند بە نیسبەت فەلسەفەی یونانی دێرینەوە مێژوویەکی کۆنتری هەیە، بەڵام خاڵێك کە لێرەدا دەبێ ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە کە، فەلسەفەی هیند پتر بە شێوەی ئەفسانە بووەو کەمتر پشت ئەستوور بووە بە بەڵگاندنی فەلسەفی. بۆیە ئەگەرچی لە پشت ئەفسانە هیندییەکانەوە بیرێکی فەلسەفی بۆ جیهان‌و بوون ئامادەیە، بەڵام پتر وەك ئەفسانە ناسراوە تا فەلسەفە.

مێژووی فەلسەفە، لە فەلسەفەدا خاوەن جێگەیەکی تایبەتە. مێژووی فەلسەفە مێژووی بیروبۆچوونی فەلسەفیە بە درێژایی مێژوو و هەروەها پەیوەندی ئەوان لەگەڵ راستیەکانی سەردەمی خۆیاندا. بۆ ئەوەی کە بتوانین لە فەلسەفەی ئیمڕۆ تێبگەین پێویستە کە شارەزای مێژووی فەلسەفە بین. رەنگە فیزیکزانێك بۆ ئەوەی کە ببێت بە فیزیکزان پێویست نەبێ کە مێژووی فیزیك بزانێت، بەڵام بە هۆی جیاوازیگەلێ نێوان مێژووی فەلسەفەو مێژووی زانستەکان، هیچ فەیلەسوفێك بەبێ ئاشنابوون بە مێژووی فەلسەفە ناتوانێت ببێت بە فەیلەسوف. بە بێ خوێندنەوەو تێگەیشتن لە فەلسەفەی دوێنێ تێگەیشتن لە فەلسەفەی ئیمڕۆ کارێکی نەکردەیە، چونکە مێژووی فەلسەفە بە هێڵێکدا تێدەپەڕێ کە ناکرێت ئەم هێڵە لە نیمەدا بپچڕێت‌و یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی پرسیاری فەلسەفی بریتییە لەوەی کە، پرسیارە فەلسەفییەکان بە درێژایی مێژوو دووپات بوونەتەوەو لە داهاتووشدا بەردەوام دووپات دەبنەوە، و پێشکەوتنی فەلسەفی لە گۆڕانی پرسیارە فەلسەفییەکان دانیە، بەڵکو لە گۆڕان‌و پێشکەوتنی وڵامەکاندایە، و بۆ نموونە، بە بێ تێگەیشتن لە بۆچوونی ئەفلاتوون لە مەڕ بوون (وجوود)، ناتوانین لە بیری سارتەر لەمەڕ ئەو بابەتە تێبگەین. هەروەها ئاماژەمان پێدا مێژووی فەلسەفە بە هێڵێکدا تێدەپەڕێ‌و بیری هەر فەیلەسوفێك لەسەر بناخەی فەیلەسووفەکانی پێش خۆی شێوە



(شکل) دەگرێت، ئەگەرچی تەنانەت هەموو فەیلەسوفەکانی پێشووی رەت کردبێتەوە. لە زانستەکاندا مێژووی زانست رەنگە بەشی سەرەکی زانست نەبێت، بەڵام مێژووی فەلسەفە بەجۆرێك بابەتی فەلسەفەیە. و بە واتایەك ئەتوانین بڵێین کە، فەلسەفە بریتیە لە مێژووی فەلسەفەو مێژووی فەلسەفەش هەمان فەلسەفەیە [!!].

بە بڕوای هەموو فەیلەسوفەکان دژوارترین پرسیارێك کە بتوانین بیهێنیینە ئاراوە، ئەوەیە کە فەلسەفە چیە؟، گەیشتن بە وڵامی ئەم پرسیارە کارێکی ئەستەمە، چونکا ئاڵۆزییەکی زۆر باڵی بە سەر چییەتی فەلسەفەدا کێشاوە.

ئەم پرسیارە وەك پرسیارە فەلسەفییەکانی دیکە، لە درێژایی مێژوودا هاتووەتە گۆڕێ‌و هەر فەیلەسوفێك بە پێی رادەو جۆری تێگەیشتنی خۆی لە فەلسەفەو هەروەها رادەی پێشکەوتنی زانستی سەردەنم، وڵامی جیاوازی بەم پرسیارە داوەتەوە، بەڵام تا بە ئەمڕۆش پێپێناسێکی تەواوو کامڵ لە فەلسەفە نەکراوە کە بتوانین بڵێین ر ئەمەیەو ناتوانیت هیچی تربێت. بەڵام هەر هەوڵ دەدەم تارادەیەك تیشك بخەمە سەر واتای فەلسەفە.

وشەی فەلسەفەلە دوو بەش پێکهاتووە،Philo بە واتای خۆشویستن،و Sophy بە واتای حیکمەت. دەبینین کە فەلسەفە بە واتای خۆشویستنی حیکەمت دێت. و یەکەمین کەسێك کە ئەم وشەیە بەکارهێنا فیساغورس ( soo-582 پ.ز)بوو. کاتێك لە فیساغورس دەپرسن کە ئایا تۆ کەسێکی حەکیمیت؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ:"حەکیم نیم، بەڵام حیکمەتم خۆش دەوێ". فەلسەفە هەر لە سەرەتاوە بە مانای خۆشویسنی حیکمەت‌و مەعریفەو زانیاری هاتووە.

ئەگەر ئاوڕێك لە ژیانی رۆژانەی خۆمان بدەینەوە، دەبینین کە ئاستێکی پێزانین هەیە کە مرۆڤ راستەوخۆ بە هۆی کارکردن بە کەرەستەو بابەتەکانی ژیان بە دەستی دێنێ. کەسانێکی دیکە پتر لەم دیاردەگەلە قووڵ دەبنەوەو پێوەندی نێوان دیاردەکان‌و هۆکارەکانیان دەستنیشان دەکەن‌و بەدوای یاساکان دا دەگەڕێن، ئەم کەسانە زاناکانن. لە سەروی ئەمانەوە کەسانێکی دیکە هەن کە لەو بنەما هزریانە، لەو یاسا زانستیانە دەکۆڵنەوە، ئەم کەسانە فەیلەسوفەکانن. کەوابوو فەلسەفە پلەیەك لە زانست بەرزترە.

فەلسەفە ئاگاییەکە لە سەر حەقیقەتگەلی هەموو شتەکان، بەو رادەیە کە مرۆڤ لە توانایدای پێیبگات.

فەلسەفە خۆی بە وردەکارییەکانەوە خەریك ناکات، بەڵکوو لە فەلسەفەدا گشتی ترین بابەتێك کە بتوانین لە گەڵیدا سەروکارمان هەبێت، واتە هەبوون (هستی)، دەبێتە بابەتی بیر کردنەوەمان. فەلسەفە بە شوێن وەڵامی پرسیارگەلێکی گشتی وەك : لاوێتی چیە؟ پێش لەدایك بوون لە کوێ بووین؟ هەقیقەتەکانی چیە؟ ئایا جیهان ئامانجێکی هەیە؟ خوا چیە؟ و ...هتددا دەگەڕێت،و سەرقاڵ بوون بە وردەکارییەکانەوە، کاری فەلسەفە نیە.

فەلسەفە زانست نیە.، نەك بەم واتایەی کە شتێکی لە زانست کەمتر بێت بەڵکوو لە بەر ئەوەی کە هەندێ شتی لە زانست زۆرترە. فەلسەفە بەرزتر لە زانستە، و بە واتایەکی دیکە بەرزترین ئاستی بیرکردنەوەی مرۆڤە. هەروەك هایدگێر دەڵێت: فەلسەفە زانست نیە، بەلام ئەگەر هەر زانست بێت، زانستە بە سەرچاوەکان.

فەلسەفە بیرکردنەوەیە، بیرکردنەوە لە هەرە گشتی‌ترین بابەتگەلێك کە لە جیهان‌و ژیان دا رووبەڕوویان دەبینەوە.

**بۆ نوسینی ئەم بابەتە کەڵك لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**
**کتێبی، ئینسیکلۆپیدیای فەیلەسوفان، وەرگێڕانی محوەمەد وەسمان**
**هەوەها دووبابەتی ئێنتەرنێتی**

# زمان، وەرگێڕان و پێوەندیی کولتوورەکان

## بەشی دووهەم

ن:حسین یەعقووبی

و: سمایل زارعی

پێش ئەوەی لە باسکردن لەمەر سەرهەڵدانی زمان بچینەدەر، جێی خۆیەتی لەمبارەوە ئاماژە بە تیۆرییەکی سیاسی – ئایدیۆلۆژیکیش بکەین: چەندین ساڵ لەمەوبەر نیکۆلای مار (١٩٣٠ – ١٨٢٤) لە گەڵ بە دەسەڵات گەیشتنی کۆمۆنیزم، تیۆری زمانەکانی ***یافسی*** دارشت (یافس ناوی سێهەمین کوڕی ***نووح***، دوای ***سام*** و ***حامە*** کە زمانەکانی ***سامی*** و ***حامی*** لەو دوانەوە وەرگیراوە). دواتر بۆ تیۆرییەکەی خۆی کەڵکی لە بنچینەکانی مارکسیزم وەرگرت. ***مار*** گریمانی داخوازییەکی هاوبەشی بۆ هەموو زمانەکانی جیهان دەکرد و پێی وابوو پێوەندی مرۆڤەکان سەرەتا بە هۆی جووڵانی هێمایی دەست و پێ بوو و دواتر لە گەڵ تێپەڕبوونی زەمەن چوار هۆکاری فۆنەتیك دەرکەوتن کە زمانێکی ناتەواوی باڵا دەستیان خولقاند. دواتر بە ئاوێتەبوونی، گۆڕانی نەسەن و فۆرم و زیادبوونی ئەم چوار دەنگە زمانە جۆراوجۆرەکانی دنیا پێك هاتن کە ***مار*** ئەوانی بە چوار قۆناغی بەردەوام دابەش کردووە. ئەم قۆناغانە لە گەڵ گەلێك بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئابووری جۆراوجۆر یەکتر دەگرنەوە.

***یەکەمین قۆناغ:*** زمانی چینی، زمانی ئەفریقایی

***دووهەمین قۆناغ:*** زمانەکانی فێنلەندی، ئۆیغۆری، ترکی

***سێهەمین قۆناغ:*** زمانەکانی قەفقازی و حامی

***چوارەمین قۆناغ:*** زمانەکانی هیند و ئەورووپایی و سامی

هەر کام لەم قۆناغانە لە گەڵ سەردەمێك لە پێشکەوتن یەکتر دەگرنەوە و زۆر بە ئەستەمی دەکرێ لە پشتەوەی ئەم پۆلێنەکردنەدا هێماگەلێکی رەگەزپەرستانە یا لانیکەم ئەورووپاتەوەرییانە نەبیندرێ. مار پێی وابوو بە وەدیهاتن و پێکهاتنی جیهانێکی سوسیالیستی زمانێکی یەکە سەرهەڵدەدا، بە واتایەکی دیکە، یەکترخوێندنەوەی کامڵ و پوخت ئەو واتایەشی هەیە کە زمان کاردانەوەی خەباتی چینایەتی‌یە.

### چ شتێك بوونی زمان پێویست دەکا؟

لێکۆڵەرێك کە ئەم پرسیارەی هێنایە گۆڕێ وڵامێکی بەم شێوەیەی داویەوە: ئەنجامدانی هێندێك کاروبار کە خۆمان ناتوانین لە لایەن کەسانێکی دیکەوە ئەنجامیان بدەین. لێکۆڵەرێکی دیکە بانگەشەی ئەوەی کرد کە مرۆڤ تەنیا کاتێك توانی ئاخاوتن بکا کە پێویستی پێی بوو. بەڵام چ کاتێك پێویستی بەم هێزە بوو؟ مەگین هەمیشە پێویستی پێی نەبووە؟ لێکۆڵەرێکی دیکە گوتی وێناکردنی سەردەمێك ئەستەمە کە مرۆڤ لەودا نەیتوانیبێ قسە بکا. هەتا زیاتر هەوڵ بدەین چۆنیەتی و هۆی داهێنانی وشەکان لە لایەن مرۆڤەوە بدۆزینەوە زیاتر سەرمان لێ‌دەشێوێ. وادیارە هۆکاری داهێنانی وشە زۆرە. بۆ دیاریکردنی نێوان نێرینە و مێینە، ناوهێنانی ئەندامێك لە ناو ئەندامەکانی دیکەدا بە ناولێنانەوە، وەك دیاریکردنی ئاژەڵێك لە بنەماڵەیەك لە ئاژەڵەکانی دیکە، توانایی دەربڕینی برسییەتی، تینوێتی و حاڵەتە دەروونییەکان، جیاوازی لە نێوان کاتی نزیك و دوور، شوێنی نزیك و دوور.

رۆژێك پێمان وابوو دەنگی منداڵان وەك لەو دەنگانە دەچێ کە مرۆڤی سەرەتایی لە کاتی کار وئیش کردن یا هەوڵدان بۆ پێوەندیگرتن درووستی دەکردن. ئەمرۆکە دەزانین منداڵان تەنیا ئەو دەنگانە دەدرکێنن کە لە هەموو قۆناغەکانی پێگەیشتندا دەکرێ دەریانبڕین.

ئار. ئەی. ڤیلسۆن پێی وابوو: "زمان ئامرازێکی تاکەکسییە کە مرۆڤ دایهێناوە بۆ ئەوەی جیهانی دەرەکی لە زەین و بیری خۆیدا وێنا بکا. لەوەڕا کە وێنای زەینی مرۆڤ لە جیهان بە هەمان رادە کە ئەو دەتوانێ لە دنیای دەرەوەیی نزیك بێتەوە، زۆر لە بنچینەوە نزیکە، بێگومان دەبێ پێوەندییەك لە نێوان ستراکتۆری زمان و ستراکتۆری جیهانێکدا هەبێ کە زمان مەبەستی وێناکردنی هەیە"(پینکێر، ١٩٩٥: ٢٧).

وادیارە کە ئاخاوتن واتە توانایی مرۆڤ بۆ قسەکردن، رووداوێکی لە نەکاو و کتوپڕی نیە سروشتییە کە لە گەڵ ئەودا پێگەیشتووە. وادیارە دوای پێشکەوتنێکی دوور و درێژ و دردۆنگانە زمان پێکهاتووە، کە زۆرتر لە رێگای تاقیکاری و هەڵەوە شێوەی گرتووە. هێندێك پێیان وایە بنچینەیەکی سەرەتایی هەبوو و هەر کۆمەڵە و کۆمەڵێك گۆڕانکاری تێدا گونجاندووە و ئەو زمانە بەرهەمهاتووە بەرەبەرە وێکچوونی خۆی لە گەڵ زمانی سەرەتایی لە دەست داوە. هەنووکە چەندان خێزانی زمانی وەبەرچاو دەکەوێ کە بێ شك لە زمانە پێوەندیدارەکان بە یەکترەوە پێکهاتوون و هەر ئەوەش گرینگی و بەها بە بیروڕا و تیۆری زمانی سەرەکی دەبەخشێ. پینکێر پێی وایە مرۆڤی سەرەتایی لە شوێنە جۆراوجۆرەکان لە سەردەم و کاتە جۆاروجۆرەکاندا، کەڵکیان لە گەلێك زمانی جیاواز وەرگرتووە. ئەم جیاوازییەی نێوان زمانەکانیش، وەك جیاوازی لە نێوان جۆرەکانی مرۆڤ و ئاژەڵەکان لە ژێر کاریگەری سێ پرۆسەدایە کە لە درێژخایەن دا پراکتیزە دەبن. پرۆسەی یەکەم داهێنانی نوێی زمانی (لەمەڕ جۆرەکان، موتاسیۆن) پرۆسەی دووهەم رەوتی فێربوون (لەمەڕ جۆرەکانی میراتگری) و سێهەمین پرۆسە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی – هەرێمی (اقلیمی) (لەمەڕ جۆرەکان، جیاوازی وەرزی جووت بوون (جفت گیری) و ئاناتۆمی تۆرەمە خستنەوە(تولید مثل) (پینکێر، ١٩٩٥: ٢٤٧ – ٢٤٣).

جۆرج یۆل دەنووسێ:

لە گەڵ ئەوەدا کە دەکرێ هێندێك لە گۆڕانکارییەکانی زمانی لە گەڵ گۆڕانکارییە بەرچاوە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمی شەڕ، هێرش و گۆڕانکارییەکانی دیکە پێکەوە گرێ بدەین بەڵام وادیارە گۆڕانی گشتی و هەمەکی سەرچاوەی زمان، پرۆسەی هەمیشەیی گواستنەوەی کولتووری بووە. دەبێ هەموو تۆرەمەیەك رێیەکی تازە رێگایەك بۆ کەڵك وەرگرتن لە زمانی تۆرەمەی پێش خۆی بدۆزێتەوە. لەم پرۆسە ناکۆتایەدا، کە بە هۆی ئەوەوە هەموو تاکێك کە کەڵك لە زمان وەردەگرێ دەبێ بۆ خۆی سەر لەنوێ، زمانی کۆمەڵگا بئافرێنێتەوە، بەریانی(گرایش) حاشاهەڵنەگر بۆ هەڵبژاردنی هێندێك لە تۆخمەکانی زمان بە شێوەیەکی ورد و هێندێکیان بە شێوەی رێژیی هەیە. هەروەها حەز و مەیلی پاڵەکی بۆ جیاوازبوونیش هەیە. بە حاشاهەڵنەگر زانینی جوانی پرۆسەی گواستنەوە، دەبێ چاوەڕوانی ئەوەشمان هەبێ کە زمانەکان وەك خۆیان نامێننەوە(نەگۆڕ نین)، بەڵکو تووشی گۆڕان و گۆڕانکاری دەبن(یۆل، ١٣٧٤: ٢٦٠).

هەزاران ساڵ لەمەوبەر لە پێش چاوی خەڵکدا گۆڕان لە زماندا پێکهاتووە بەڵام تەنیا لە سەد و پەنجا ساڵی رابردوودا کە زماننناسان و زانایان شیتەڵ کردنەوە و راڤەکردنیان دەست پێکردووە و لە سەدەکانی پێشووتردا، جگە لە ژمارەیەکی زۆر کەم کە دوور دووریان دەڕوانی هیچ کەسی‌تر سەرنجی پێ نەداوە. دانتە یەکەمین شاعیری ئیتالیایی، یەکەمین بیرمەندی گەورەیە کە لەمەڕ گۆڕانی زمانی بیرو ڕای دەربڕیوە و دەڵێ:

کەواتە لە سەردەمی تێکچوونی قەڵاتی بابل بەملاوە، هەموو زمانێکی مرۆڤ بە پێی حەزەکانی ئێمە سەر لە نوێ پێکهاتۆتەوە و چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی زۆر شیاوی گۆڕانە/، زمانیش ناتوانێ نەگۆڕ و هەمیشەیی بێ، بەڵکو وەکو هەموو شتەکانی دیکەی مرۆڤ، وەك داب و نەریت و جل و بەرگ، بێگومان بە پێی کات و شوێن دەگۆڕدرێ.(اکو، ١٩٩٧: ٣٣ – ٣٢).

هەروەها دەیڤید کریستاڵ یەکێك لە دوایین لێکۆڵەران لە سەر پرسی گۆڕانی زمان نووسیویەتی:

زمان نەگۆڕ نامێنێ. گۆڕانی زمانی لە دۆخی هەنووکەیی مرۆڤدا، حاشاهەڵنەگرە. راستییەکەی ئەوەیە کە لە یەك میلیۆن ساڵی رابردوودا، رەگەزی مرۆڤ لە جیاتی گۆڕانی ژینگەیی، لە رەهەندی زمانییەوە گۆڕدراوە. لەو هێزانەی کە کاریگەرییان لە سەر گۆڕانی زمان هەیە یەکیان پێوەندی بە گۆڕانی دەنگ (Phonim)، شێوەگەلی کەڵك وەرگرتن و پێکهاتەکانی شێوە و فۆرمی زمانە، ئەویتر پێوەندی بە وەرگرتنی دروونی (یان بەراوردکاری) و سێهەمینیش پێوەندی بە وەرگرتن لە گوێی خزم و نزیکەکان، لە زمانە خزم و لە زمانە بێگانە(ناخزم)ەکانەوەیە.( کریستاڵ، ١٩٩٧: ١٦).

سروشتییە کە لە گەڵ گۆڕانی رۆژ لە دوای رۆژی دروونی زمان و دەرەکی زمان، پرسی تێگەیشتن و درککردنی دووسەرە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا رۆژ لە دوای رۆژ چەتوونتر بووە و گرفتێك بە ناوی "لەمپەری زمانی" گەلێك بانتر لە سنووری جوگرافییەکانیش، بۆتە هۆی دابڕانی مرۆڤەکانی جیا لە یەکتر.

**دەتوانن بەرهەمەکانتان بەو ناونیشانەی خوارەوە بۆ بەشی "ئەدەب و هونەر" بنێرن**
**edeb_huner@yahoo.com**

# ئەنفالی سپی لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی ئاخوندیدا

عەلی بداغی

دیاردەی گیرۆدەبوون (ئیعتیاد) بە ماددە هۆشبەرەکانو قاچاغو ساتوسەودا کردن بەم جۆرە ماددانەوە ئەگەرچی دیاردەیەکی جیهانییەو بینەقاقای زۆربەی وڵاتانی گرتوە، بەڵام زۆرترین خەسارو زیانەکانی گیرۆدەو پەرەسەندنی ئەو دیاردەیە، وەبەر کۆمەڵگای ئێران کەوتوە. ئێران گەورەترین بازاڕی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکانە لە جیهانداو ئامارە رسمییەکانی ژمارەی گیرۆدەبووان بە داوی ئیعتیاد ٤ ـ ٦ میلیۆن کەس دەقەبڵێنن، بەڵام ئامارە غەیرە رەسمییەکان دەڵێن لە نێوان ٧ تا ١٠ میلیۆن کەس لە خەڵکی ئێران موعتادن کە لاوەکانو کەسانی ژێر ٣٠ساڵ زۆرینەی حەشیمەتی موعتادی ئێران پێك دەهێنن.

ناکامیو نەزۆك مانەوەی بەناو بەربەرەکانیی رێژیمی ئیسلامیی ئێران دژی ماددە هۆشبەرەکانو پەرەسەندنی رۆژلەدوای رۆژ زیاتری دیاردەی راهاتن بە ماددە سڕکەرەکان لە نێو خەڵکی ئێراندا راستییەکمان بۆ دەردەخا، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر لەلایەك کۆنترۆڵی ئەو دیاردەیە لە دەست بەرپرسانی پێوەندیداری رێژیم دەرچووەو، رێژیم بە کردەوە لە چارەسەرکردنی ئەم قەیرانەدا داماوە، لە لایەکی دیکەش رێژیم بە "سیاسەت" کردن لەگەڵ ئەم دیاردەیە زۆر بە باشی لە خزمەتی ئامانجە دزێوەکانیدا کەڵکی لێوەردەگرێ.

رێژیمی ئیسلامیی ئێران بەو بیانوویە کە ئێران قەڵغانی زیانەکانی ماددە هۆشبەرەکان لە جیهان دایەو بەر بە ترانزیتی رەهای مادەسڕکەرەکان دەگرێ، بە ناو خۆی لە ریزی ئەو وڵاتانە خزاندوە کە دژی قاچاغی ماددە هۆشبەرەکان خەبات دەکەنو بەوەش



ساڵانە بە میلیۆنان دۆلار لە رێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانو رێکخراوە جیهانییەکانی دیکە یارمەتی وەردەگرێو لەولاش لە ژێر ناوی خەبات دژی ماددە هۆشبەرەکان جیابیرە ئازادیخوازەکان سەرکوت دەکاو لە ئاستی گشتیدا دەبینین کە وزەو توانای بەرهەڵستکارانەی بە میلیۆن لاوی گەلانی ئێرانی بێهێزو دەستەوەستان هێشتۆتەوەو لە پێی خستوون. واتە لە دوو دێردا هێزی پرسیارکردنی تێیاندا کوشتوە، توانای بەرەنگاریو دژکردەوەی ئەوانی مراندوە.

لەگەڵ ئەوەی نرخی ماددە هۆشبەرەکان ساڵ بە ساڵ دێتەخوارێ، خشتەی تەمەنی راهاتووەکانیش بەردەوام روو لە نزمییەو مێرمنداڵانو منداڵانیش بەشێکی بەرچاو لە حەشیمەتی گیرۆدەی ئێران پێك دێنن. دابەزینی نرخی ماددە بێهۆشکەرەکان واتە رێخۆشکردن بۆ زۆرترین داواو، بەرینتر بوونەوەی هەرچی زیاتری بازاڕی بەکارهێنانو لە ئاکامدا تێوەگلانی هەرچی زیاتری لاوانو مێرمنداڵان لەو زەلکاوەدا. هۆکارگەلی ئابووری لە تەنیشت بێئاگایی لەهەمبەر خەسارەکانی ئەم دیاردەیە، لە تاکی بەکارهێنەردا چاوگەی دەرکەوتنو پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگای ئێرانە.

کاتێك بێکاری لە بەربڵاوترین شێوەی خۆیدا ئەوکی لاوانی گرتوە، کاتێك هەژاریو بێدەرەتانی روخساری رووتی خۆی لە کۆمەڵگادا دەرخستوە، کاتێك جیاوازیدانانو هەڵاواردن بۆتە سیاسەتی رەسمی رێژیم، کاتێك کە زەختو گوشاری سیاسی هەمووجۆرە، ئازادییەکی سیاسیو فەردیی لە خەڵك زەوت کردوە، کاتێك ئیمکاناتی تەفریحی گونجاوو لەبار بۆ لاوان دابین ناکرێو کاتێکیش ماددە هۆشبەرەکان زۆر بە هاسانیو زۆر بە هەرزانو لە هەموو جێیەك دەست دەکەون، ئەدی چۆن ئەو دیاردەیە تا بینەقاقا کۆمەڵگا لەخۆیدا نوقم ناکا؟

بەسەرنجدان بە بارودۆخی کۆمەڵگای ئێرانو پەرەسەندنی رەهای راهاتن (ئێعتیاد) لە ئێراندا، دەتوانین بڵێین کە بەناو خەباتی رێژیم دژی ئەم دیاردەیە تووشی شکستی زۆر سەخت بووەو هەر لەجێشدا ئەم خەباتە چەواشەکارانە بووە. واتە ئەگەر بەربەرەکانێو دژکردەوەیەکیش لەلایەن رێژیمەوە نیشان درابێ، ئەوە بەربەرەکانی دژی ماددە هۆشبەرەکان بووە نەك بنبڕکردنو نەهێشتنی دیاردەی گیرۆدەیی لە ئێراندا، لەبەر ئەوەی دەستبەسەرداگرتنی ماددە هۆشبەرەکان وەك تەنیا کارێك کە رێژیم لە ئاستێکی زۆر نزمو خوارێداو جارجار دەیکا، تەنیا پێش بە بڵاوبوونەوەی ئەم ماددە هۆشبەرانە دەگرێو لە حاڵێکدا راهاتن وەك زیانێکی کۆمەڵایەتیی گرێدراو بە نۆرمو نانۆرمەکانی کۆمەڵگا رەفتارێکی ئینسانییەو پەرچەکرداری فەرهەنگی دەخوازێ. بە شێوەیەکی روونتر ئەوە کە خەبات دژی ماددە هۆشبەرەکان خۆی لەبەرەنگارییەکی فیزیکی لە بەرامبەر بەرهەمهێنان، قاچاغو بڵاوبوونەوەی ماددە سەڕکەرەکاندا دەبینێتەوەو پرۆسەیەکی نیزامییە لە هەمبەر دیاردەیەکی تاوانبارانە، لە حاڵێکدا خەبات بۆ نەهێشتنی گیرۆدەیی، خەباتێکی کلتووری ـ کۆمەڵایەتییە لە پێناو پاکژکردنی کۆمەڵگاو گەڕاندنەوەی گیرۆدەکان بۆ باوەشی ژینگەیەکی ساڵمو کۆمەڵگایەکی ساخڵمە. کە دەشڵێین خەباتێکی چەواشەکارانە بەو مانایە کە رێژیم بە تایبەت لەچەند ساڵی رابردوودا زۆر بەکەمی دەستی بەسەر ماددە هۆشبەرەکاندا گرتوەو کەمترین بڕی ماددە هۆشبەرەکانی زەوت کردوەو لە نێوی بردوون. واتە ماددە هۆشبەرکان زۆر بە هاسانیو زۆر بە لێشاوو بەبێ کەمترینو چووکترین کۆسپ لە ئێراندا بڵاودەبنەوە.

بنبڕکردنی دیاردەی ئیعتیاد لە کۆمەڵگا ئینسانییەکاندا ئەزموون کراوەو بۆ نموونە لە وڵاتێکی پتر لە یەك میلیارد کەسیی چیندا سەرکەوتوو بوو، ئەدی چۆنە ئەم خەباتە لە ئێراندا تووشی شکست بووە؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کە گەلێك جار گوتوومانە، رێژیمێك کە مانەوەی دەسەڵاتەکەی لە نەبوونی هێزی وشیارو پرسیارکەری کۆمەڵگاو لە نەبوونی هێزو وزەی لاوانی بەرهەڵستکارو بە هۆشو بیردا دەبینێ، رێژیمێك کە مەوجوودییەتی خۆی لە قەیران خولقێنیو قەیران بۆ قەیراندا دەپارێزێو نەخۆشیی کۆمەڵگا گەرەنتی درێژتر بوونەوەی تەمەنی دەسەڵاتەکەیەتیی، چۆن دێ هەنگاوی کردەکی لە پێناو چارەسەری ئەم خەسارە ماڵوێرانکەرەدا هەڵ بگرێ؟



# تێڕوانینێك لە راپەڕینی هاوینی ساڵی ١٣٨٤

ناسر ساڵحی اسڵ

لە خەباتی پڕ هەورازو نشیوو شۆڕشە خوێناوییەکانی کورددا کە لەسەر بنەمای هەستی لەخۆ دڵنیابوونو دەروونبەرزیی نەتەوەی کورد دامەزراوە، چیرۆکی حاشا کردن لە نەتەوەبوونی کورد پووچەڵ کرایەوە. لە دەورانی رێژیمی پاشاییداو پاش رووخانی ئەو رێژیمەو هاتنە سەرکاری ئاخوندەکان، ئازادیخوازانی کورد لە کوردستانی ئێران بە پشتیوانیی لەبن نەهاتووی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان خەباتێکی خوێناوییان دەست پێکردەوە.

بۆ بڕینی رێگای پڕ لە هەورازو نشێوی خەبات چەندین رێبەرو گەورە پیاوی کوردو بە هەزاران تێکۆشەر گیانیان فیدا کرد. بەداخەوە دەنگی ئازادیخوازیو مافخوازیی نەتەوەی کورد لەژێر کاریگەریی شەڕی ساردو جیهانی دوو جەمسەرییدا کپ کرابۆوە. کەمتر رێکخراو و کۆڕو کۆمەڵو وڵاتێك ئاوڕی لە کێشەی رەوای نەتەوەی کورد دەدایەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان وەك رێبەرو ئاڵاهەڵگری بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیكو نوێنگەی باوەڕو ئیمان بە هێزی لەبڕانەهاتووی نەتەوەی کورد، دژی نەتەوە ئینکاریو ئاسیمیلەکران (تواندنەوە) بەربەرەکانیو خەباتی کرد. تێکچوونی بارتاقاییو هاوسەنگی نێوان بلوکی رۆژئاواو رۆژهەڵاتو رووخانی دیواری برلین، هەروەها لێك هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەتو وڵاتانی ژێر سێبەری، بوونە هۆی بەرزبوونەوەی هوشیاریی نەتەوایەتی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئورووپاو کۆمارەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتدا. نەتەوەی کورد بەگشتیو خەڵکی کوردستانی ئێران بەتایبەت، هێزو گوڕوتینێکی دیکەی هاتەوە بەرو بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی لە قۆناغێکی دیکەی خەباتدا خۆی ئامادە کردەوە. تەنەخی کردنی وڵاتانی ئورووپاو ئەمریکا لەبارەی کێشەی نەتەوەی کورد هەرچەند لەسەرخۆ بەڵام رووی لە کزی دەکرد. هەروەها زەقکرانەوەی کێشەی نەتەوەیی کورد لەدوای کێشەی "فەلەستین ـ ئیسرائیل) لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست خزیوەتە نێو هاوکێشە سیاسییەکانو خستنەرووی داخوازییەکانی نەتەوەی کورد ئێستا پتر لە جاران لە کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیییەکان دا بەرچاوە.

بۆشایی دەسەڵاتی ناوەند لە کوردستانی عێراقو رووخانی رێژیمی بەعسی عێراقو گەیشتنی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق بە بەشێك لە ئامانجەکانی، ئەوەندەی دیکەی کاریگەرییان کردە سەر هوشیاریی نەتەوایەتیی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران.

پتەوکرانی ریزەکانی خەڵکی کورد لەژێر چەتری خەباتی نەتەوایەتیدا پانتایی کوردستانی ئێرانی بەگشتی گرتەوە. هاوکات لەگەڵ زەقبوونەوەی مەسەلەی نەتەوەییو پەرەسەندنی دێموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی ئێرانیش کەوتنە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە مافە رەواکانی خۆیان.

ئەو هێزو پوتانسیلە راپەڕینی سەرانسەریی خەڵکی کوردستانی ئێرانی لە هاوینی ساڵی رابردوودا لێ کەوتەوە. لە وەها هەلومەرجێك دا لێڕوانینی رێژیمی ئیسلامیی ئێران خۆ گێل کردن لە داخوازییەکانی خەڵکی کورد، زاڵبوونو پێکهێنانی کەشوهەوایەکی خەفەقانی لە کوردستان دا بوو. بەڵام خەڵکی کوردستانی ئێران لە هەلو دەرفەتی گونجاو بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لەدژی پێشێلکرانی مافە نەتەوایەتییەکان لە خۆ ئامادەکردن دابوون. رێژیم بە هەستکردن بەم مەسەلەیە بۆ دامرکاندنو هێنانەخواری ناڕەزایەتیی خەڵکی کوردستان دەستی کرد بە بیانوو هێنانەوەو رێخۆشکردن بۆ سەرکوتو خەفەقانی زیاتر. چونکە رێژیمی ئیسلامیی ئێران هەستی کردبوو کە خەڵکی کوردستان بەگشتیو خەڵکی شاری مەهاباد بەتایبەت لە رۆژی ٢٢ی پووشپەڕ بۆ پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ رێبازو قوتابخانەی شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووی بەتواناو زانا، هەروەها دەربڕینی ناڕەزایەتیی بەبۆنەی دیاریکردنی ئەحمەدی نەژاد "یەکێك لە قاتڵەکانی دوکتور قاسملووی نەمر" وەك سەرکۆمار، ناڕەزایەتیی خۆیان نیشان دەدەن. رێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ چاوترسێن کردنی خەڵکی مەهاباد رۆژی ١٨ی پووشپەڕ بۆ پێش دەستی کردن، لاوێکی مەهابادییان بە ناوی "شوانە" بە شێوەیەکی ناجوامێرانەو نایاسایی کوشتو پاش ئەتك کردنی تەرمەکەی، ئەوکات دایەوە دەستی بنەماڵەکەی. دەرفەتی لەبار بۆ خەڵکی وەزاڵەهاتووی کوردستانو شاری مەهاباد بەتایبەت رەخسا. خەڵکی مەهاباد کەڵەکەبوونی ویستو داخوازە نەتەوەیییەکانی لە خۆپێشاندان نیشان دا.

خۆپێشاندانی هەڵگیرساو لە شاری مەهاباد، بۆ ماوەی مانگێك سەرانسەری کوردستانی ئێرانی تەنیەوە. راپەڕینی سەرانسەریی خەڵکی کوردستان ئاکامی بزووتنەوەیەکی دێموکراتیكو ریشەدار بوو. چوونکە لەم راپەڕینەدا هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان بەشدار بوون. خەڵکی رووناکبیرو پێشڕەو، خوێندکارانو قوتابییانو بازاڕییان ئازایانە لە دەربڕینی ناڕەزایەتیدا چالاکانە بەشدارییان کرد.

راپەڕینی هاوینی ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی (٢٠٠٥ی زایینی) کوردستانی ئێران ئاکامی کەڵەکەبوونی دەردو رەنجی خەڵکی کوردستانو پەرەئەستاندنی هەستو هوشیاریی نەتەوایەتییو بوونی بزووتنەوەیەکی نیشتمانیو ئازادیخوازانەو دژی کۆنەپەرستیو شۆڤینیزم بوو. ئامانجی ئەو زنجیرە خۆپێشاندانانە ئەوە بوو کە دەنگو بانگی مافخوازییو ژێردەستیی نەتەوەی کوردو نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران بە گوێی بیروڕای گشتیی بگەیەنێ.

یەکێك لە ئامانجەکانی خۆپێشاندانەکانی هاوینی ساڵی رابردووی خەڵکی کوردستانی ئێران داوای دەست هەڵگرتنی رێژیم لە سیاسەتی لە پەراوێز خستنو گوێ نەدان بە داخوازییەکانی گەلی کوردو هەروەها بانگەواز بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان نەتەوەکانی ئێران لەچوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیكو فیدراڵدا بوو. هەر لەبەر ئەم هەڵوێستەی خەڵکی کوردستان بوو کە رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوەندە لە راپەڕینی جەماوەریی خەڵکی کوردستان ترسی لێ نیشتبوو و بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە سەرکوتی کرد.

بۆ تێکشکاندنی راپەڕینی خەڵکی کوردستان بە هەموو هێزی خۆیەوە هێرشی کردە سەر خەڵکی بێدیفاعی کوردستان، چوونکە بەهەق ترسی ئەوەی هەبوو کە راپەڕینی خەڵکی کوردستان لەدوارۆژدا ببێ بە بنکەیەك بۆ راپەڕینی نەتەوەکانی دیکەی ژێردەست لە ئێراندا.

بزووتنەوەی خەڵکی کوردستانی ئێران بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتییو مافخوازی نەتەوەی کورد خەبات دەکاو لەو پێوەندییەدا باوەڕی بە یەکیەتیی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێرانی هەیە. بزووتنەوەی ئازادیخوازانەو دێموکراتیکی نەتەوەی کورد لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانو بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێراندا جیاوازی نیە، بەڵکوو تەواوکەری یەکترن. دوژمنی سەرەکیی نەتەوەکانی ئێران دەسەڵاتدارە سەرەڕۆکانی ناوەندو شۆڤێنیزمی زاڵ بەسەر ئێرانە.

لەبەر ئەوە بۆ سەرکەوتنی یەکجاریمان دەبێ لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا لە "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ"دا بەکردەوەو یەکگرتووتر لە جاران، دژی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران خەباتێکی هاوبەش لە بەرەیەکی هاوبەش دا دەست پێ بکەین.

خۆپێشاندانی هەڵگیرساو لە شاری مەهاباد، بۆ ماوەی مانگێك سەرانسەری کوردستانی ئێرانی تەنیەوە. راپەڕینی سەرانسەریی خەڵکی کوردستان ئاکامی بزووتنەوەیەکی دێموکراتیكو ریشەدار بوو. چوونکە لەم راپەڕینەدا هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان بەشدار بوون.

# بەشداریی نوێنەرانیی حیزب لە کۆنفرانسێک لە سەر ئێران، لە پارلمانی ئورووپا

ڕۆژی دووشەممە، ٢٠٠٦/٦/٢٦ ـ ١٣٨٥/٤/٥، لە کاتژمێر ٣ تا ٦:٣٠ی دوانیوەڕۆ، لە لایەن گرووپی دیموکرات مەسیحیو دیموکراتەکانی پارلمانی ئورووپاوە کونفرانسێك لە ژێر ناوی "ئێرانو یەکیەتیی ئورووپا، ئاخۆ ئەگەری دیالۆگێکی نوێ هەیە؟" لە یەکێك لە هۆڵەکانی پارلمانی ئورووپادا پێکهات.

بەشی یەکەمی کونفرانسەکە لە شێوەی میزگرددا، تەرخان کرابوو بۆ "بەرنامەی ناوکیی ئێرانو قەیرانی پێکهاتوو لێیو هەروەها ئەو ڕێگەچارانەی کە لەو پێوەندییەدا ئیمکانیان هەیە".

لەم بەشەدا ئەم کەسایەتییانەی خوارەوە ڕای خۆیان دەبڕی:

١ـ بەڕێز میکاییل گالێر (Michael Gahler)، لە گرووپی دیموکرات مەسیحیو دیموکراتەکانی پارلمانی ئورووپا، هاوئاهەنگیکەری سیاسەتەکانی ئەم گرووپە سەبارەت بە ئێران.

٢ـ بەڕێز دوکتور یوهانس ڕایشنێر (Dr.Johannes Reissner)، لە دامەزرێنەرانی توێژینەوەو سیاسەت لە بێرلین دا، گرووپی لێکۆڵینەوە لەسەر ڕۆژهەڵاتی نزیكو ئافریقا.

٣ـ خاتوو ئانگلیکابێر (Angelika Beer)، ئەندامی پارلمانی ئورووپاو سەرۆکی شاندی پارلمانتارانی ئورووپا سەبارەت بە ئێران.

٤ـ بەڕێز ژان کلۆدبروند ( Jean Claude Berunet)، لە ڕاوێژکارانی کومیسیۆنی ئورووپا سەبارەت بە جیهانی سێهەم

٥ـ ڕێزدار ژێسپێر هوستروپ (Jesper Hostrup)، لە کومیسۆنی ئورووپا، هاوئاهەنگیکەری پێوەندییەکانی کومیسیۆن لە سەر ئێران

٦ـ خاتوو ئانا ماریاگۆمس ( Anna Maria Gomes)، جێگری سەرۆکی کومیتەی ئەمنییەتو بەرگریی یەکیەتیی ئورووپا

٧ـ بەڕێز شارڵ تنوك ( Charles Tannok)، جێگری هاوئاهەنگیکەری کاروباری دەرەوەی گرووپی دیموکرات مەسیحیو دیموکراتەکانی پارلمانی ئورووپا

لەم بەشەدا سەرەتا مێژووی دیالۆگو وتووێژی یەکیەتیی ئورووپا (بە تایبەت سێ وڵاتی "فەرانسە، ئاڵمان،و ئینگلیس" لە گەڵ ڕێژیمی ئێران لە سەر بەرنامە ناوکییەکانی ئەم وڵاتەو ئەوەی کە ئەم دیالۆگو وتووێژانە تەنیا لەسەر بەرنامە ناوکییەکانی ئێران نەبوونە، بەڵکوو پێوەندییە سیاسیو بازرگانییەکانو بارودۆخی مافەکانی مرۆڤیان لەم وڵاتەدا لەخۆدەگرت، تاوتوێ کرا.

پاشان باس لە چۆنییەتیی بچڕانی پێوەندیو دەستپێکردنەوەی پیتاندنی ئۆرانیۆم لە لایەن ئێران (بە پێشێل کردنی بەڵێنییەکانی لە پەیماننامەی پاریسدا)و ناردنی پەروەندەکە بۆ شووڕای ئەمنییەتو هەروەها سەفەری خاویەر سۆلانا بۆ ئێرانو دانی دوایین پێشنیارەکانی لەگەڵ بەستەیەك لە هاندەرەکان، کرا.

زۆربەی دواندەران لەسەر ئەوە پێیان داگرت کە ئەگەر بڕیار بێ ئێران لە بواری وزەدا بە تێکنۆلۆژیی ناوکی لە شێوەی ئاشتیخوازانەیدا (غەیرە نیزامی) دەستی ڕابگا، دەبێ باوەڕی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە هاوکاریی تەواو لەگەڵ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی لە ڕوونکاریی (شفافیت)ی تەواوداو وازهێنانی لە پیتاندنی ئورانیۆم، بە دەست بێنێ. ئەوان بەسەرنجدان بە خاڵەکانی سەرەوە لەو بڕوایەدا بوون کە لەوەها چوارچێوەیەکدا ئیمکانی وتووێژی نوێ لەگەڵ ئێراندا دەبێ. لە کۆتایی ئەم بەشەدا بەشداربووان پرسیارەکانی خۆیانیان هێنایە ئاراوەو بەشداریی نوێنەرانی حیزبەکانو ڕێکخراوەکانی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران بەرچاو بوو. زۆربەی پرسیارەکان لە سەر تەوەری ناڕەوا بوونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیو لە ئاکامدا ناڕەوابوونی وتووێژو دیالۆگ لەگەڵ ئەم ڕێژیمە دژی مرۆڤانی، تیرۆریستو قەیران خوڵقێنەدا دەگەڕان. نوێنەرانی حیزبو ڕێکخراوەکانی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران، بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو هەروەها ڕێکخراوەکانی سەر بە تورکەکانی ئازەربایجان، وێڕای تەئکیدکردنی ناڕەوابوونی ڕێژیمی ئاخوندیو بیرهێنانەوەی بێبەشیی نەتەوەکانی جیا لە فارس لە سەرەتاییترین مافە نەتەوەییو مرۆڤانییەکانیان، لەسەر ئەوە جەختیان کردەوە کە تەنیا کاتێ دەتوانین لە ئێراندا بە جێگیر بوونیو سەقامگیری، ئاشتیو دیموکراسیی ڕاستەقینەو هەمیشەیی بگەین کە مافی نەتەوەیی ئەم نەتەوانە کە زیاتر لە دوو لە سێی حەشیمەتی وڵات پێك دێنن، دابین بێو ئەوەی کە یەکیەتیی ئورووپاو بە گشتی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەبێ لە پرسەکانی ئێراندا ئەم فاکتەرە شوێندانەرە لەبەرچاو بگرن.

بەشی دووهەمی کۆنفرانسەکە بۆ دیالۆگی یەکیەتیی ئورووپا لەگەڵ ئێران لە بواری مافەکانی مرۆڤدا تەرخان کرابوو. لەم بەشەدا ئەم کەسایەتیانەی خوارەوە قسەیان کرد:

١ـ بەڕێز گراف ئالکساندێر لامبس دورف ( Graf Alexander Lambsdorff)، ئەندامی پارلمانی ئورووپاو ئەندامی گرووپی ئیئتیلافی لیبراڵەکانو دیموکراتەکانی ئورووپا

٢ـ بەڕێز مارتین گارتنێر ( Martin Gartner)، لە دەفتەری سەرۆکایەتیی یەکیەتیی ئورووپاو دەبیری یەکەمی شاندی نوێنەرایەتیی پارلمانی ئوتریش لە یەکیەتیی ئورووپا

٣ـ بەڕێز ڕۆلف تیمانس ( Rolf Timans)، لە کومیسیۆنی ئورووپاو سەرۆکی یەکەی مافەکانی مرۆڤو دیموکراتیزاسیۆنی ئەم کومیسیۆنە

٤ـ خاتوو هێلین فلوتر ( Helen Flautre)، ئەندامی پارلمانی ئورووپاو سەرۆکی سوکومیتەی مافەکانی مرۆڤی ئەم پارلمانە

٥ـ بەڕێز ئیدوار ماك میلام ئیسکۆت ( Edward MC Millan Scott)، جێگری سەرۆکی پارلمانی ئورووپا

٦ـ ڕێزدار ئیلمار بروك ( Elmar Brok)، سەرۆکی کومیتەی کاروباری دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا

٧ـ بەڕێز میکاییل گالێر(Michael Gahler)، لە گرووپی دیموکرات مەسیحیو دیموکراتەکانی پارلمانی ئورووپا، هاوئاهەنگیکەری سیاسەتی ئەم گرووپە سەبارەت بە ئێران

لەم بەشەدا دواندەران ڕایان لەسەر دیالۆگێك کە لە بواری مافەکانی مرۆڤدا لە نێوان یەکیەتیی ئورووپاو ئێراندا هەبووە، دەربڕیو هەموویان لەسەر ئەوە جەختیان کردەوە کە نە تەنیا لەم بوارەدا ئاڵوگۆڕێك ڕووی نەداوە، بەڵکوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێشێلکردنی توندو بێئەملاوئەولای ئەم مافانە پەرەی گرتووەو سەرجەم توێژەکانی خەڵك بە تایبەتی ژنان، خوێندکاران، ڕۆژنامەنووسان، کرێکاران، نووسەران، پارێزەرانی مافەکانی مرۆڤ، نەتەوە ژێردەستەکانو کەمینە ئایینیو مەزهەبییەکان قوربانیی سەرکوتو شێوازی جۆراوجۆری هەڵاواردنن.

لەم نێوەدا وتاری خاتوو هێلێن فلوترو وتاری بەڕێز ئیدوار ماك میلان ئیسکۆت، کەوتنە بەر سەرنجی تایبەتی بەشداربووان. خاتوو فلوتر وێڕای دەربڕینی پەشیمانی لە دیالۆگ لە بواری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ ئێراندا گوتی ئێمە ئیتر بڕیارمان داوە کە گرینگی بە دیالۆگ لەگەڵ ڕێژیمدا نەدەین، بەڵکوو بە پێچەوانەوە لەم بوارەدا لەگەڵ ڕێکخراوە سەربەخۆکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پارێزەرانی مافەکانی مرۆڤو ئوپۆزیسیۆنی دیموکراتیکی ئێران هاوکاری دەکەینو پشتیوانییان لێدەکەین. بەڕێز ئیدوارد ماك میلان ئیسکۆتیش لە وتاری خۆیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لەگەڵ ڕێژیمێکی جینایەتکارو دیکتاتۆردا نە تەنیا نابێ دیالۆگ بکرێ، بەڵکوو ڕێبەرانی ئەم ڕێژیمە دەبێ لە دادگایەکی نێونەتەوەیی شایستەدا دادگایی بکرێن. وتەکانی ئەم دوو کەسە بە تایبەتی بەڕێز ئیدوارد ماك میلان کەوتنە بەرچەپڵەڕێزانی پشت سەریەکی بەشداربووانەوەو ئەمە لە کاتێکدا بوو کە کەسێك بە نوێنەرایەتیی باڵوێزخانەی ڕێژیم لە بلژیك لەم کۆنفرانسەدا بەشدار بوو.

بەشی کۆتایی ئەم کۆنفرانسە بۆ پرسیارەکانی بەشداربووان تەرخان کرابوو. لەم بەشەدا ژمارەیەکی زۆر لە بەشداران تەنیا بە پرسیارکردن وازیان نەهێناو بە لێدوانەکانی خۆیان کۆماری ئیسلامییان دادگایی کرد. لەم بوارەشدا نوێنەرانی حیزبو ڕێکخراوەکانی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران بە وتەکانی خۆیانو ئاماژە کردن بە کارنامەی ڕەشی ڕێژیم، سیاسەتە جینایەتکارانەکانیان دەرهەق بە نەتەوەکان لەقاودا. هەروەها بەڕێوەبەری بەشی دووهەمی کۆنفرانسەکە "دوو دەقیقە کاتی بە نوێنەری باڵوێزخانەی ئێران دا کە ڕای خۆی دەربڕێ. ئەویش گوتی ئێران وڵاتێکە بە کولتوورێکی لەمێژینەوەو خزمەتێکی بەنرخی بە کولتووری مرۆڤایەتی کردوە، هەربۆیە نابێ بە چاوی سووکەوە لە ئێران بڕوانرێ. ئەو لەسەر مەسەلەی دیالۆگی نوێ گوتی: ئەوەی تا ئێستا بە ناوی دیالۆگ لەگەڵ ئێراندا ناسراوە، لە ڕاستیدا دیالۆگ نەبووە بەڵکوو شێوەی مۆنۆلۆگی هەبووەو جێی هیوایە کە لەمەبەدواە شێوەی دیالۆگی ڕاستەقینە بە خۆیەوە بگرێ.

لە کاردانەوە لە بەرامبەر وتەکانی نوێنەری باڵوێزخانەی ڕێژیمدا، ژمارەیەکی زۆر لە بەشداربووانی ئێرانی، قسەیان کردو گوتیان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەتەنیا ڕەوایی نوێنەرایەتیی خەڵکی ئێرانو فەرهەنگی ئەم وڵاتەی نیە، بەڵکوو ڕێژیمێکە کە فەرهەنگی ئەم وڵاتەی بەرەو لاوازی بردوەو ڕۆحی ئەم فەرهەنگەی کە قبووڵکردنی بیروڕای جۆراوجۆر بووە بەرەو لەناوچوون بردووەو توندوتیژی ئاشکراو تیرۆریزمی دەوڵەتیی لەجێی داناوە.

یەکێك لە لە پارلمانتارانی پارلمانی ئورووپاش وێڕای ناڕەزایی لە بەشداریی نوێنەری باڵوێزخانەی ئێران لە کۆنفرانسەکەدا، لە بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە بە توندی ڕەخنەی گرت کە بە چ مافێك دوو خولەك کاتی بە نوێنەری باڵوێزخانە داوە، بەڵام بەبەشدارانی دیکە یەك خولەك.

جێی باسە کە بە دوای بانگهێشتنی فەرمی لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ بەشداربوون لە کۆنفرانسی ناوبراودا هاوڕێیان میرۆ عەلیارو خوسرەو عەبدوڵڵایی، بەرپرسانی پێوەندییە نێونەتەوەیییەکانی حیزب تێیدا بەشدار بوون.

# ڕاگەیەندراوی چاپەمەنی ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی

لە ئینگلیسییەوە بۆ کوردی : جەمیل کولاهی

ئۆردۆن: لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی زۆر دژی پەناخوازە کوردە ئێرانییەکان

ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەی لە دەوڵەتی ئۆردۆن داوای کرد کە لەو سکالانامەیە بکۆڵێتەوە کە دەڵێ هێزە ئەمنییەتییەکانی ئۆردۆن لە ڕۆژی ١٤ ژوئەنی ٢٠٠٦ گوشاری لە ڕادەبەدەریان خستۆتە سەر گروپێکی پەناخوازی کوردی ئێرانی تەنیا لەو سۆنگەیەوە کە ناڕەزایەتییەکی هێمنانەی بۆ گۆڕینی باری ژیانیو وەرگیرانی لە وڵاتێکی ئەمنی سێیەمدا وەرێ خستبوو. بە گوێرەی هەواڵەکان لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ئۆردۆنەوە هێرشییان کراوەتە سەرو لە شوێنێك کە پێدەڵێن، ناوچەی نێوان دوو بەرەی دژ بەیەك (NML) کە ناوچەیەکی بیابانییە لە نێوان سنووری عێراقو ئۆردۆن دا شوێنێك کە گرووپی ناوبراو لە ژانویەی ٢٠٠٥وە لە دۆخێکی نالەباردا تێدا دەژین. هێندێك لە پەناخوازەکان، ژنی دووگیانن کە بە گوێرەی هەواڵ لە کاتێکدا کە هێزە ئەمنییەتییەکانی ئۆردۆن بە باتۆم لێیان دەدەن، بریندار بوون. بە گوێرەی هەواڵ یەکێك لە پەناخوازەکان لە زیندانی ئۆردۆن دەس بەسەر کراوەو پێش لەوەی کە ئازاد بکرێ، بە توندی لێ دراوە.

ڕێکخراوی لێبوودرنی نێونەتەوەیی داوا لە دەوڵەتی ئۆردۆن دەکا کە بە زووترین کاتو بێلایەنانە لەم سکالانامەیە بکۆڵێتەوە، بۆ متمانە، بیسەلمێنن کە هیچ هێزێکی ئۆردۆنی مافی بڕیاردەرکردنو بەکارهێنانی زۆری لەرادەبەدەر لە لێ پرسینەوەدا لە ئەستۆ نەبووە. جیا لەوە دەوڵەت دەبێ لەوە دڵنیا بێ کە هەموو بەرپرسانو کارمەندانی دەوڵەتی ئۆردۆن بە شێوەیەکی ڕوون ئاگادار کراونەتەوە کە ئەوان دەبێ بە پێی پابەندی ئۆردۆن بە ڕێوشوێنە نێونەتەوەیییەکانی مافی مرۆڤ و ئیستانداردگەلێك بۆ بەکارهێنانی هێز کە یاساگەلی بناخەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە مەڕ بەکارهێنانی هێزو چەکی گەرم دەگرێتەوە، بجووڵنەوە. لەم ساڵانەی دواییدا لێبووردنی نێونەتەوەیی هێندێ هەواڵی پێ گەیشتن کە هێزە ئەمنییەتییەکانی ئۆردۆن خۆپیشاندەرە ئاشتیخوازەکانیان داوەتە بەر دارو باتۆمو دەستگیریکردوون ، ئەو کەسانە لە سیاسەتگەلی دەوڵەت ڕەخنەیان گرتووە کە ئەندامانی یەکییەتییە پیشەیییەکانو پەناخوازە فەلستینییەکان دەگرێتەوە.

ئاخێزگە:

ئەم گرووپە ١٨٣ کەسییە لە پەناخوازە کوردە ئێرانییەکان، پێشتر بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ لە عێراقدا نیشتە جێ بوون ئەوان لە کەمپی "ئەلتاش" ژیانیان بەسەر بردووە، کە نیزیکی ڕوومادی لە ناوەندی عێراقدایە، تا ئەوەی کە لەگەڵ پەناخوازە نیشتەجێکانی ئەوێ، ئەوییان لە سۆنگەی مەترسییەکەوە کە لە بواری ئەمنییەتییەوە لە عێراق لەبەریان بوو، بە جێهێشت. لە ژانوییەی ٢٠٠٥دا، گەیشتنە سنووری ئۆردۆن، بەڵام بە هۆی بەرگریی هێزەکانی ئۆردۆن نەیانتوانی بڕۆنە ژوورەوە، هەرچەند ٧٤٣ پەناخوازی دیکە لە ساڵی ٢٠٠٥دا چوونە نێو ئۆردۆن، بەدوای ئەوەدا ئەو ١٨٣ پەناخوازە لە سەر سنوورەکانی عێراق لە ناوچەی (NML )دا ماونەتەوە، لە نێو ڕەشماڵدا دەژینو زیاتر لە ڕێگای یارمەتی و هێنانی شتومەكو یارمەتیی ئەو موسافیرانە کە بە درێژای ڕێگای پێوەندی عێراقو ئۆردۆنەوە دێن درێژە بە ژیانیان دەدەن. ئەو پەناخوازانە نایانەوێ کە لە ناوچەی خودموختاری کوردستانی عێراقدا نیشتەجێ بن. چوونکە دەڵێن هەست بەوە دەکەن کە لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ئێرانەوە کە ئەوان لەو بارەڕەدان لەو ناوچەیە خەریکی تێکۆشانن، گیانیان دەکەوێتە مەترسیەوە.




هەر بەو شێوەیە، ئەو پەناخوازانە کە لە عێراقدا لە ناوچەی NML دا نیشتەجێن، ئەرکی عێراقە کە سەرەتا ئەمنییەتی ئەو پەناخوازانە بپارێزێو بەباشی دەستیان بە خواردەمەنی، ئاو، سەرپەناو یارمەتییە پزشکییەکان ڕابگا. هەروەها، ئەرکی ئۆردۆنە کە لە کاتی هاتنی ئەوان بۆ ناوچەی NMLی ژێر دەسەڵاتی ئەوان پشتیوانییان لێ بکا. عێراق، ئۆردۆنو وڵاتانی دیکەی ناوچەکە دەبێ، ئەوپەڕی توانای خۆیان بخەنەگەڕو هەرچی زووتر تا ئەو جێگایەی کە دەتوانن لەگەڵ کومیسریای بەرزی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەناخوازەکان (UNHCR) بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی بەجێ، باشو هەمیشەیی بۆ ئەو پەناخوازانە هاوکاری بکەن. بەشێوەیەك کە ئەوان بتوانن بە زوویی لە وڵاتێکدا لە ئەمنییەتو سەروەریدا نیشتەجێ بن.

لە مانگی مارسدا، زیاتر لە سەد پەناخوازی فەلەستینی لە پایتەختی عێراق، بەغدا، شوێنێك کە بۆ ماوەی یەك دەیە زۆربەی گرووپەکە تێدا دەژیانو دوایی بە هۆی پەرەگرتنی کوشتنۆ ونبوونی ئەو فەلەستینیانە کە لەوێ دەژیان، بە دوای هەڵ هاتن بۆ ماوەی چەندین حەوتوو نێزیك سنووری عێراق / ئۆردۆن ڕاگیران. ئۆردۆن لە چوونە ناوەوەی خاکی ئەو وڵاتە پێشی پێگرتن، کە بە پێی مافی نێونەتەوەیی بەڵێنەکانی خۆی بەجێنەگەیاندووە. بەپێی بەندە فەرمییە نێونەتەوەیییەکان بۆ دووپات نەکردنەوەی تاوانی لەو چەشنە، ئۆردۆن لەسەریەتی کەسانێك کە لە وڵاتێك کە لە بەرمەترسیی ئەشکەنجە یان لە شوێنیك کە ژیانیان یان ئازادییان کەوتۆتە مەترسییەوە هەڵ هاتوون ڕەد نەکاتەوە. ئەم گرووپە دوایی لە سووریە نیشتەجێ کران.

لەو ساڵانەدا ئۆردۆن میوانداریی دەستەگەلێکی زۆر لە پەناخوازان بووە. نزیکەی دوو لە سێی ئەو حەشیمەتە بە ڕەچەڵەك فەلەستینیگەلێکن کە لە کاتی دامەزراندنی ئیسرائیلەوە لە ساڵی ١٩٤٨وە ماڵەکانیان بەجێهێشتووە، لەم ساڵانەی دواییشدا سەدان هەزار کەس لە عێراقییەکان وڵاتەکەیان بە مەبەستی ژیان کردن لە ئۆردۆن بەجێهێشتووە.

# پێویستیی پێکهاتنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ

**قسەکانی د. میرۆ عەلیار لە ژووری "ئێران، ئەهواز گوتاری مەدەنی"**

**(بەشی یەکەم)**

## حیزبە سیاسییەکان

دەقی قسەکانی د. بەڕێز میرۆ عەلیار ئەندامی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ لە کۆبوونەوەی "پاڵتاك" لە ژووری "ئێران ئەهواز گوتاری مەدەنی" ژمارەیەك لە حیزب‌و ڕێکخراوگەلی سیاسیی‌و سەر بە نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران کە خوازیاری دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانیان لە چوارچێوەی ئێرانێکی فیدراڵ‌و دیموکراتیکدان، ڕۆژی ٢ی ڕەشەمەی ١٣٨٣ (٢٠ی فێورییەی ٢٠٠٥) لە کۆبوونەوەیەکی مێژوویی لە لەندەندا، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵیان دامەزراند.

هەروەك ئاگادارن ڕێکخراوەکان، بنیاتەکان‌و یان ناوەندێکی دیکە لە هەلومەرجی دیاریکراو، بە سەرنجدان بەو پێویستییانەی کە لە نێو کۆمەڵگادا هەستی پێ‌دەکرێ، پێك دێن‌و، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵیش یەکێك لەو پێویستییانە بوو.

لەو سۆنگەیەوە سەرەتا ڕێگام بدەن ئاماژە بە فاکتگەل‌و بارودۆخێك لەنێوخۆی ئێراندا بکەم کە بوونە هۆی پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەکان:

یەکەم: کۆماری ئیسلامی پاش سەپاندنی ٢٧ ساڵ دیکتاتۆری‌و دیسپۆتیزم‌و سەرەڕۆیی مەزهەبی هەروا لە سەر دەسەڵاتدایە‌و درێژە بە سەرکوتی ئازادیخوازان، جیابیران، کەمایەتییە مەزهەبییەکان‌و پێشێلکردنی مافی ژنان‌و لاوان دەدا.

دووهەم: ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە‌و لەسەر ئەو خاکەدا میللەتانی، کورد، تورك، عەرەب، بەلووچ‌و تورکمەن کە حەشیمەتییان نزیکەی دوو لە سێی ئێرانە، لە تەواوی مافە نەتەوەیی‌و سیاسی‌و ئینسانییەکانی خۆیان، تەنانەت خوێندن‌و نووسین بە زمانی زگماکیی خۆشیان بێ‌بەشن. ئەوە لە حاڵێك دایە کە نەتەوەکانی ناوبراو لە تیرۆرو ئیعدام‌و سەرکوت، سەرنجام گشت مەینەتییەکانی شەڕو تەنانەت لە هەڵاواردنی ئابووری، فەرهەنگی، مەزهەبیدا هەمیشە گەورەترین بەشیان بەرکەوتوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕۆژ بەرۆژ گوشار، هەڵاواردن‌و ستەمی نەتەوایەتی لەسەریان زیاد دەکاو سەرەکیترین ویست‌وداخوازە نەتەوەیی‌و فەرهەنگییەکانیان بە بیانووی جوداییخوازی بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرێن.

لە لایەکی دیکەوە، وشیاریی نەتەوەیی‌و باوەڕبەخۆبوونی نەتەوەکانی ژێر ستەم، ڕۆژبەرۆژ دەچنە سەرو گەشە دەکاو، خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی پێشێلکراویان بە تایبەت لەو چەند ساڵەی دواییدا گەرموگوڕتر بووە.

سێهەم: هێزگەلی جۆراوجۆری نێو ئۆپوزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بە هۆی پرشوبڵاوبوونیان‌و هەروەها نەبوونی بەرنامەو پلاتفۆرمێکی هاوبەش‌و فرەلایەن‌و گونجاو دەگەڵ ڕووداوەکانی کۆمەڵگای ئێران، هەتا ئەمڕۆکە بۆ پێکهێنانی ئەڵترناتیڤێکی دیموکراتیك‌و بەهێز بۆ ڕێژیمی ئیسلامی سەرنەکەوتوون‌و، ئەوەش لەخۆیدا گرنگترین فاکتەرە بۆ درێژەدان بە ژیانی دیکتاتۆرانەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران.

چوارەم: بەشێکی جیگەی سەرنج لە هێزگەلی سیاسیی سەربە نەتەوەی باڵادەست، (دەسەڵاتدار) حاشا لە فرەنەتەوەبوونی ئێران دەکەن‌و بوونی نەتەوە نافارسەکان وەك شوناسێکی سەربەخۆی نەتەوەیی ڕەت دەکەنەوە.

بە پێویستی دەزانم کە ئاماژە بکەم کە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی بە ئاکام نەگەیشتنی هەوڵ‌و ڕەنجی حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسییەکانی سەرانسەری ئێران، بۆ چەسپاندنی دیموکراسی‌و مافی مرۆڤ لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی نادروست‌و شوڤینیزمانەی ژمارەیەك لەوان، لە کۆمەڵگای ئێراندا.

لە ڕاستیدا، تێکۆشان‌و دەستڕاگەیشتن بە بنەماکانی دیموکراسی‌و مافی مرۆڤ، لە سەر ئەساسی بە فەرمی ناسینی شوناس‌و ویست‌و داخوازییە نەتەوەیی‌یەکانی میللەتانی غەیرە فارس دەستەبەر دەبێ، ئەگەر جیاواز لەو شێوەکارە بێ، بە شاهیدی مێژوو لەو وڵاتانەی کە فرە نەتەوەن هیچکات سەرنەکەوتوەو سەریش ناکەوێ.

پێنجەم: ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت لە ماوەی ٨ ساڵ سەرکۆماری ئاغای محەممەد خاتەمی نیشانی‌دا کە ریفۆرمی تێدا پێك نایەو، ریفۆرم هەڵناگرێ‌و، گەورەترین کۆسپ‌و تەگەرەیە لەسەر ڕێگەی وەدیهاتنی ئازادی‌و دیموکراسی‌و دابینکردنی مافی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران.

بەو پێیە تەنیا بە ڕووخانی ڕێژیمە کە ڕێگەی سەقامگیریی سیستمێکی خەڵك سالار تەخت دەبێ‌و نەتەوەکانی ئێران بە ماف‌و ئازادییە پێشێلکراوەکانیان دەگەن.

ئەم بارودۆخەی کە بە کورتی ئاماژەی پێ‌کرا، کێشەو ئاستەنگەکانی بەردەم کۆمەڵگای ئێرانە کە ڕۆژ بە ڕۆژ ئێران زیاتر بەرەو تەقینەوەو کارەسات ڕادەکێشێ، ڕاکێشانێك بەرەو داهاتوویەك کە ڕەنگە کەسی تێدا سەرنەکەوێ.

پێویستیی پێکهاتنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، دەبێ پێویستییەکەی لە وەڵامدانەوە بە کێشەو گیروگرفتاندا بدۆزێتەوە. حەول‌و تەقەللا بۆ دروستکردنی ئێرانێکی دیموکراتیك‌و فیدراڵ. ئامانج کۆتایی هێنانە بە سەرکوت‌و هەڵاواردن‌و، جێگیرکردنی دادپەروەری‌و ئازادییە. **کۆنگرەی نەتەوەکان کۆمەڵێ ئەرك‌و ئامانجی گرنگی لەپێش دایەو، دەبێ بۆ وەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە هەنگاوگەلی ژێرەوە لە سەرەوەی کارەکانیدا هەڵبگرێ.**

١ـ پتەوکردنی هەرچی زیاتری دۆستایەتی‌و یەکیەتیی نێوان نەتەوەکان‌و دروستکردنی هێزێکی سیاسیی بەهێز لەو یەکیەتییەدا.

دەبێ زۆر گەشبین بین ئەگەر وابیرکەینەوە کە یەکێك لە نەتەوەکانی ژێر ستەمی ئێران بتوانێ بە تەنیایی‌و بە بێ یارمەتیی نەتەوەکانی دیکە بە مافی نەتەوەیی خۆی بگا. جودا لەوەی کە سروشتی وڵاتانی فرەنەتەوە کە میللەتانی مەحکووم لەودا تێکرا بە مافی خۆیان دەگەن، یان تێکرا لە بێ‌بەشیدا دەمێننەوە. نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران، هەریەك لە بواری ژێئوپۆلتیکەوە گرنگایەتیی تایبەت بە خۆی هەیەو هیچکامیان نابێ کەم بایەخ سەیر بکرێن. ئێستا کە ئەگەر نەتەوەیەك لە بواری حەشیمەتەوە لە نەتەوەیەکی دیکە زیاتر، یان بە هۆی پێشینەو رابردووی خەباتی دوورودرێژی حیزبییەوە لەوەی دیکە ناسراوترە، شتێك لە ئەسڵی مەسەلەکە ناگۆڕێ. نەتەوەکانی ئێمە ئامانج‌و چارەنووسی هاوبەشیان هەیەو، بۆ دابینکردنی ئازادی‌و ویست‌و داخوازییە نەتەوەیی‌و مرۆڤانەی خۆیان خەبات دەکەن. هەر بۆیە کارێکی سروشتی‌و هزر پەسندەو لە تەنیشت یەکتریدا لە پێناو ویست‌وداخوازییەکانیاندا خەبات بکەن. زۆر گرنگە کە هەست بکەن‌و بڕوانن کە تەنیا نین. نەتەوەکانی ژێر دەستە دەبێ متمانەیان بە یەکتر هەبێ کە، دەتوانن بە یەکگرتوویی‌و هاوکاریی یەکتر هیوادار بن، چونکە: ڕەمزی سەرکەوتنی نەتەوەکان لە یەکیەتی‌و یەگرتوویی دایە.

٢ـ پێوەندیگرتن، یان بە واتایەکی دیکە بەهێز کردنی هزرو دیالۆگ‌و پێوەندیی دۆستانە دەگەڵ هێزە سیاسییە سەرانسەرییەکان، کە باوەڕیان بە دیموکراسی‌و مافی مرۆڤە.

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێران بە هیچ شێوەیەك دژی فارس‌و بۆ دژایەتی کردنی قازانج‌و بەرژەوەندی نەتەوەی فارس پێك نەهاتوە. کۆنگرە باوەڕی قووڵی بە دادپەروەری، یەکسانی‌و مافی یەکسان بۆ هەموو نەتەوەو کەمینەگەلی مەزهەبی هەیەو تێ‌دەکۆشێ بە هاوکاری‌و بەشداریی حیزب‌و ڕێکخراوە دیموکراتیکە سەرانسەرییەکان ئاڵترناتیڤێکی بەهێزو جێگەی متمانە پێك بێنێ‌و، شانبەشانی هێزەکانی دیکە بۆ سەقامگیرکردنی نیزامێکی دیموکراتیك‌و فیدراڵ لە ئێراندا خەبات بکا.

ئەمڕۆ کە بە هەوڵ‌و تێکۆشانی نەتەوەکانی ژێردەستەو بە سەرنجدان بە چوونەسەری ڕێژەی حەشیمەتیان کێشەی نەتەوایەتی لەنێوخۆو دەرەوەی ئێران چۆتە قۆناغێکی وەها کە هیچ هێزو لایەنێك لە ئێراندا، بەهەر ئیدئۆلۆژیکێکەوە، ناتوانێ چاوپۆشی لێ‌بکا.

# سیکۆلاریزم چیە؟

**ئەفراسیاب گرامی**

**دەسپێك:**

لەم سەردەمەداو بە سەرنجدان بە شەپۆلەکانی گۆڕان‌و گۆڕانخوازی ژیاری مۆدێرنیزم، کۆمەڵێك گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە هەموو بوارەکانی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی‌و...هتد، هاتە ئاراوە. ئەگەر ئاوڕێك لەو گۆڕانکارییانەو نۆژەن بوونەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بدەینەوە، گەڵێك هەڵبەزودابەزی بنەما فکریەکانی بیری مودێرن لە ململانێی دەگەڵ بیری سوننەت و کۆندا بەرچاو دەکەوێت‌و هەموو کات، ئەم ڕێگایەی بەرەو پێشکەوتن و گەشە کردن بڕیوە. ململانێی کۆن‌و مودێرن، مودێرنیزم بە چەمکە کاریگەریەکانی لە سەر ڕەسەنایەتی‌و بەهاکانی بوونی مرۆڤ لە پێوەندی لە گەڵ سرووشت، وەك هۆمانیزم(مرۆڤ تەوەرەیی HUMANISM)و راسیۆنالیزم(ئاوەزخوازی RATIONALISM)و سیکۆلاریزم(دنیا خوازی LASECORISATION) هاتە گۆڕپانی بەربەرەکانێ لە گەڵ دنیای کۆن‌و بوو بە ئاڵترناتیڤێکی ئاوەزمەند(عەقڵانی) بۆ بیری کۆنەست‌و هێزی کۆنەپارێز، کە ئەزموونەکەی سەرکەوتنی بنەماکانی دێموکراسی، مافەکانی مرۆڤ، کۆمەڵگەی مەدەنی‌و ... تادو شکست‌و کەمڕەنگ بوونەوەی بیری ئوسوڵی و ڕادیکاڵی ئیدئۆلۆژیك و...

ڕەوتی مودێرنیزاسیون هاوکات لە گەڵ کۆتاییهاتن بە بەربەریەتی سەدە تاریکەکانی ناوەڕاست و دەسپێکردنی ڕێنسانس‌و شۆڕشی ڕیفۆرماسیون، واتە سەرکەوتنی عەقڵ باوەڕی. کارل مارکس لە پێوەندی لە گەڵ دنیای کۆن‌و مودێرندا دەڵێ: "مرۆڤی سەردەمی کۆن لە دووی گۆڕان و بیری گۆڕانخوازییەوە نەبوو، بەڵام مرۆڤی مودێرن جیا لە ناسینی سروشت، پشتی بە گۆڕان بەستوە". وەك لەم وتەیەی دەردەکەوێت کە دەتوانین بڵێین دنیای مودێرن لە وتەکەی دیکارتەوە کە دەڵێ: "من بیر دەکەمەوە کەواتە هەم" دەست پێ‌دەکاو بنیاتی ئاخێزگەی بیری نوێ‌و گەڕان بە دوای ئاوەزێکی گۆڕانخواز دەنرێ.

**سیکۆلاریزم لە ڕەوڕەوەی مێژوودا**

ڕەچەڵەکی مێژوویی وشەی (سیکۆلاریزم SECOLARISM) کە لە وشەی لاتینیی (سکولۆم SAECULUM) کە لە سەردەمی کۆن واتە سەدەکانی سێهەم‌و چوارەمی زایینیی، بە مانای دەوران، ڕۆژگار، سەردەم و دواتر لە سەدەکانی نێوەڕاست مانای "دنیایی یان دنیاییکردن"ی بە خۆوە گرت. بەڵام لە مانای ئەوڕۆکەیدا جیا لە مانای دنیاییکردن بە مانایی "جیایی ئایین لە دەوڵەت" بەکار دەهێنرێ. وشەی سیکولار بۆ یەکەم جار لە پەیماننامەی وێستڤالی ١٦٤٨ی فەڕانسە، کە نوێنەرانی فەڕانسەویی ئەو وشەیان بە مانای ڕاگوێزانی دەسەڵاتی سامان‌و دارایی کلیسا، بۆ دەوڵەت، بە کارهێنا. بەو مانایە دەسەڵاتدارانی سیاسی نابێ ئایینی بن. سەدەی نۆزدەهەم وەك پرۆسەیەك بۆ گۆڕان و گواستنەوەی تەواوی کاروباری کلیسا بۆ دەوڵەت بوو. هەرچەند سکولاریزم ڕوانگەیەکی نەرێنیی نیسبەت بە پێکهاتەو ستراکتۆری ئایینە لە سەر تەختی دەسەڵات دەبینرێ، بەڵام وەك بزاڤێکی تەواو ئاوەزمەند بۆ هەرچی دنیاییکردن‌و ڕاستکردنەوەی واقیعەکانی ژیانی کۆمەڵگایی مرۆڤایەتییە، کە ئەم ڕەوتە لە سەدەی بیستەمدا ، کەوتە ململانێ لەگەڵ دەسەڵات‌و سیاسەت‌و، وەکوو میکانیزمێك بۆ دەسەڵاتی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی لە مەڕ جیاکردنەوەی هەر چەشنە ئایین یان ئیدئۆلۆژیەك لە دەوڵەت و دەسەڵات. لەم پێوەندیەدا بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٨٤٦"جۆرج یاکوب" لە داهێنانی پێناسەی ئەم چەمکە دەبێتە پێشەنگ کە دەڵێ: سکولاریزم ڕوانگەیەکە بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارانەی کە لە مەڕ ئەزموون‌و ژیانی ئەم دنیایە دەکرێ".

گەڵێك بیروڕای جیاواز سەبارەت بە سەرهەڵدانی سیکۆلاریزم‌و ڕەوتی سیکۆلاریزاسیۆن هەیە. بۆ نموونە مەسیحییەکان بە ئاماژەکردن بە ئایەتێ لە ئینجیل کە دەڵێ: "بەشی خودا بۆ خودا، بە شی پاشا بۆ پاشا" پێیان وایە کە ئایینی مەسیحی لە بنەڕەتدا سیکۆلار بووە. بۆیە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا زۆرجار شەڕو پێکدادانی نێوان پاشاو فیئوداڵەکان لەگەڵ ڕێبەران‌و قەشەکانی کلیسا ڕووی دەدا. بیری نوێبوونەوە لە ڕۆژئاوا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕێنسانس‌و هاوکات لە گەڵ شۆڕشی مارتین لوتێر(١٥٦٤ـ١٤٨٣) کە یەکێك لە پێشەنگەکانی ڕیفۆرمی ئایینیی‌و بنیاتنەری ئایینی پڕۆتستانیزم بوو، دەبێتە چاوگەی سیکۆلاریزم و یەکێك لەو ئامرازانە کە مارتین لوتێر وەك ئانتی سوونەت لە پێناو ڕیفۆرم‌و چاکسازی ئاییندا کەڵکی لێ وەرگرت‌و خوازیاری نەمانی دەسەڵاتی فەرمی کلیسا بوو. هێندێك لەو بڕوایەدان کە سیکۆلاریزم لە داوێنی شۆڕشی ڕیفۆرمدا پەروەردە بوو، کە ناودارترین لایەنگرانی ئەم تێڕامانە دەتوانین: "هانس بلومن برگ"و "هایدگێر" ناوبەرین. لە بەرانبەر ئەو تێڕامانە مێژووییە بۆ سیکۆلاریزم، هێندێکی دیکە لەو باوەڕەدان کە بزاڤی ڕۆشنگەری‌و شۆڕشی ڕیفۆرماسیۆن، وەك دابڕانێکی قووڵی هەزارساڵەی کلیساو فئوداڵەکان لە دەسەڵات، بوو بە هەوێنی ئەم ڕەوتە. هێگێل لە کتێبی"فەلسەفەی مێژوو،مێژووی فەلسەفە" پێ لەسەر ئەم تێڕامانە دەگرێ، هەروەها کارل مارکسیش لە مەسەلەی"یەهوودا" لە سەر ئەم باوەڕەیە. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە نە مەسێحییەت نە هیچ ئایینێکیتر ناتوانی سیکۆلار بێ، پرۆسەی دنیاییکردن دەبێ لە هەموو ئایینێکدا ڕەنگ بداتەوە.پرۆسەیەك کە بە بۆچوونی ئەو لە ئایینیی مەسێحیەتدا بە تاڵان کردنی دارایی‌و موڵکی کلیسا لە لایەن دەوڵەتی پرۆسەوە دەستی پێکرد. دەتوانین بڵێین جیا لە چەکێك بۆ ڕیفۆرمی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ئایین، ئانتی سوننەتێك بوو بۆ جیاکردنەوەی چاخی مودێرن لەگەڵ سەدەکانی ناوەڕاست و کۆن(باستان). ماکس ڤێبریش بە شێوەیەك لە مەڕ بزوتنەوەی ڕیفۆرمیستیی ڕێنسانس پێدادەگرێ کە لە کتێبی "مۆراڵی پرۆتستانیزم، مۆراڵی سەرمایەداری" بە ئاماژە کردن بە ٩٥ تێزی ڕیفۆرمی ئایینی مارتین لوتێر کە دەڵێ: "دۆعا بکەو کاربکە"واتە پاڕانەوەو کارکردن لە یەك ئاستی ژیانی کۆمەڵگا دادەنێ، کە ئەم بیرە لە سەدەکانی ناوەڕاست شتێکی تەواو نادیارو نامۆیە. لە ڕاستیدا کاکڵەی سیکۆلاریزم، هێڵبەندیەکە لە نێوان پیرۆزی و ناپیرۆزی، سونەت‌و مودێرنیتە لە پێناو دنیاییکردن"

**سیکۆلاریزم، ڕەهایی لە سوننەت**

ئەگەر بناوانی مودێرنیزم "خودئاگاییەکی گەورەی مرۆڤ" ناوبەرین، بەو دەرئەنجامە دەگەین کە مرۆڤ بە ئازادییەکی گەورە گەیشتوە، ئازادییەك کە کانت واتەنی: "من مرۆڤم ، هیچ شتێکی مرۆڤایەتی لە من نامۆ نیە". هەروەها کە زانست شتێکی دنیاییە، دەبێ لە سروشت‌و لە هەست‌و نیستی ئەم دنیایەش چێژ وەربگرین. کەوابوو، سوننەت و ڕەهایی لە سوننەت لە ئامبازو ڕووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ دنیای مودێرن، دەتوانین لە پانتایی ڕەهایی لە ئایین لە چوارچێوەی ستراکتۆری کۆمەڵگاو دەسەڵات ببینێتەوە. لە پاڵ ئەوەشدا، کەمڕەنگ بوونەوەی سوننەتەکان‌و هێندێك بیرو بۆچوونی کۆنەپەرستانەی دوور لە لۆژیکی ئاوەزمەند، ڕەوتی سیکۆلاریزاسیۆن سەرکەوتنێکی باش‌و گۆڕانێکی قووڵ دێنێتە کایەوە.

مرۆڤخوازی لە داوێنی ئەم ڕەوتەدا گەشەی کردو پانتاییەکی بەرینی لە ئاوەزخوازی لە مێژووی مودێرنیتە داگیرکرد. بۆیە گەڵێك جارلە دژایەتیکردن لە گەڵ خورافات‌و کۆنەپەرەستیی‌وەك: سێحرو جادوو، جن‌و پەری،لە خەیاڵ دا ژیان،...تاد، "گالیلە"یەك بە تاوانی تیۆری گەڕانی زەویی بەدەوری خۆیدا ئەشکەنجە دەدرێ‌و تا دەگاتە سیاسەتی ئەنگیزاسیۆن‌و بڕشتی تێغی گیوتین.

**سیکۆلاریزم، جیایی هەر چەشنە ئایین‌و ئیدئۆلۆژییەك لە سەر تەختی دەسەڵات**

ئەگەرچی سیکۆلاریزم، مانا فەلسەفییەکەی خۆی پاراستووە، بەڵام لە ڕەوڕەوەی مێژوودا،لە چەمکەوە بۆ کاناڵیزەبوونی لە سەر کۆمەڵگا گوێزرایەوە،واتە لە چەمکەوە بۆ پرۆسەیەك بۆ هەرچی دنیایی کردن و بایەخدان بە ژیاری دنیا دەگوێزرێتەوە. سەرەتا لە ڕیفۆرم‌و هێمنایەتی خۆی دەنوێنێ‌و دواتر لە شۆڕشی فەڕانسە ١٧٨٩ دەکەوێتە ململانێ‌و پراکتیکەوە،و شانبەشانی دێموکراتیزاسیۆن و بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەڕوا. هەروەها ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن قەرزداری سیکۆلاریزاسیۆن‌و سیکۆلاربوونەو دەتوانم بڵێم یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی دێموکراتیکە. جیاکردنەوەی دامەزراوەکانی ئایین لە دامەزراوەکانی دەوڵەت ئەمرێکی پێویستە، بۆیە پێداگرتن لە سەر سیکۆلاریزم لێرەدا لەم خاڵەدا دەردەکەوێ کە مرۆڤەکان بە حوکمی ئینسان بوونیان و نەك لایەنگریان لە هیچ ئیدئۆلۆژیەك دەبنە خاوەنی مافی مەدەنی‌و ئینسانی خۆیان. کەواتە ئیدئۆلۆژی یان هەر ئایینێکیتر لە سەر دەسەڵات دەبێتە ناوەندێکی هەژموونی موراڵ‌و کەلتووری داسەپاوی خۆی. کەوابوو نەتەنیا جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت باشە، بەڵکوو ئاوەزمەندو شیاوی کۆمەڵگایی مەدەنیشە. بۆیە هیچ ئایینێك لە بنەڕەتدا سیکۆلار نیەو لە ئاکامدا هێشتنەوەی ئایین لە پێگەی ئاسمانی و ئیدەئاڵی خۆیدا و جیاکردنەوەی لە واقیعەکان‌و ژیانی دنیایی تەنیا ڕێگە چوونە ناو کۆمەڵگەی مودێرنە.

**سیکۆلاریزم، ناوەقەی تۆلێرانسی ئایین‌و فرە ئایینی**

هێندێك جار ڕووبەڕووی پرسیارگەلێکەوە دەبینەوە، کە گوایە سیکۆلاریزم، کە ئەتیئیسم(دژەخودایی)یەو پرۆسەیەکە لە مەڕ مەرگ‌و نەمانی ئایین. ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی ئایینەکان بدەینەوە لە هەر چوار قوژبنی دنیادا دەبینین کە، هەژموونیی دەسەڵاتی ئایین لە مێژوودا پێگەی شەڕو پێکدادان‌و هەڵگیرسانی شاڵاوەخوێناویەکانی مێژوو بووە. شەڕی چەندین سەد ساڵەی خاچەکان‌و ئیسلام، شەڕی ڕۆم‌و قوستەنتەنییە،وهەزاران لە هەزار شەڕی ئایینی، تا دەگاتە ئەمڕۆکەی بناژۆخوازی ئیسلامی‌و شەڕی ئیدئۆلۆژی کە دوو شەڕی گەورەی ماڵوێرانکەری یەکەم‌و دووهەمی جیهانی لێ کەوتەوە یان ئەوەی ئەمڕۆ کە دوورو نزیك لە گەڵ ڕووداوە تیرۆریستییەکان و تیرۆریزم بەرەوڕو دەبێتەوە کە لە ژێر سێبەری ئیدئۆلۆژیەکی توندڕەو پەرە دەستێنێ‌و سنوورە نەتەوەیییەکان دەسڕێتەوە.گەڕانەوەی ئایین بۆ بناژۆخوازی‌و تێکەڵ بوونی بە ژیانی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی، دەگەڵ سەردەم‌و دیاردەکان‌و پرسیارەکانی نامۆیەو بۆیە دەکەوێتە ململانێیەکی توندوتیژەوە، کە ئاکامەکەی تیرۆرو تۆقاندنە. بۆیە تەنیا ڕێگەچارەی دەربازبوون لە قەیرانی شەڕی ئیدئۆلۆژی‌و نەمانی پیرۆزی لە بنەماکانی ژیان لە کەلتووری هەر ئایین یان ئیدئۆلۆژییەکی پاوانخوازدا، سیکۆلاریزمە کە دەرگایەکی ئاوەڵا بۆ مانەوەی ئایین لە چوارچێوەی پیرۆزی خۆیدا، هەروەها دەروازەیەك لە دیالۆگی ئایین‌و فرە ئایین بوونە لە چوارچێوەی هزرێکی میانەڕەوانەو تولێرانسی بۆ پەیڤینی ژێربێژانە لەمەڕ واقیعەکانی دنیا. وەك

بۆ لاپەڕی ٥

# "ئێران سەرچاوەو شوێنی تێپەڕبوونی ژنان و کچان، بۆ کەڵك وەرگرتنی جینسی"

و. شنۆ مێهرپەروەر



وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا شەشەمین راپۆرتی ساڵانەی خۆی سەبارەت بە قاچاخی مرۆڤ و کەڵك وەرگرتنی جینسی لە منداڵان و ژنان پێشکەشی کۆنگرەی ئەمریکا کرد. بەپێی ئەم راپۆرتە لە ساڵدا هەشت سەد هەزار کەس بە شێوەی قاچاخ بۆ وڵاتانی جۆراوجۆر دەبردرێن، ناچار بە بێگاری دەکرێن، یان کەڵکی خراپی جینسی‌یان لێ وەردەگیردرێ. لەم راپۆرتەدا هاتووە کە ئێران ناوەندو شوێنی تێپەڕبوون و جێگای مەبەستی ژنان و کچانە بۆ کەڵکی خراپ وەرگرتنی جینسی کە بە شێوەی قاچاخ بە مەبەستی جینسی و خزمەتگووزاری نەخوازراو کەڵکی خراپیان لێوەردەگیردرێ. چاوەدێرانی بیانی دەڵێن: ژنان و کچانی ئێرانی بۆ پاکستان، تورکیە، وڵاتانی کنداوی فارس و ئورووپا دەبردرێن ولە لایەکی دیکەشەوە کوڕانی کەم تەمەن لە بەنگلادیش و پاکستان و ئەفغانستانەوە بە شێوەی قاچاخ بۆ ئێران دەهێندرێن یان لە ئێرانەوە بۆ وڵاتانی کەنداوی فارس دەنێردرێن. حکوومەتی ئێران تەنانەت کەمترین پێوانە پێویستەکان بۆ لەنێو بردنی قاچاخی مرۆڤ و خەبات دژی ئەو دیاردەیە لەبەرچاو ناگرێ.

دەوڵەتی ئەمریکا ساڵی رابردوو ٤٠٠ میلیۆن دۆلاری بۆ خەبات دژی قاچاخی مرۆڤ و کەڵك وەرگرتنی جینسی لە منداڵان و ژنان لە سەرانسەری جیهاندا تەرخان کردوە. لە بەشی پێوەندیدار بە قاچاخی مرۆڤ و کەڵك وەرگرتنی جەستەیی و جینسی لە منداڵان و ژنان سەبارەت بە ئێران هاتووە کە حکوومەتی ئێران قوربانیانی قاچاخی مرۆڤ سزادەدا و هێندێك جاریش بە مەرگ و ئیعدام مەحکوومیان دەکا.

دەقی تەواوی راپۆرتی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئامریکا لە پێوەندی لەگەڵ قاچاخی مرۆڤ لە ئێراندا بەمجۆرەیە:

ئێران، ئاخێزگا و هۆکار و ئامانجی زۆربەی ئەو ژن و کچانەیە کە بە مەبەستی چەوساندنەوەی رەگەزیی و کۆیلەتی نەخوازراو بە قاچاخ دەبردرێن. هەروەك چاوەدێرە بیانییەکان دەڵێن، ژنان و کچان بۆ پاکستان، تورکیە، وڵاتانی لێواری خەلیجی فارس و ئورووپا بە قاچاخ دەبدرێن بۆ کەڵك وەرگرتنی جینسی و کوڕانیش لە بەنگلادیش، پاکستان و ئەفغانستان لە رێگای ئێرانەوە بۆ وڵاتانی لیواری کەنداوی فارس بە قاچاخ دەبردرێن. ئەم کوڕانە لەئاکامدا ناچار بە سواڵکردن، کۆڵکێشی و کۆڵبەریی و شوانیکردنی وشتر دەبن. بەم شێوەیە ژنان و منداڵان لە نێوخۆی ئێران بە مەبەستی پێك هێنانی ژیانی هاوبەشی زۆرەملیی، کەڵك وەرگرتنی جینسی و کاری زۆرە ملیی بە قاچاخیان دەبەن. حکوومەتی ئێران ئامادەی وەرگرتنی تەنانەت کەمترین پێوانەکان بۆ لەنێو بردنی دیاردەی قاچاخ کە هیچ هەوڵێکی لەم راستایەدا نەداوە، نیە. ئێران لەنێو ئەو وڵاتانەی کە دیاردەی قاچاخ تێدا بەرێوە دەچێ پلەی سێهەمی هەیە. دەست وێڕا نەگەیشتنی دەوڵەتی ئەمریکا بە ئێران بۆتە هۆی ئەوەی کە زانیاری تەواو لەسەر گیروگرفتی قاچاخی مرۆڤ لە ئێران لەبەر دەست دا نەبێ و هەوڵدانی ئەو وڵاتەش بۆ کۆنترۆڵی ئەو دیاردەیە لەگەڵ کەندو کۆسپ بەرەوروو بێ.

لە درێژەی راپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە قاچاخی مرۆڤ هاتووە کە: سەرەڕای ئەوەی کە سەرچاوەکان لە سەر ئەوە پێداگریی دەکەن کە حکوومەتی ئێران کەمترین پێوانەکان بۆ پارێزگاریی لە قوربانییانی قاچاخ لە بەر چاو ناگرێ، بەڵکوو دەیانخاتە بەردەم لێپرسینەوە ولە هێندێك بواریشدا قوربانییەکان بە بروبیانووی جۆراوجۆر وەك بۆختانی بێئەخلاقی کە بۆ خۆی تاوانباری سەرەکی‌یە بە مەرگ و ئیعدام مەحکووم دەکا.

بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئێران بۆ بردنە سەری هاوکاریی لەگەڵ وڵاتانی مەبەست کە سەرچاوەی ئەو دیاردەیەن بۆ پێشگیری لە قاچاخی مرۆڤ هێندێك هەنگاوی هەڵگرتوە و پێویستیشە کە دەوڵەت بۆ پێشگیری لە سزادانی قوربانییانی قاچاخی مرۆڤ هەنگاوی بەکردەوە هەڵگرێ. ئێران دەبێ وردەکاری‌یەکانی گەلاڵەیەك بۆ هەنگاوی بەکردەوە لەم بارەیەوە و سزای قاچاخچیان و هەروەها پێشگیری لە قاچاخی مرۆڤ دیاری بکا.

لەماوەی یەکساڵی رابردوودا بە پێی راپۆرتەکان ئێران بۆ سزای قاچاخ وەك تاوانی تاکەکەسیی هێندێك هەنگاوی هەڵگرتووە. لە مانگی ئاوریلدا ژمارەیەك لە بەرپرسانی دەوڵەتی، کە لەنێویاندا ئەندامی هێزە ئیتلاعاتی وئەمنییەتی‌یەکانی وڵات و سوپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی بەرچاو دەکەوێ، بەهۆی بەشداریکردنیان لە تیجارەتی کەڵك وەرگرتنی جینسی لە منداڵان دەسبەسەر کراون.

ئەم راپۆرتە درێژە پێدەدا: سەرەڕای ئەم هەوڵە لە ناساندنی قاچاخی مرۆڤ کە ئەندامانی دەوڵەتی تێدا هاوکاربوون، ئێران هیچ بەڵگەیەك کەنیشان بدا کە بەرپرسانی دەوڵەتی بەشێوەی فەرمی بەتاوانی قاچاخ تاوانبار ناسرابن، یا، لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرابێ و یان مەحکووم بووبن، نەداوەتە دەست.

هەر ئەو منداڵانەی کە بوونەتە قوربانیی، هێندێك جار لەنێویاندا مێرمنداڵانی ١٣ ساڵانیشیان دەبیندرێ کە بەتاوانی بێ ئەخلاقی دەستگیر دەکرێن.

دەوڵەت دەبێ بەردەوام بێ لەسەر گرتن و ناساندنی قاچاخچیان و لەهەمان کاتیشدا بەدواداچوونی یاسایی بکرێن و سزای توندیان بۆ دیاری بکرێ. ئێران دەبێ بە بەرپرسە دەوڵەتی‌یەکانی رێگاکانی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی تاوان نیشان بدا. لە ماوەی ئەمساڵدا دەوڵەتی ئێران بارووдۆخی پارێزگاریی لە قوربانییانی بەرەو باشی نەبردووە. هەرچەند ئۆرگانە دەوڵەتی‌یەکان بۆ هێندێك لە قوربانییان کاری بێهداشتی، راوێژکاریی و یاسایی پێك هێناوە. راپۆرتەکان ئەوە نیشان دەدەن کە نوێنەران بۆ خۆیان بە هۆی پێشێلکردنی پێوانە ئەخلاقی‌یەکان دەستگیر کراون لەوانە "زنا" کە وەك پێوەندی جینسی جیا لە ژیانی هاوبەشیان ناسێندراوە. دیارە ژمارەی ئەوقوربانییانەی کە بە هۆی دیاردەی قاچاخەوە دەکەونە بەر ئازار و ئەزییەت یان ژمارەی ئەو منداڵانەی کە لە رێگای چەوسانەوەی جینسی‌یەوە تووشی تاوانی بێئەخلاقی و... بوون و ئیعدام کراون، لە بەردەست دا نیە.

بۆ نموونە کچێکی ١٦ ساڵان کە بۆ خۆی بۆتە قوربانیی قاچاخی جینسی، لەلایەن بەرپرسانی مەزهەبی‌یەوە بە تاوانی کردەوەی بێئەخلاقی‌یەوە لە بەر چاوی خەڵکی‌دا لە سێدارە دراوە. فەرماندار (قائم مقامی) شار دواتر بە هۆی ئەم کردەوەیەی ئەو بەرپرسە مەزهەبی‌یەوە پیرۆزبایی لەو جەنابە کرد.

لە ماوەی ساڵێك کە رابورد، ئێران تا رادەیەك پێشکەوتنی باشی لە پێوەندی لەگەڵ قاچاخی مرۆڤ دا هەڵهێناوەتەوە. بەپێی راپۆرتەکان، دەوڵەت چاوەدێری سەرسنوورەکانی زیاد کردوە بەتایبەتی لە سەر سنووری ئەفغانستان، بەڵام وردەکاری‌یەکانی بڵاو نەکردۆتەوە. ئێران دەبێ هەوڵەکانی خۆی بۆ پێشگیری لە قاچاخی مرۆڤ، چاوەدێری لەسەر سنوورەکان بەتایبەت پاکستان و وڵاتانی دیکەی دراوسێی کە ژنان و کچانی ئێرانی بۆ ئەوەی بە قاچاخ دەبردرێن، باشتر بکا. دەوڵەت هەروەها دەبێ بۆ روونکردنەوەی تاکەکان لە ئاستی گشتی‌دا هەنگاو هەڵگرێ و ژنان و منداڵان لە ناوچە لادێیەکانی وڵات لە مەترسی‌یەکانی قاچاخ ئاگادار کاتەوە.

راپۆرتی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئامریکا
www.radiofarda.com

---

# لە قامووسی فیمینیزمدا

(١٤)

وەرگێڕانی: ب.هانا

## پیاوتەوەری
## Androcentrism

[بریتی‌یە لە] تەوەربوونی پیاو کە گیانی بایەخدان بە کەلتووری باڵادەستی پێکهاتوو لە سەر پێوانە پیاوانەکان دەخولقێنێ. شارلوت پرکینزگیلمەن، لە سەرەتادا ئەم زاراوەیەی بەم هۆیە بەکار هێنا کە سەرنجەکان بۆ لای پێشداوەریی پیاوانە رابکێشێ (Gilman, 1911). هەر پێناسەیەك کە هێندێك لایەنی ژیانی ژنان بە لادان لە پێوانە بزانێ، پیاوتەوەرە. پیاوتەوەری کاریگەریی لەسەر تیۆری‌یەکان هەیە، نەك لەبەر ئەوەی زانستگەکانو دامەزراوە توێژینەوەیی‌یەکان بە زۆری لە ژێر دەسەڵاتی پیاوان دان، بەڵکوو بە هۆی فۆرمێکی ئاڵۆزتر کە هەڵبژاردنی بیاڤەکانی توێژینەوە، سیاسەتەکانی پێوەندیدار بە توێژینەوە، چەمکە تیۆری‌یەکانو جۆرەکانی لێکۆڵینەوە دەگرێتەوە. بۆ نموونە، مرۆڤناسانی فیمینیست ئاماژە بە پارادیومی پیاوتەوەری "پیاوی راوچی" دەکەن کە لە لایەن لایەنگرانی تیۆریی نوێی پەرەئەستاندن بۆ برەوپێدانی ئەم بیرە بەکار هێنراوە کە بە گشتی، گەشەکردنی مرۆڤ لەو کاتەوە دەستی پێ‌کرد کە پیاوان بوون بە راوچی.

بە بڕوای "رێناتە دوویلی کلین"، فیمینیزم تەنیا ئەو کاتە پیاوتەوەریی بەچۆك دا دێنێ کە "پیاو چی دیکە پێوانەو تاقە محەکی بنیادەمەکان نەبێ" (Duelli Klein,p.89).

لێکۆڵینەوە سەربەخۆیەکانی ژنان بە گۆڕینی ناوەندی سەرنجەکانی خۆیان لە تەوەرایەتیی پیاوەوە بۆ چوارچێوەیەکی محەکی ـ کە لەوێدا، هزرەکان، ئەزموونەکان بارودۆخو قازانجە جیاوازو جۆراوجۆرەکانی ژنان بە نۆرەی خۆیان بایەخیان پێ‌بدرێ ـ دەتوانن شوناسی زانست لە بناغەوە بگۆڕن (Bowles,1983).

هەروا کە ئێلیزابێت مینیچ دەڵێ: "ئەم کارەی ئێمە فیمینیستەکان دەیکەین لەگەڵ کاری کۆپێرنێك کە ناوەندێتیی زەویی نەهێشت، یا لەگەڵ کاری داروین کە تەوەربوونی چەشنی ئێمەی لەنێو برد، شیاوی بەراورد کردنە. ئێمە تەوەرایەتیی پیاو لە نێودەبەین‌و ئەم گۆڕانە، شتێکی بنەڕەتی‌یە" (Minnich,1982,P.7).

باربارا دوبۆیس ناوی "توێژینەوەی پڕ تین‌و گوڕ"ی لەسەر هێرش بۆ سەر تەوەرێتیی پیاو لە روانگەی فیمینیستی‌یەوە دانا (DuBois,1983).

دەیلی سپێندێر لە پێشەکی‌یەکدا کە بۆ "زمانی پیاو کرد"ی نووسیبوو ئەم باسەی هێناوەتەگۆڕێ ئەو بڕوایە کە پیاو رەگەزی بانترە، چلۆن کاریگەریی لەسەر رێکخستنی دامەزراوە کۆمەڵایەتی‌یەکان هەیە، کاریگەری‌یەکی ئەوتۆی هەیە کە لە سیستمێکی پیاوتەوەردا، کە بە شێوەیەکی ئۆتوماتیك، بە تەرخانکردنی سەرچاوەی زیاتر، رەگەزی بانتر خەڵات دەکا، دەبێتە هۆی درێژەکێشانو بەردەوامیی خۆی.

"هێلێن سیکسۆ"ش کاتێك بەڵگە بۆ ئەمە دێنێتەوە کە هزری رۆژئاوایی لە دەوری دوالیزمی "پیاو/ ژن" دەخولێتەوە بەڵام پێوەندی‌یەکی یەکسانی تێدا نیە، راست ئاماژە بەم خاڵە دەکا. باڵادەستیی نیوە (لایەنە) نێرەکە لەم هاوکێشەیەدا بەستراوەتەوە بە بندەستیی نیوە (لایەنە) مێ‌یەکە، کە بەم پێ‌یە دوورکەوتنەوەیە لە پارادیۆمی بەها.

## ژن تەوەری Gynocentric

هاوبەشی لە جۆرە دیاریکراوەکانی بیروبڕوای ژن تەوەرانەو رێکخراوە کۆمەڵایەتی‌یە ژن تەوەرەکاندا. چالاکی‌یە ژنتەوەرەکان، کۆمەڵێك لەو توانایی‌یانەی ژنان دەگرێتەوە کە دەتوانرا بدۆزرێتەوەو گەشەیان پێ‌بدرێ؛ بۆ نموونە، هێزی ئێروتیزمی ژنان. ژنتەوەری لە تیۆریی فیمینیستی‌دا بە شێوەی جیاواز بەکار دەهێنرێ‌و، لە ئوستورەناسی‌و مرۆڤناسیی فیمینیستی‌دا، چەمکێکی گرنگە. بۆ وێنە لە نووسینەکانی ئادرین ریچ‌و، لە رەخنەی ئەدەبیی ئێلین شووالتێرو، لە فەلسەفەی سۆزان گریفین‌و ماری دەیلی‌دا.

سەرچاوە:
کتێبی "فرهنگ نظریه‌های فمینیستی"
دانانی: مەگی هام‌و سارا گەمبل
وەرگێڕان بۆ فارسی: فیروزە مهاجر، نوشین احمدی خراسانی‌و فرخ قرەداغی لاپەڕەکانی ١٩٧، ٣٤و ٣٣



**بۆ هاوکاریی هێزە دێموکرات‌و پێشکەوتووەکانی ئێران تێ‌بکۆشین**

KURDISTAN
Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan
No: 440   6 July 2006

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، رۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com   http://www.pdk-iran.org   www.rdki.com
e- mail: info@kurdistanmedia.com   e- mail: pdkiran@club-internet.fr   e- mail: rdk_iran@yahoocom

# چیاکانی کوردستان

## رەیحانە گەورە rehan-a-gavra

دوندی جوان و بەرزی رەیحان بە هەموو تایبەتمەندییەکانیەوە، لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاوایی سەڵواتاوا، لە ١٥ کیلۆمیتریی باشووری رۆژهەڵاتی شاری سنە هەڵکەوتوە. بەرزایی رەیحان ٢٧٥٠ میترە. لە دەوورووبەری ئەم کێوە، ئاواییەکانی سەڵواتاوا (باکووری رۆژئاوا)، هانیس (رۆژئاوا)، گەزگەزارە (رۆژهەڵات)و... هەن. هەر وەها ترۆپکە بەرزەکانی بەفرەچاڵ (٢٦٥٠ میتر لە باکوور)، خاتوون (٢٦٦٢ میتر لە باکوور) گۆژە (٢٥٥٠ میتر لە باکوور)و هانیس (٢٧٠٠٠ میتر لە رۆژئاوا) لە دەوروبەری رەیحان بەدی دەکرێن.

هێندێك لەو کانیاوە بەناوبانگانەی لە هەناوی رەیحانەوە هەڵدەقوڵێن و بە داوێنەکانی ئەم چیایەدا شۆڕ دەبنەوە بریتین لە: "کانی تاڵە، کانی رەش، ماین تۆپێن". ئاوەڕۆی کێوی رەیحان دەچێتە دۆڵی سەڵواتاوا، سەدی قشلاق و سەرەنجام سیروانی گەورە.

دۆڵ و بناری جۆراوجۆر لە دەوروبەری ئەم چیایە هەڵکەوتوون کە هێندێکیان بریتین لە: دۆڵی سەڵواتاوا، دەشتی سەردەخانی، داوێنی ماین تۆپێن و....

رووبەری گیایی رەیحان بە سەرنجدان بە هەڵکەوتە تایبەتییەکەی، دەوڵەمەند و جۆراوجۆرە. بلچ، بادامی کێوی، چنار، گوێز، قەیسی و... لەو دارانەن کە وێڕای رووەکی وەك لۆ، کەما، بەنا، کەنگر، پونگە، مەرزە، گیا چەترییەکان و کارگی خواردن و کارگی ژاراوی، رووبەری گیایی ئەم چیایە پێك دێنن.

گورگ، رێوی، کەمتیار، مار، دووپشك، هەڵۆ، حەوترەنگ (هفت رنگ)، ژووشك، پەپوو، کوند، قەلەرەشە، کەوو هتد لە گیانلەبەرانی ئەم چیایەن.

رەیحان زۆر دیمەنی جوان و تایبەتیی هەن کە دەتوانین لەنێو ئەوان دا ئاماژە بە دیمەنەکانی شاری سنە (بە تایبەتی شەوان)، دەشتی لەیلاخ، دەشتی ساردەخانی (کە زۆر جوان و



کەم وێنەیە)، گوندی سەڵواتاوا و دیمەنی چیاکانی سوڵتان و ئاواڵان لە ناوچەی کامیاران ـ سنە بکەین. باشترین رێ بۆ سەرکەوتن لە چیای رەیحان بریتین لە: ١ـ ئاوایی هانیس، دۆڵی هانیس و پاشان دوندی رەیحان (٣ کاتژمێر) ٢ـ ئاوایی سەڵواتاوا ـ دۆڵی سەڵواتاوا ـ دەشتی ساردەخانی و دوند [ی رەیحان] (٤ کاتژمێر).

رەیحان هیچ پەناگەیەکی زستانیی نیەو، چوون و هاتنەوەش بۆ سەر ترۆپکی ئەم چیایە ٧ ساعەت دەخایەنێ (٤ ساعەت بۆ سەرکەوتن، ٣ ساعەت بۆ گەڕانەوە). ئەو مەترسییانەی ئەگەری روودانیان لەم چیایە هەیە بریتین لە: کڕێوە و رنووی زستانان.

سەرچاوە: کتێبی: "جلوەهای طبیعی کردستان، دفتر اول: کوهها"
ئامادەکردنی : ئەکبەر وەلەدبەیگی

# رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێرەیی بە جامی جیهانیی فووتباڵ دەبا!




ئێمە بەرپرسانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئێرەیی بە جامی جیهانیی فووتباڵ دەبەین. فووتباڵ وەك ترۆپکێکی بەرز و راستەقینەی یاریی جیهانی، وەرزشێکە کە لە هەر گۆشەیەکی دنیادا، لە لایەن هەر رەگەزێك و ئایینێکەوە، ئەنجام دەدرێ. بەم بۆنەیەوە بووە بە یەکێك لە چەند دیاردە گشتییەکانی جیهان، هەروەك رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە دیاردەیەکی گشتییە لە جیهاندا. گەرچی دەتوانین بڵێین تەنانەت لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش گشتگیرتر و جیهانیترە. فیفا، رێکخراوی بەڕێوە بردنی فووتباڵی جیهان، ٢٠٧ ئەندامی هەیە. کەچی ئێمە لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا تەنیا ١٩١ ئەندامان هەن.

بەڵام ئێمە هۆی باشترمان بۆ ئێرەیی بردن بەوان هەیە:

ئەم مۆندیالە، رووداوێکە کە هەر کەسێك لە جیهان دا دەزانێ جێگای تیمەکەی لە کوێیەو، چلۆن گەیوەتە ئەو قۆناغە! ئەوان دەزانن چ کەسێك ئیمتیازی وەدەست هێناوە و لە کام دەقیقەی یاریدا ئەم ئیمتیازەی وەرگرتوە. ئەم خەڵکەش دەزانن چ کەسێك حیسێبی پێناڵتییەکانی راگرتوە. ئارەزووم دەکرد ئێمەش لە بنەماڵەی خۆمان دا، ئەم جۆرە پێشبڕکێیانەمان هەبا. ئەو وڵاتانەمان هەبان کە بۆ وەدەستهێنانی باشترین جێگا لە جەدوەلی بەڕێوەبردنی مافی مرۆڤ دا لەگەڵ یەکتر رەقەبەرایەتییان کردبا و، گرێوی "باشترین نێونجی تەمەن بۆ منداڵان، گرێوی باشترین تەمەن لە بواری" خوێندنی قۆناغی ناوەندی"یان لێکتر بردباوە. [ئارەزووم دەکرد] وڵاتانی [ئەندامی ] ئێمەش بە چەشنی تیمەکانی فووتباڵ، کارنامەی خۆیان خستبایە بەرچاوی بیروڕای جیهانیی و، حکوومەتانێکی بەرپرس وەڵامدەر بان.

بە مێلیۆن کەس لە خەڵکی سەرگۆی زەوی لە بارەی جامی جیهانیی فووتباڵەوە ئاڵوگۆڕی بیروڕا دەکەن... لە ماوەی ئەم یارییانەدا، مێر منداڵانی مات و بێدەنگ لەپڕ دەبن بە وتاربێژان و راڤە کەرانی بەوەج. ئارەزووم دەکرد ئەم جۆرە وتووێژ و گفتوگۆیانەمان بە شێوەیەکی بەرینتر لە ئاستی جیهان دا هەبا. دانیشتووانی سەر تۆپی زەوی بێپسانەوە و بێماندووبوون لە بارەی هێندێك کێشە بۆ وێنە چۆنیەتیی بەشداریی وڵاتەکەیان لە پەرەپێدانی خزمەتە مرۆییەکان، یا کەمکردنەوەی گازی ئۆکسیدی دۆکەربۆن یا پێشگیری لە تەشەنا کردنی ڤایروسی ئەیدزدا، دوابان.

پێشبڕکێیەکان بواری جۆراوجۆر دەگرنەوە. بەڵام دوو بابەتی بنەرەتی لەم نێوەدا جێگای سەرنجن: ئیستیعداد و کاری گرووپیی یەکسان کە ئارەزووم دەکرد ئێمەش لە ئاستی جیهانیدا پتر یەکسانیخوازمان هەبان. گۆڕینەوە دانوستان و پێوەندیی ئازاد و مونسیفانە بە بێ دیوار و لەمپەر. [ئارەزووم دەکرد] هەر وڵاتێك ئەم شانسە راستەقینەی هەبا بەو توانایەوە کە هەیەتی، پێ بنێتە مەیدانی یاریکردن لە ئاستی جیهانی دا.

یاری لە جامی جیهانی دا، بۆ ئەو وڵاتانەی بۆ یەکەمجار هەلومەرجی هاتن بۆ نێو ئەم پێشبڕکێیانەیان بۆ پێك هاتوە، غوروورێکی نەتەوەیی مەزن پێك دێنێ،وەك زێدو نیشتمانی سەرەکیی من: غەنا، ئەمە مایەی شانازییە. بۆ ئەوانەی کە پاش ساڵانێکی دوورو درێژ شەڕو بەدبەختی و نەهامەتی، لەم پێشبڕکێیانەدا ئامادە دەبن، وەك ئەنگولا، ئەم ئامادە بوونە، هەستی بنیاتنانەوەی نەتەوەیی بەدواوەیە. بەڵام بۆ ئەوانە کە هەر ئێستا وڵاتەکەیان لەگەڵ شەڕو پێکهەڵپرژان بەرەوڕوویە بەشداریی تیمەکەیان لە مۆندیالدا، سەمبۆلی یەکیەتی و یەکڕیزیی نەتەوەکەیانە وەك لێواری عاج، ئەم ئامادە بوونە سەرچاوەی ئیلهام و هومێدێکە کە دەتوانێ سەر لە تۆی ببێتەوە هۆی ژیانەوەی نەتەوەیی.

**ئەمەی خوێندتانەوە هەڵبژاردەیەك بوو لە وتاری کوفی عەننان، سکرتێری گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێوەندی لەگەڵ مۆندیالی ٢٠٠٦ی ئاڵمان دا. بێگومان ئێوەش وەك من لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم دوا دێڕانەدا، هەستتان بە بۆشایی یەك کردوە. ئێوەش خۆزگەتان خواستوە کوفی عەننان و رێکخراوی ژێر سەرپەرستیی ئەو باسی هەست و ئارەزوو و خۆزگەی ئەو نەتەوانەشیان کردبا کە خۆیان و وڵاتەکەیان لەت لەت و کوت کوت کراون و سەرەڕای هەبوونی چەندین میلیۆن حەشیمەت و رووبەرێکی گەورەتر لە خاکی دەیان وڵاتی بەڕەسمی ناسراوی ئەم جیهانە، لە سەربەخۆیی و ئامادەبوونی نوێنەرانیان لەم جۆرە نمایشە نێونەتەوەیییانە بێبەشن. بەڵێ لەم جۆرەکاتانەدا ئەوانیش هەقیانە ئێرەیی بەو وڵات و نەتەوانە بەرن کە دەتوانن لەم جۆرە شوێنانە ئامادە بن!**

ب. هیوا

## مرواریی دەریای وشە

خاوەن هیممەت لە چۆڵەپێچەی ژیاندا هیچکات لەگەڵ داماوی و دەستە وەستانی بەرەو روو نابێ.
**(ناپلیۆن بوناپارت)**

تەوەزەلی، دوو منداڵی هەن. کوڕەکەی ناوی "دزی"یەو، کچەکەشی "برسێتی"ی ناوە. **(ڤیکتۆر هۆگۆ)**

هیچ شتێك لە بێکاری خراپتر نیە. چونکە مرۆڤ (کاتی بێکاری دا، مێشکی خۆی دەخواو، ئەمە خراپترین پەتاو نەخۆشیی مرۆییە. **(چارلێز لمب)**

لە هەر کارو کامەرانیەکدا، مەرجی بنەرەتی،هەبوونی ئیرادەیەکی بەهێزە...بە[هەبوونی توانای]خۆراگرتنێکی گەورە، مەرجەکانی دیکە، گرنگییەکی ئەوتۆیان نامێنێ. چونکە مرۆڤ، بەرهەم و خولقاوی بیرەکانی خۆیەتی، مرۆڤ[لە داهاتوودا ]دەبێت بەو شتە کە ئەمرۆ بیری لێ دەکاتەوە. **(موریس مترلینگ)**

سەرچاوە: کتێبی "نوشتەهای گهربار و ضرب المثلهای ملل جهان"، دانەری اسماعیل شایگان




## فیدراڵیزم

فیدراڵیزم، شکڵێکە لە جێبەجێکردنی نێوەرۆکی مافی دیاریکردنی چارەنووس. ئەم شکڵە لە زۆر وڵاتاندا کە چەند میللییەتین یان فرەگەلین و چەند میللییەتیان تێدا هەیە، دیاری کردنی مافی چارەنووس لەوێ بە شێوەی فیدراڵیزم چارەسەر کردوە. [لەم شکڵەدا] مافی دانانی چارەنووس بەو شێوەیە دەبێ کە میلللەتەکە جیانابێتەوە و لە نێو یەك دەوڵەتدا، لە یەك وڵاتدا دەمێنێتەوە، بەڵام جمهووریی خۆی هەیەو ئەو جمهوورییانە پێکەوە جمهوورییەکی فیدراتیو پێك دێنن. پێمان وایە شێوەی عەمەلی بۆ حەلکردنی مەسەلەی میللی لە ئێراندا شێوەی فیدراڵیزمە، چوونکە [بێجگە لە کورد] چەند میللەتی دیکەش [لە ئێران دا] هەن. ئێمە موافیقی فیدراڵیزمین، هەموو وەختێك موافقین.

جارێك کە کونفرانسی گەلانی ئێران پێك هات، دووسێ مانگ پاش شۆڕش لە سەرەتای بەهاری ١٣٥٨ لە تاران، ئێمە لەوێ فیدراڵیزمان پێشنیار کرد و موافیقی بووین... هەر ئەو وەختەش نەزەرمان ئەوە بوو کە فیدراڵیزم لە ئێراندا دەبێ هەبێ. یانی ئێران دەبێ ببێتە جمهوورییەکی فیدراڵی.

**نەمر دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو**
**(باسێك لە بارەی دروشمی بنەرەتیی حیزبی دێموکرات، بهاری ١٣٦٤)**

بەر لەماڵاوایی

# فارسە بێدەنگ و بەرێزەکان، شەرمەندە لە بەرامبەر مێژوودا!

ع. وریا

رەزا بەراهەنی، شاعیر، نووسەرو رەخنەگری بەناوبانگی ئێرانی کە بۆخۆی تورکە، لەم دواییانەدا وتارێکی لەبارەی ستەمی نەتەوایەتی لە ئێران و، پێویستیی هەبوونی یەکسانیی لەنێوان نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران دا بڵاو کردۆتەوە. وەرگێڕداوی هەڵبژاردەیەك لەم وتارە کە لە سایتی "شهروند"دا بڵاو بۆتەوە، بە ئاگاداریی خوێنەرانی ئەم ستوونە دەگەیەنم:

ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە ئەم حەقیقەتە مێژووییەیە بۆ ئەو خەڵکانەی لە ئێران دا دەژین وەك رۆژ روون بۆتەوە کە رێپێوانی مێژوویی و بنەڕەتیی خەڵکی ئێران بەرەو دێموکراسی بە شارێگەی هەوڵدان لەپێناوی وەدەستهێنانی مافی یەکسان بۆ هەموو میللییەت و قەومە جۆراوجۆرەکانی ئێران دا، تێدەپەڕێ. لەجیهانی ئەمڕۆدا، دەوڵەمەندیی کەلتووری، جیاوازیی فەرهەنگی و قەومی و هەبوونی خاوەنانی ئەم دەوڵەمەندی و کەلتوورانە لەچوارچێوەی وڵاتێك داو، دووری کردن لە یەکدەست کردن و هاوشێوە کردنی زۆرەملێی ئەوان، نیشانە سەرەکییەکانی دێموکراسین. وڵاتی ئێمە بەخۆشییەوە لە رۆژگاری ئەمڕۆی یەکجار جیاواز لە جیهانی رابردوو، خاوەنی نیعمەتی گەورەی جۆراوجۆرییە. لەمەش زیاتر، لە بڕگەی دروستبوونی ساتەکانی ئەم کاتەی مێژوومان دا، ئاگایی گشتی لەنێو میللییەتەکان و قەومە زۆرلێکراوەکانی سەرانسەری ئێران دا، بەشێوەیەکی ئەوەندە سەرسوڕهێنەر بەرەوژوور چووە کە تێکڕا یەکدەنگ هاوار دەکەن کە ئێمە یەکسانیی مافەکانمان لەبارەی پاراستن و پەرەپێدانی شوناسی خۆمان و بەڕێوەبردنی ناوچەکانی خۆمانمان لە چوارچێوەی وڵاتی خۆمان و سنوورەکانی خۆمان دا دەوێ. ئێمە ناتوانین باڵادەستی و زاڵبوون و پەرەگرتنی زمانێك بە نرخی دواکەوتنی زمانەکان، کەلتوورەکان و هونەرەکانی خۆمان، قەبووڵ بکەین. تاقە رێگایەك ماوەتەوە: یەکسانیی هەموو میللییەتە زۆرلێکراوەکانی ئێران لەگەڵ کەسانێك کە فارسزمانن. بەبڕوای ئێمە، ئەم یەکسانییە بە قازانجی زمان و ئەدەبیات و فەرهەنگی فارسییشە. بەبڕوای ئێمە یەکسانیی تورکەکان، کوردەکان، تورکمەنەکان، بەلووچەکان و عەرەبەکان لەگەڵ فارسیزمانەکان، کە ئەمڕۆ بەشێوەی جۆراوجۆر لە ئێران دا، هاتۆتە گۆڕێ، بۆ یەکیەتیی خاکی وڵات، پێویستییەکی حەیاتییە. ئەگەر دێموکراسی، ئازادی، یەکسانیی کەلتووری و مافەکان بەم میللەتانە ڕەوا نەبینرێ، لەعنەت و نەفرینی دابەشبوونی ئێران و لەنێوچوونی تەواوەتیی ئەرزیی ئەو لاتە، بۆ ئەو کەسانە دەبێ کە ئەم یەکسانی و مافانە بە خەڵکی ئێران رەوا نابینن. ئەم نەفرینە هەتا کۆتایی مێژوو دەستبەرداریان نابێ.

... ئێمە بۆ لە نوێخوزای دەترسێین؟ ئێران بە هاسانی، بە بێخوێنڕێژی و زەحمەت و بە بێ دانی هەزینەی مێژوویی قورس دەتوانێ سیستەمی فیدراڵی هەڵبژێرێ. لە ئێرانی ئەمڕۆدا، بێجگە لە فارسەکان، ئەوانەی زمانێکی دیکەیان هەیە، لەچوارچێوەی زمانە ئێرانییەکان دا، بە کردەوە بە دوو زمان دەدوێن. لەسەریەك، تورکەکان هەم بە تورکی دەدوێن، هەم بە فارسی. کوردەکانیش هەم بە کوردی دەدوێن هەم بە فارسی، عەرەبەکانیش هەم بە عەرەبی دەدوێن هەم بە فارسی. بەلووچەکان و تورکمەنەکانیش هەم بە زمانی خۆیان دەدوێن، هەم بە فارسییش قسان دەکەن. تەنیا لە ناوچەی شوێنی ژیانیان دا بە زمانی زگماکیی خۆیان دەدوێن. بەڵام ئەوانەی زگماك، فارسیزمان لەدایك بوون، خۆیان ئەوەندە لەبەرزیدا دەبینن کە ئامادە نین یەکێك لە زمانەکانی میللییەتە نافارسەکانی ئێران فێر بن. غورووری فارسبوون، ئەوانی لە قسەکردن بە یەکێك لە زمانەکانی سەدی ٦٧ی خەڵکی ئێران، بێبەش کردوە.

... بەڵام دواکەوتن لە چارەسەری کێشەی پێوەندیی نەتەوەکانی ئێران لەگەڵ یەکترو، پێوەندییە کەلتووری و قەومییەکانیان، مانەوەی ئێران وەك وڵاتێك لەگەڵ مەترسی بەرەوروو دەکا. قانوونێك کە هەمبەر بە خەڵك و قەوارەو پێکهاتەی خەلکێك و سەرجەمی ئەوان، بەرپرسایەتی لەخۆی نیشان نەداو، پێکهاتەی نەتەوەیی، رەنگدانەوەی لەودا نەبێ و، داکۆکیی لە یەکسانیی مافەکانی تەواوی خەڵکی ئێران نەکا ـ واتە قانوونێك کە یەکسانیی بەتەواویی نەتەوەکانی ئێران بە رەسمی نەناسێ ـ بێگومان بەلای خەڵکەوە، رەسمییەتی نیە. خەڵك مل بۆ قانوونێك رادەکێشن کە لە راستییەکانی وڵاتەکەیانەوە سەرچاوەی گرتبێ...

...ئەمڕۆ فارسە بێدەنگ و بەرێزەکان دەبێ بزانن خەجاڵەتی مێژوو دەبن، هەروا کە زۆر لە رووناکبیرانی مەسیحی سەردەمی هیتلێر، کاتێك ئەو هەمووە بێرەحمی و دڵڕەقییە بەرامبەر جوولەکەکان رووی داو بێدەنگ بوون، لەشەرمان لەبەرامبەر مێژوودا بوون بە تنۆکێك ئاو. ئەمڕۆ بێدەنگی لەبارەی قەڵاچۆ لە ئەهوازو، چوونە زیندانی مرۆڤەکان سەبارەت بە داواکردنی ئازادیی زمان و کەلتوورو ناسنامە نەتەوەییەکانی خۆیان و، بێدەنگی لەبەرامبەر بەندکرانی یووسف عەزیزیی بەنیترۆف، یا بێدەنگی لەبەرامبەر ئەو کوتەك و لێدانەی ناوبەناو، خەڵك لە شەقامەکانی شارەکانی ئازەربایجان وێیان دەکەوێ و، بێدەنگی لەبەرامبەر [چارەنووسی] بەندییەکی ئازاو ئازادیخوازی وەك ئینسافعەلیی هیدایەت، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ بێدەنگیی رووناکبیرانی مەسیحیی سەردەمی هیتلێر، نیە. دووکەڵی ئەم بێدەنگییەش دەچێتە چاوی هەمووی ئێمە ئەوانەی ئەم راستییانە نابینین.

... با بەڕاشکاوی مەسەلە سەرەکییەکەتان پێبڵێم: فارسەکان دەبێ داوای مافی یەکسان بۆ نەتەوە زۆرلێکراوەکانی ئێران بکەن، واز لە جنێودان و قسەی سووك گوتن بە تورك و عەرەب و کوردو تورکمەن بێنن. ئەو وڵاتە تەنیا بەهۆی یەکسانیی مافی نەتەوەکانی دەتوانێ وەك وڵاتێك بمێنێتەوە. دیارە نەتەوە زۆرلێکراوە نافارسەکان، چاوەڕوان نامێننەوە تا بزانن فارسەکان کەنگێ وەخەبەر دێن. ژمارەیەکی زۆر لە فارسە وشیارەکانیش هاودەنگیانن. بەڵام باشە بۆ ئێوە لە دنیای خاوەن شارستانەتی و نوێدا ناژین؟ مەگەر ئێوە ئەو هەمووە کتێبە ناخوێننەوە کە لە ئێران دا لەبارەی چەندرەگی، چەنددەنگی و چەند نەتەوەیی و فرەنەتەوەیی، وەردەگێڕدرێنەوە؟ئەدی بۆچی خۆتان بە شارستانی دەزانن، ئەگەر ئامادە نین پابەندی سەرەتاییترین مەرجی شارستانەتی بن؟ بۆچی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ بەرەسمی ناناسن؟ ئێران بەندیخانەی نەتەوە زۆرلێکراوەکانە. باشە ئەرکی ئێوە وەك مرۆڤێك لەم پێوەندییەدا چییە؟ دەست لەسەر دەست دانان، تا وڵاتەکەمان لەت لەت بێ، و [سەیر کردنی] سەرکوتی عەرەب و تورك و کوردو ئەوانی دیکە، بۆ ئەوەی پان ـ ئێرانیستە ئیسلامی و نائیسلامییەکان ئۆخژنیان بێتێ، یا دەوڵەتی زۆردارو ملهوڕ ئەمڕۆ ئەمیان بگرێ، سبەینێ ئەویتر، لەجیاتی ئەوەی سەرمایەی دوو قات بخاتە بەردەستی عەرەبەکان، کوردەکان، تورکمەنەکان، تورکەکان و بەلووچەکان، بۆ ئەوەی زیانە مێژووییەکانیان قەرەبوو بکاتەوە؟ باشە، هێشتا هاندەرێکی دیکەتان دەوێ بۆ ئەوەی داواتان لێ بکەین بێن خزمەت بە وڵاتی خۆتان بکەن؟!